# ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ

بابەت: چیرۆك
ن: عەزیز نەسین
و: حەمە کەریم عارف
چاپی یەکەم: ٢٠٠٨
لە بڵاوکراوەکانی نووسەرانی کورد- لقی کەرکوك
ژمارە ٩٧

# ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ

---

برەای کە گرگ شد

از:عزیز نسین

ترجمە : تمین باغچەبان

چاپ دوم: ١٣٦١

---

وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف

٢٠٠٧/١١/٢٠

## پێڕست

*–له جیاتی پێشەکی:نەسین خواجه نەسرەدینی سەدەی بیستەم
*–دەقی وەکالەتنامەی عزیز نەسین
*–سەگانی تورنگ
*–قوتووبەن
*–دەرگای تەکسی
*–چیرۆکی ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ
*–سوارو پیادە
*–لەناوەندەوە بڕۆ
*–خەڵکێکی وەرزشکارین،و بڕایەوە
*–تەشریفاتکاری
*–حیکایەتێکی چینی
*–شەش پاسەوانی سواری چەرخ و فەلەك
*–کورسی(خانەنشین)
*–ئەو پاشایەی کە قەلەرەش هەڵیدەبژێرن

# لەجیاتی پێشەکی

## نەسین

## خواجە نەسرەدینی سەدەی بیستەم

## ن: جەلال زەنگابادی–و:حەمە کەریم عارف

نەسین، بەشی هەرە زۆری فەلسەفەی خۆی لەمەڕ ژیان و ئەدەب لە یەکێك لە قەسیدەکانیا چڕکردووەتەوە کە دەڵێت:

(ئەرکی منە کە
بەپڕی
بەقوڵی
بژیم
ئەرکی من: خۆشەویستییە
بە ئازادی
وبە بەهێزی
ئەرکی منە کە بنووسم
پەڕە دوای پەڕە
لە پێناوی گەلەکەم
ئەرکی منە کە بخەبتم
لە ڕای ناندا
لە پێناوی ئاشتیدا)

***

لە وەڵامی پرسیارێکدا: (یەکەم چیرۆکی خۆت بیر دێت؟) نەسین ڕووداوێك دەگێڕێتەوە کە لە یابان بۆی پێشهاتووە، دەڵێت:ئێوارەیەك یەکێك چیرۆکێك دەخوێنێتەوە کە بەدڵی ئامادەبووان دەبێت و نەسین_ش زۆری لا پەسند دەبێت و دەکەوێتە ستایشی نووسەرەکەی کە نایناسێت..ئامادەبووان سەرسام دەبن و وادەزانن گاڵتە دەکات..کە هۆی سەرسامییەکەیان دەپرسێت، وەڵامی دەدەنەوە کە ئەمە چیرۆکێکی ئەوە، ئیدی لەسەرسامی و لەڕوودامانا دەمی دادەچەقێنێ.

نەسین لە ڕێگەی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەوە دەیەوێ بڵێ کە زەحمەتە یەکەم چیرۆکی خۆی وەبیر بێتەوە. چونکە خودانی هەزاران چیرۆکە. جا ئەگەر ئەمە حاڵی چیرۆکنووسەکە بێ، دەبێ حاڵی وەرگێڕو توێژەرێکی وەك من چ بێت کە بەناو دارستانێکی بەرینی دووره کەشفی بەرهەمێن وی کەوتووم. بە تایبەتی کە کارەکانی نەخراونەتە بەر توێژینەوەیەکی ئەوتۆو لە خانەی بەئانقەست (فەرامۆشکراو) دان، تەنانەت لە زمانی تورکیداو، لە ئەنسکلۆپیدیای

(مێژووی ئـەدەبی تـورکی)دا نـاوی نـەهاتووە! ئەوەنـدەی بێگانـان بایـەخی دەدەنـیٚ لـەناو خـۆدا بایەخی پێنادرێت..کە ئەمە خۆی لە خۆیدا سەتیرێکەو دەچێتە سەر سەتیرە نەسینییەکان. جا بۆیە ئەم هەوڵە بچووکەی بەندە، تەنیا درزێکەو دەخرێتە کەوشەن و ئاقاری چڕە دارستانەکەی نەسین.

## کۆمیدیایەکی مرۆڤانی

ئاشکرایە کە مرۆڤ تاقە بوونەوەرێکە کە پێدەکەنیٚ و پێکەنین لە تایبەتمەندییەکانی ئەوە. ئەرستۆو هزرڤانانی دیکەش ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە پێکەنین هەمیشە پەیوەستە بەلایەنی رۆحی ژیانی مرۆڤ و هەندیٚ دیاردەی چالاکییە سایکۆلۆجییەکانی مرۆڤەوە. چیرنیشفسکی گوتەنی لە کاتێکدا کە "جێگای کۆمیدی لە نێو بێگیانان ورووەکاندا نییە" ئێمە "بەگیانلەبەران پێدەکەنین، چونکە مرۆڤ ورەفتاری مرۆڤمان بیر دەخەنەوە.."وەکو مەیموون، بەتریق، بۆق، مشك، ورچ، پشیلە، زەڕافە، سەگ وگوێدرێژ... بەلاّم سروشت برگسون گوتەنی "دەشێت دیمەنی سروشتی جوان و دڵڕفێن بێت، یان ناشیرین بێت، بەلاّم هەرگیز پێکەنین ئاوەر نابێت."ئەمە لەرووی دروستبوونەوە، بەلاّم لە رووی زەرورەت وکاریگەرییەوە ئەوا ئەمیل میشال سیوران_ی فەیلەسوف گوتەنی "پێکەنین بیانوویەکی گەورەی ژیانە! دەبیٚ ئەوە بڵێم کە من لەهەڕەتی چرکەساتەکانی نائومێدیدا، دەمتوانی پێبکەنم. هەر ئەمەشە کە مرۆڤ لە گیاندار جیا دەکاتەوە" وڕەنگە کاندس د.لانگری رەخنەگر گوتەنی "تەوس تایبەتمەندییەکی دیار بیٚ لە روانگەی مۆدێرنیتەوە بۆ جیهان و شۆخی(هزل)یش مەرجێکی زەروری و لەوەیە بەس بیٚ بۆ ئەقڵیەتی پاش مۆدێرنیتە".. لەوەیە نەسین هەر زوو پەی بە بایەخی ستراتیجی پێکەنین بردبیٚ، بۆیە ئەوەتا جارێك گوتوویەتی: " من چیرۆکان دەنووسم، تا خەڵکی بەدەم پێکەنینەوە بیر لە ژیان بکەنەوەو بەدەم بیرکردنەوەشەوە پێبکەنن". دیارە مەبەستی لە پێکەنین سەتیری کۆمیدی ئامێزە، کە لە رێگەیەوە سەروگوێلاکی دکتاتۆران و بیرۆکراتان و ڕیاکارانی هەموو بوارەکان دەکوتێتەوە. تەوس و توانجی نەسین ختوکەدانێکی قێزەوەر نییە، بەڵکو تەوس و توانجێکی لەبەردلاّنی نیوەرۆك ئیجابییە، بەڵکو جەوهەرە دژی رواڵەت، قۆڕیات و حەیف و زوڵمان ئاوەرووت دەکات و گیانی شۆخیبازی پڕ لە جورئەتی ئامانجدار بلاّودەکاتەوە کە چەوساوان دە توانن پەنای بۆ بەرن و داخی دڵی خۆیانی پیٚ بڕێژن بەسەر زۆردارانـاو تۆڵـەی خۆیانی پێبکەنەوە. ئەمە جگە لە رۆڵی کاراو کاریگەری پێکەنین، لە زاڵبوون بەسەر کول و کۆڤان و دژوارییەکانی ژیانداو، بلاّوکردنەوەی شۆخی و گەشاندنەوەو بەهێزکردنی گیانی گەشبینی لە دڵ و دەروونانـدا.ئەمە جگە لە کاری ئیجابیانەی لەسەر تەندروستی سایکۆلۆژی و بەدەنی، رینۆلد نیبور لەم رووەوە دەڵێت: "ئێمە بەزەبری پێکەنین بە سەرڤە سەرڤەکانی ژیان ، سەلامەتی و ساغڵەمی ئەقڵی خۆمان دەپارێزین..." جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەم رووداوە پڕ دەلالەتە لەوبارەیەوە بگێڕینەوە: رۆژێك چاپین_ی لیبۆکی بە ناوبانگی ئیتاڵی سەردانی دکتۆرێکی دەروونی دەکات و سکالاّی حاڵی خۆی دەکات و دەڵێت:

– دکتۆر! من نەخۆشم، تامی لەزەت لەهیچ شتێك ناکەم..چەندین ساڵە ناتوانم پێبکەنم..
پێکەنینم ژبیر کرد..تەحەمولی هیچ شتێك ناکەم، تەگبیرم چییە؟
دکتۆرەکە وەڵامی دەداتەوە:
– منیش وەکو تۆ وابووم، چوومە سێرك و بەتەمەشاکردنی هەڵسو کەوتە ناسك و دڵگیرەکانی لیبۆکە بەناوبانگەکەی...دڵم ئیسراحەتی کردو چابوومەوە... بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم چەند جارێك بچیتە ئەو سێرکە...
ئیدی نەخۆشەکە دەستی خستە سەرسینگی و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گوتی:
– دکتۆری ئازیز من ئەو لیبۆکەم!
ئەم حیکایەتە حەقیقەتی حاڵی ئەو پێکەنینسازانەشمان بۆ بەدیار دەخات، کە بەزۆری خەڵکی دێننە پێکەنین و خۆیشیان بەئازارەوە دەتلێنەوە!!
پێدەچێت نەسین، بەزەبری ئەفراندنی کۆمیدی بازنەی کۆمیدیای تەقلیدی وئاسایی بەزاندبێ، توانیبێتی شتە پوچ و ناشیرینەکانیش بکات بە هەوێنی کارە کۆمیدییەکانی خۆی. لێ کۆمیدیای تەقلیدی لەکۆنەوەو تا ئیستاش بەدەوری خەوش و کێماسییە مرۆڤانییە بچووکەکاندا خولاوەتەوەو کردوونی بە هەوێن و شتە ناشیرین و پوچەکانی بۆ تراجیدیا بەجێ هێشتووە، نك گروتمان لەم بارەیەوە دەڵێت: "کۆمیدی بەدەوری لاوازی و شتە پوچە مرۆڤانییەکاندا دەخولێتەوە"..
ئەدەبی نەسین خۆی لە خۆیدا عەمارێکی تەژی داشۆرینی توندو حەیابەرەی زوڵم و زۆرداری بیرۆکراتییەتی گەمژەو بۆگەنی و گەندەڵی کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی و داڕوخانی ئەخلاقی دەوڵەمەندان و دابەزینی بەها مەعنەوییەکان و ڕیاکاری و دروشم و گوتارە سیاسییە بۆش و بەتاڵەکان و دیماگۆگییەتی لاسارو زوڵم و زۆرو گەندەڵی و کەربازاڕی باو و رەواجدار بوو... نەسین توانی بەزەبری شێوازی پڕ داهێنانی کەم وێنەی خۆی، ئەو شتانە بەسەر سانسۆردا تێپەڕێنێ کە قەدەغە بوون. بێگومان ئەم بنگۆم لێدانە لە سانسۆر ئەرکی هەرە بنەڕەتی داهێنەرەو نیشانەی زیرەکییەتی لە هەموو شوێن و زەمانێکدا.. بۆیە "چیرۆکەکانی نەسین بە (کۆمیدیایەکی مرۆڤانی)گەلی تورکیای هاوچەرخ دەژمێردرێت و خۆی لە خۆیدا ئەوزارێکی سەرسوڕهێنەرو وردیشە بۆ شیکاری داهێنان" بەگوێرەی راوبۆچوونی ل. ئۆ.ئیلکایڤا کە پێی وایە ئەوەی عەزیز نەسین دەینووسێت سیمای زۆر وڵاتی دیکەشی گرتووەتە خۆ چونکە "ژیانی تورکیای هاوچەرخ وناکۆکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە جەوهەردا هەمان ئەو ژیان و ناکۆکییەیە کە لە زۆر وڵاتانی دیدا بەدی دەکرێن ". هەر ئەمەش بۆخۆی رازی ناوبانگی جیهانیی نەسینە، بۆ نموونە د. مرتەزا مەردیها دەڵێت: "هەرچەندە فەزای تورکیا لە کارەکانی عەزیز نەسیندا زاڵە، بەڵام کارەکانی بارو دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لای ئێمەش دەگرنەوە، کە دەیانخوێنمەوە هەستدەکەم چیرۆکێن خۆماڵی لای خۆمان دەخوێنمەوە ". .. هەر بۆیە نەسین توانی لە نێو سەتێریستەکاندا پایەیەکی میللی گەورە نەك هەر لەوڵاتی خۆیدا بەڵکو لە زۆر وڵاتی دیکەدا،

لە ڕێگەی وەرگێرانی بەرهەمەکانییەوە پەیدا بکات..گەشترین نموونەی ئەمەش ڕەزا هەمڕایە (لە دایکبووی ساڵی ١٩١٩یە، نووسەرێکی سەتیرەو دەیان بەرهەمی نەسینی کردوون بەفارسی) کە هەندێ جار ناچار بووە چیرۆکەکانی خۆی بە ناوی نەسینەوە بڵاوبکاتەوە، تا بیرو بۆچوونەکانی لە ڕێگەی شۆرەت و نێوبانگی نەسینەوە بڵاو بکاتەوەو ڕەواجیان پێ بدات و خۆیشی لە شەڕی سانسۆرو دەزگا سەرکوتکەرەکان دوور بخاتەوە!!

کەواتە بەم پێیە دەکرێت بڵێن کۆمیدیای نەسینی، نموونەیەکی زندوو و بەرچاوی کۆمیدیای ڕەسەنە و بەزەبری ئەفراندن و داهێنان بازنەی ناوچەیی بەزاندووەو گەییوەتە دنیا و ئەوەتا شۆرەتی نەسین، شۆرەتی نووسەرە تورکە سەتیرنووسەکانی تورکیای وەکو: ڕەفعەت ئیلگاز(١٩١١- ؟) و مزەفەر ئیزگو_ی کردووەتە ژێرەوەو تەنانەت شانی داوە لە شانی زۆر سەتیرنووسی جیهانی وەکو:ئێریش کاستنەری ئەڵمانی و یوری یاشکی ڕووسی و ئاندراس کورتیی هەنگاری و ئیلیا پوڤیسلی یۆگسلافی و ئەفرەهیم کیشون_ی ئیسرائیلی، بەڵکو ناوی لەگەڵ ناوی دیارترین هونەرمەندانی ئەدەبی ساتیری جیهانیدا دەدرەوشێتەوە، لە ئەریستۆڤانی یۆنانی(٤٤٥-٣٨٦ پ.ز)یەوە بیگرە و بە ئاراسمۆسی هۆڵەندی(١٤٦٦-١٥٣٦)وسیرڤانتسی ئەسپانی(١٥٤٧-١٦١٦)و مۆلییری فەرەنسی(١٦٢٢-١٦٧٣)وسویفتی ئیرلەندی(١٦٦٧-١٧٤٥)و ئەندرسنی دانیمارکی (١٨٠٥-١٨٧٥)و گۆگۆلی ڕووسی (١٨٠٩-١٨٥٢)و تووینی ئەمریکی (١٨٣٥-١٩١٠)و ئەناتۆل فرانسی فەرەنسی (١٨٤٤-١٩٢٤)و شۆی ئیرلەندی(١٨٥٦-١٩٥٠)و هاوپتمانی ئەڵمانی (١٨٦٢-١٩٤٦)و ئالکوکونستانتینۆفی بولغاری(١٨٦٣-١٨٩٧)ەوە تا دەگاتە یارۆسلاڤ هاشکی چیکی (١٨٨٣-١٩٢٣).

لێرەدا ئەم پرسیارە بەرۆکمان دەگرێت: چۆن نەسین ئەم ژانرە ئەدەبییە دڵڕفێنەی دۆزییەوە؟.. لە بندێڕی وەڵامە پەراگەندەکانی نەسیندا لێرەو لەوێ، ئەوە دەردەکەوێ هەر زوو پەی بە ڕادەی کاریگەری و بایەخی سەتیر بردووەو کەشفی کردووە. هەر لە منداڵییەوە کاتێ کە منداڵێکی بچووك بووە و لەدەرسەکانیا سەرکەوتوو بووەو خەڵکانی دیکەی سمێڵدار دەرنەچوون و زۆرجا سەریان کردووەتە سەری، سەتیر بووە بە تاقە چەکی دەستی و کە دەرەقەتی هاوپۆلە زەلامەکانی نەهاتووە، گاڵتەی پێکردوون و بەر تەوس و توانجی داون و تا وای لێهاتووە گروپێکی لە دەور خڕبووەتەوەو لەسەریان کردووەتەوە. تا وای لێهات نەسین ئەم چەکە کاریگەرو دەگمەنەی لەسەر ئاستی گشتی، بەتایبەتی لەنووسینە ئیبداعیەکانیدا وەکو ئامرازێکی داکۆکی لە چەوساوەو هەژاران بەکار هێنا و بەڵێنی بە خۆی و بە خەڵکی دا کە : "تا زوڵم، گەوجاندن، چەوساندنەوە، کۆیلاندن و دکتاتۆرییەت بمێنێ، لەسەر نووسینی سەتیر بەردەوام دەبم. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە من تا دوا ساتەکانی ژیانم دەسبەرداری نووسین نابم."

نەسین دڵنیابوو لەوەی کە تەوس و شۆخی دەورێکی یەجگار گەورەی لە ئاشتیدا دەبێت، چونکە وێڕای ئاوەڕووت کردنی خراپییەکان، دەبێتە مایەی ڕاستکردنەوەو لە نێو بردنیشیان، لەم بارەیەوە دەڵێت: "تۆ کە کۆمەڵگە دەخەیە پێکەنین، یانی تۆ بەشداری لە

خزمـەتکردنی ئاشـتیدا دەکـەیت. ژن و مێردێـك شـەڕدەکەن یـانی پێناکـەنن، کـە دوو مـرۆڤ دەکەونە دەمـەقاڵێ توند، پێناکـەنن. بـەڵام کـە پێبکـەنن واتـا شـەڕەکەیان تـەواو بـوو. کـە دوو سەربازی بەشەڕهاتوو پێکەنین، ئیدی پەنجە بە پەلەپیتکەوە نانەن. "ئا بەمجۆرە نەسین پێی وایە "ئەو پێکەنینانەی لە دنیادا دەنگدەدەنەوە، بەشدارییەکی کارا لـە خزمـەتکردنی ئاشـتی جیهانیدا دەکەن، چونکە هەرگیز دانووی جەنگ و پێکەنین لە یەك مەنجەڵدا ناکوڵێ "

ڕەنگە ئەوەی یارمەتی نەسینی دابێ بۆ کەشفکردنی بایەخی تەوس و بەکارهێنانی وەکو چەکێك ئەوە بێ کە "ئەدەبی سەتیر هونەرێکی هەرە باوی میللییە لە تورکیاو گەلی تورکی بە هەستی سەتیرئامێزی پەرەسەندووی خۆی بە قووڵی هاوسۆزی دەگەڵ ئەم ژانرە ئەدەبییـەدا کـە یاسا تایبەتییەکانی چەسپاند، دەکات " بۆیـە سـەیرە "ئەگـەر لـە تورکیـادا نووسـکارێن سەتیر پەیدا نەبن و هەڵنەکەون، چونکە تورکیا –نەسین گوتەنی–بۆ خۆی مەیدانی سـەتیر بازییە ".

جا وەکو چۆن ڕەمزی جوحایی (بەر لە نەسین) لە لای تورك لە ئاخرو ئۆخری سـەدەی چواردەی زایینـی و سـەرەتای سـەدەی پـازدەی زایینیـدا وەکـو زەرورەت و پێداویسـتییەکی ئـەدەبی مێـژوویی سـەری هەڵدا، ئـەو حاڵەتـە دووبـارە لـە سـەدەی بیستەمدا لـە چوارچێوەی فـۆرم و نـاوەرۆکێکی هاوچـەرخ و بـەناوی نەسـینی (خواجـە نەسـرەدینی سـەدەی بیسـتەم ) سەری هەڵدایەوە. دیارە لە بارو دۆخ و هەلو مەرجی گۆڕانکاری مێژوویی پڕ لـە نیگـەرانی و لـە قۆناغـە دژوارەکـانی گوێزانـەوەی مێـژوویی بـە زەبـری هێـزی سـوپایی و ململانێـی خوێناویدا، خـەڵك ناچار دەبن کـە بێدەنگ بـبن.. چونکە ئازادی دەربڕین لـە دەستدەدەن و هەنگێ ویژدانی تاك –لەبواری داهێنانی هزری و هونەریدا خۆی لـە نێوان دوو هەڵوێستدا دەبینێتـەوە. یـان لـە نـاو دەسـەڵاتی تـازەداو بـەدەم ماسـتاو سـاردکردنەوەو ڕیاکارییـەوە دەتوێتەوە، کـە ئەمـە هەڵوێستێکی یـەجگار قورسـەو نـە هونەرمەنـدی داهێنـەر و نـەهزرڤانی ڕەسەن خۆی لێنادەن. هەڵوێستی دووەم ئەوەیە کە خاوەنانی بێدەنگ بن...جا لەو حاڵەتـەدا خۆ دەدەنە پەنای ویژدانی دەستە جەمی (میللی) کە ئەویش دەستپێشکەری خـۆی دەکات و ڕەمزێکی هونەری سەتیر _ کە ڕەمزی جوحاییە_ هەڵدەبژێرێ یا بەرهەمدێنێ،ئیدی هەمووان لەرێگەی ئەوەوە گوزارشت لـە ڕای خۆیان دەربارەی جووتـە دەسـەڵاتی سوپایی و سیاسـی دەکـەن ، لایەکـەوەو جیهـانبینی خۆیـان بـۆ بونیـادی کۆمەڵایـەتی و چـۆنییەتی ڕوو بـەڕوو بوونەوەی ئەو بونیادە بەرجەستە دەکەن لە لایەکی دییـەوە. بـەبێ ئـەوەی کەسیان دووچاری زەبرو زەنگـی دەسـەڵاتی سـوپایی حـوکمڕان ببنـەوە... ئەمـەش فەنـدێکی هونـەری سـادەیە کۆمەڵگـە مرۆڤایەتییـەکان وەکـو گـەلان و وەك تـاك زانیویانـە...و لـە ڕێگەیـەوە بـوونی کۆمەڵایەتی و ساغڵەمی سایکۆلۆژی خۆیان پاراستووە، بەپێی ئەنجامگیرییـەکانی د. محمد رجب النجار.

جـا نەسـین بـەخۆی لەمبارەیـەوە بێـزاری خـۆی سـەبارەت بـە نالەبارییـەکانی بـارودۆخی وڵاتەکەی دەردەبڕێت و دەڵێت: "من شـەرم دەکـەم کـە تـورکم!" هۆیەکەشـی ئەوەیـە "کـەش و

هەوای تورکیا دژی دیموکراتییەتە، دەستورێکی دژ بە دیموکراتییەتی تێدایە... جا لەمجۆرە کەش و هەوایەدا ،ناکرێت باسی مافی مرۆڤ بکرێت". جا لێرەدا ئەم پرسیارە بەرۆکمان دەگرێت: ئەدیب کام سەنگەر هەڵدەبژێرێت و چۆن؟!

نەسین پێی وایە مەحەکی ئەدەبی راستەقینە ئەوەیە کە لەسەنگەری جەماوەردابێ و ئەدیب تا دوا هەناسە بەگژ زاڵماندا بچێتەوە. بۆیە زۆر زەحمەتە ئەو ئەدیبانەی کە لە ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی و دڵنیاییدا دەژین، ئەدەبێکی راستەقینەی کاریگەر بەرهەم بێنن و لەمبارەیەوە دەڵێت:

"..باشترین کاری خۆم لە زروفی زۆر سەختدا، لە زندان و تاراوگاندا نووسیوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە من داوا بکەم نووسەر بخرێتە زروفێکی سەختەوە، تا ئەفراندن بکات! نووسەر دەتوانێ لە زروفی باشیشدا داهێنانی خۆی بکات، بەڵام ئەوەی دەمەوێ پێی لەسەر دابگرم و دووپاتی بکەمەوە ئەوەیە کە نووسەر پێویستی بە هەندێ جۆری نیگەرانی و بێزاری و تورەیی هەیە تا نووسینێکی ئیبداعی بەرهەمبێنێ. ئەگەر ئەو جورعانەی کەم بێ ،ئەوا کارە ئەدەبییەکەی دێتە خوارەوەو لاواز دەبێت." بۆیەش پێی وایە "رژێم و سیستەمە زیرەك و فریوکارەکان زۆر بە توانان لەوەدا کە نووسەر لە بورجی عاجی بنەن و گەلەك رەمزی ئەدەبییان، کە لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا لە مەیدانی داهێناندا شت بوون پوکاندەوە بەوەی پلەو پایەی سیاسییان پێدان و کۆشك و تەلاریان دانێ و بە گەشت و سیاحەت بۆ هەندەرانیان ناردن..." بەمەش حاڵەتی نیگەرانی و رارایی لای ئەو نووسەرانەی کە هەرەشەو گورەشە کاری تێنەکردوون، کەم دەبێتەوە.

هەڵبەتە نەسین کە بەخۆی ئەفسەر بوو، هەرچیدەکرد نەیدەتوانی ئەفسەری و نووسەری پێکەوە بگونجێنێت و هەستی بەناکۆکییەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو کارەدا دەکرد، بۆیە دەستی لەو سوپایە کێشایەوە کە لە ساڵانی (١٩٣٧-١٩٤٤)دا کاری تێدا کرد. ئاشکرایە نەسین بەئارەزووی خۆی نەچووە کۆلیجی سوپایی، بەڵکو دەستکورتی و هەژاری ناچاریان کرد ئەو کۆلیژە هەڵبژێرێ چونکە بە خۆرایی بوو. بەڵام کە دەستی کێشایەوە ئیدی هیچ ناکۆکییەکی لەوەدا نەدەبینی کە کۆنە ئەفسەرو تازە نووسەرە، بەڵکو بە پێچەوانەوە شانازی بە قۆناغی قوتابییەتی و خزمەتی سەربازی خۆیەوە دەکرد، کە فێری زەبت و رەبت و سەبرو تەحەمولی کردبوو، ئەمە جگە لەوەی وەکو ئەفسەرێك زۆر ناوچەی تورکیا گەرابوو و بە بەردەوامی تێکەڵی خەڵکی بووبوو، ئەمە خۆی لە خۆیدا بووە سەرچاوەیەك بۆ نووسینەکانی.. ئەگەر کابرایەکی سیڤیل بووایە بە خۆرایی ئەو دەلیڤەو زروفانەی بۆ نەدەرەخسا!

## چۆن وچی دەنووسی...؟

نەسین فایلی تایبەتی بۆ چیرۆك و رۆمان و شانۆنامەو گوتاران کردبووەوەو لە هەر بوارێکدا بینووسیایە پشتی بەو فایلانە دەبەست. لە چیرۆکەکانی سەرەتایدا پشتی بە نەقڵی راستەو خۆ دەبەست و پاشان ئەم قۆناغەی بەزاندو چاوە تیژەکانی کەوتنە قۆستنەوەی رۆژانە رووداوەکان تا بەزەبری ئاوەزی بە توانای بیانگۆرێت بۆ وێنەی هونەری، ئەمە جگە لەوەی کە بە چاکی ئەفسانەو حیکایەتە میللییەکانی رەعەمەل دێنا کە خۆی لە خۆیدا بە سەرچاوەیەکی دیکەی دەوڵەمەندی کۆمیدیا دەژمێردرێت، ئیدی کەلەپوور و حیکایەتی کۆنی دەهێناو لە قاڵبی تەکنیکی تازەی دەداو چەمك و مەبەستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆی بە دوور لە راپۆرتکاری و جەڵەبییەت پێ دەردەبڕی. واتە نەسین کەلەپوری میللی هەرسکرد ولەباری هونەری و ئەستاتیکییەوە بە جۆرێ دایڕشتەوە کە لەگەڵ ژیانی رۆژگاری خۆیدا بسازێ و بگونجێت.

نەسین توانی بە ئاوێتەکردنی ئەفسانەو واقیع، بازنەی واقیعی سنوردار ببەزێنێ و پێ بنێتە جیهانی بەرینی واقیعی سایکۆلۆژی وەکو کۆڵەکەیەکی بنەرەتی لە کۆڵەکەکانی تەنز لە ئەدەبیاتدا " هەوڵمدا لە رێگەی تێکەڵکردنی سییانەی واقیع، ئەفسانەو دەروونەوە ئەزموونی ئەفراندنی خۆم فراژو بکەم و لە دەروونی خەڵکییەوە نزیك بم، بەوەی بچمە قوڵایی دەروونیانەوە لە جیاتی وێنە گرتنی رواڵەتی دەروونیان، هەڵبەتە مەودای دەروونی لە شانۆنامەکانم دا زۆری یارمەتی دام ، شەقڵێکی تازەی پێ بەخشین."دیارە ئەمە سەبارەت بە رۆمان و چیرۆکەکانیشی دروستە.

هەرچەند نەسین لە هەڤپەیڤینەکانیدا حەزی نەدەکرد باسی وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی بکات وخۆی لێ دەبوارد، بەڵام وێڕای ئەوەش دووپاتی کردووەتەوە کە ژیانی سەخت و دژوار بووەو حەزناکات بیگێڕێتەوەو "زۆربەی وردەکارییەکانی ژینم لەبن دێڕی کورتە چیرۆکەکانمدا پەخش و بڵاون. خوێنەر دەتوانێ زۆر وردەکاری ژیانم لەوێندەردا بناسێتەوە، منی نووسەر لە ناو هەموو چیرۆکەکانمدا هەم، هیچ چیرۆکێکم لە من خاڵی نییە، ئەگەر وەکو نووسەر بوونم نەبێ ،ئەوا تاپۆو سێبەری من وەکو مرۆڤ هەیە، بەتایبەتی تاپۆی کۆمەڵایەتی یان بەشێوەیەکی وردتر وەکو سێبەری کۆمەڵایەتی."

جگە لە ئەزموونەکانی ژیانی خۆی و ئەو واقیعەی تیایدا دەژیا و ئەو کەلەپورە میللییەی دەوری دابوو، نەسین هەر شتێك ئەزموونی داهێنانی دەوڵەمەند بکردایە بەشێوەیەك لە شێوەکان وەریدەگرت، داهێنەر – فۆکنەر گوتەنی _"دزێکی کارامەیە، دەزانێ چۆن دزی دەکات و چۆن دزییەکانی دەشارێتەوە!" لە راستیدا نەسین ئیعتراف بەکاریگەری چیخۆف لەسەر بەرهەمەکانی خۆی دەکات، هەرچەندە ئەم کاریگەرییە لە تەفاسیلدا دیار نییە بەڵام لە کەش و هەوا گشتییەکەیدا دیارە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ مرۆڤی سادەدا و بە شێوازێکی کورتبڕانە دەکات. دیارە بەرهەمێن نەسین لە سێبەری کاریگەری نووسەرانی دیکەی وەکو ئەندرسن بەدەر نین، بۆ نموونە نەسین هەوێنی چیرۆکی (ئافرەتی موجیزە)ی لەو وەرگرتووەو پاشان لە رووی شێوەو ناوەرۆکەوە بە شێوازی تایبەتی خۆی دایڕشتووەتەوە.

نەسین جارێك لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: "چ فاكتەرێك لە كاری نووسەردا گرینگە؟" دەڵێت: "زەمەن بۆ نووسەر زۆر زەرورییە تا بتوانێ نووسینەكانی پوختە بكات." لێ مەخابن نەسین زۆربەی بەرهەمەكانی پوختە نەكردوون و پەلە پەل و كەڵكەڵەی ژمارە زۆری پێوە دیارە، كەلەپوری دەوڵەمەندی نەسین لە كاڵ و كرچی و كاوێژكردنەوە خاڵی نییە. دەربارەی نەسین گوتراوە كە زیاتر بابەتەكان یەخەی ئەویان گرتووە بۆ نووسین، تا ئەو یەخەی بابەتەكان بگرێ و بیانهونەرێنێ!.. نەسین تەنزنووسی بە سەیدەلانی شوبهاندووە: "وەكو چۆن سەیدەلانی كەرەستەو گیای جۆراو جۆر تێكەڵ دەكات و پاشان ئاوەكەی دەگرێت و دەیكات بە دەرمانی شەفا بەخش، تەنزنووسیش هەمان شت دەكات، لە هزرو ئاوەزی خۆیدا داب و نەریت و خوو خدە وئاكاری كۆمەڵگە لێك دەداتەوەو شرۆڤەی دەكات و لە ئەنجامدا كارێكی تەوسئامێز و تاڵ و توندو پڕتەشەری وای لێدەخولقێنێ كە تەحەمول ناكرێت، تەنزنووس ناچارە ئەو تڵپەیە بە دەموچاوی خاینان و زاڵمان و سپڵەو نۆكەران و چەقۆكێشانی ناو كۆمەڵگەدا بدات".

مرۆڤی سادە قارەمانی سەرەكین...

وێنەی مرۆڤی بچووك و سادە بە شێوەو ئاستی جیاواز لە بەرهەمێن ئەم نووسەرانە بەدیار كەوت: تۆفیق فیكرەت ١٨٦٧-١٩١٥، خالید زیبا ١٨٦٦-١٩٤٥، عومەر سەیفەدین ١٨٨٤-١٩٢٠، رەفیق خالید ١٨٨٨-١٩٦٥، سەلاحەدین ئەنیس ١٨٩٢-١٩٤٢، سەدری ئەرتیم ١٨٩٨- ١٩٤٣، سەباحەدین عەلی ١٩٠٧-١٩٤٨، بەكر سدقی ١٩٠٥- ١٩٥٦ و سەعید فایەق ١٩٠٦-١٩٥٤، كاری ئەمانە دەكەونە خانەی (ریالزمی رەخنەیی) ئەوجا وێنەێن مرۆڤی چالاك و تێكۆشەر لە بەرهەمێن ئەم نووسەرانە دەركەوتن: نازم حیكمەت ١٩٠٢- ١٩٦٣، كەنعان خەلوسی ١٩٠٨- ١٩٥٤٣، ویەشار كەمال ١٩٢٣- ...ئیدی وێنەی مرۆڤی بچووكی قوربانی چەوساندنەوە، خەریك بوو بە تەواوەتی لە بەرهەمێن ئەوانە، كە شەقڵی (ریالزمی سۆسیالزم)یان وەرگرتبوو، ون ببێ و نەمێنێ.

لێ بەرهەمێن نەسین، باشترین نموونەی ریالزمی رەخنەیین، كە پڕن لە جەماوەری چەوساوە. بەش مەینەت، هەژارو بێنەوایان، ئاوارەو دەربەدەران، بێزراوان و بە پەراوێزكراوان، كە لە بنی بنی كۆمەڵگەوە دەژین و ئەوەی راستیش بێ هەر ئەوان بناغەی كۆمەڵگەن. نەسین بێوچان پەردە لە رووی ئارامیی ساختەو پەردەپۆشكراو هەڵەماڵێ و پانۆرامایەكی هەموو چین و توێژە كۆمەڵایەتییەكانمان پێ نیشاندەدات.بەڵام قارەمانی سەرەكی نەسین وەكو نموونەیەكی كۆمەڵایەتی – دەروونی هەر مرۆڤە سادەكەی قوربانی دەستی بێدادی كۆمەڵایەتی و چەوسانەوەیە،ئیدی جوتیار بێ یان پیشەوەر، كرێكار بێ یا فەرمانبەری بچووك، یان رۆشنبیری پلیشاوە بێ... لە كەمترین مافێن مرۆڤانی مەحرومەو شەوو رۆژ بە دووی نانێكی حەڵاڵدا هانكە هانكێتی. بەهرەمەندو بە تواناش بێ هەموو دەرگاكان لە رووی دادەخرێن. . ئاشكرایە زۆربەی قارەمانانی نەسین لەو جوتیارانەن كە

هاتوونەتـە شـار و لەوێنـدەر تووشـی شـەرە شـەق و سەریەشـە و روتکردنـەوەو چەوسـانەوە دەبن. دیـارە نەسـین نایـەت وێنـەی تەجریـدی مرۆڤـی سـادەمان  پیشـکەش بکـات، بـەڵکو لـە جـوانترین وێنـەی کۆمەڵایەتیـدا سـیما واقیعییـەکانی بەرجەسـتە دەکـات. نەسـین لـەم بـوارەدا کاریکاتێریستێکی دەگمەنە بە شێوازە گوزارشتییەکەی پۆرترێتی سـەرنج راکێشـی قارەمانـە قەیراناوییـەکانی دەکێشـێت، دیمـەنی تراجیکۆمیـدی چارەنووسـی قارەمانـەکانی لـە کـەش و هـەوای  جیـاوازی تورکیـایی و نـا تورکیـایی، کـۆن و تـازەو ئایندەگـەری، واقیعـی و فانتـازی سەیرو عەنتیکەدا بەرجەستە دەکات.

نەسـین حیکایـەتخوانێکی بـە توانایـەو شـێوازێکی کـورتبڕی گێڕانـەوەی خـۆش و ئیشـتیا بزوێنـەو خوێنـەر رادەکێشـێت. زمـانی میللـی لـە دیـالۆگی نێـوان قارەمانـەکانیا بـەکار دێنـێ، دیارە زمانی هەر قارەمانەش بەگوێرەی ئاستی رۆشنبیری و هوشیاری خۆیـەتی و دوورە لـە هـەر زێدەبێـژی و دەسـتکردییەك. نەسین کە لـە ئـەدەبی خۆیـدا پـەنا بـۆ مرۆڤـی سـادە دەبات ودەیکات بە قارەمانی سەرەکی بەرهەمـەکانی، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا پـەرە پێـدانی کەلـەپوری میللیـە (واتـە پەرەپێـدانی حیکایـەت و نوکتـەو نمایشـەکانی ئورتـاو قـەرەقۆزە.)ئـەم رەوت و رێچکەیەش لە ئەدەبی تورکیدا دەگەرێتەوە بۆ قۆناغی (سـەروەتی فنـون) لـە سـاڵانی ١٩٨٦- ١٩٠١دا. بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا ل.. ئو.ئـەلکایڤا-ی توێـژەر پێـی وایـە کـە "نەسـین خـۆی لـە چوارچێوەی هاوسۆزی دەگەڵ خەڵکێن سادەدا قەتیس نەهێشتووەتەوە بەڵکو هەندێ جار بـە توندی سیماو خەسڵەتە سەلبییەکانی وەکو تاکخوازی و تـەنگبینی و گوێنـەدان بـە کڵـۆڵی و بێنـەوایی خـەڵکانی دی و تەمـەڵی... یـانی سـەرکۆنە کـردووەو دەکـات." بگـرە گاڵتـەیان پێدەکات و عەیبـەکانیان بـە جـۆرێ دەخاتـە روو کـە خۆیـان بـە خۆیـان پێبکـەنن، تـا هەسـتی قەدرو کەرامەتی مرۆڤانیان لە ناخدا بێدار بکاتەوە.

ئـەدەبی نەسـین کـاتێ گەشایەوەو خـەملی کـە هـەردوو هوشـیاری کۆمەڵایـەتی و هونـەری تێیـدا یـەکانگیر بـوون و بـوو بـە ئـەدەبێکی ریـالزمی رەخنـەیی، کـە بەشـێوەیەکی ئـەمین و هوشـیارانە واقیعـی وێنـە دەگـرت و تاکیـدی لەسـەر کـرۆك و جەوهـەران دەکـرد. بـەڵام ئەمـە واناگەیـەنێ کـە هەنـدێ لـە کارەکـانی سـاکارو سەرڤەسـەرڤە نـەبوون و لـە کـرۆك و جەوهـەردا کاریگەر نەبوون

عـەزیز نەسـین باشـترین شـایەتی سـەردەمی خۆیـەتی و واقیعیانـە پشـتیوانی لـە مرۆڤـی چەوسـاوە کـردووەو کەچەوشـی مرۆڤـی سـادەی داوەتـە بـەر تـەوس و تـوانج و رەخنـە. جـا گوتـاری ئـەدەبی ئـەو نووسـەرە، تـا وەزع و حـاڵ و ڕەوشـان لێرەو لـەوێ نامرۆڤانـە بـێ هـەر بەتەڕو تازەیی دەمێنێتەوەو گەندەڵی دەسەڵاتان رسوا دەکات و بەشداری لە بێدار کردنـەوەو شۆڕشگێراندن و ئایندەروانیدا دەکات و، بەڕاستی و پڕ بە پێستی وشە ئـەدەبێکی واقیعـی بێ رۆخ و کەنارە.

## بێناسنامەکان وەکو نموونەیەك

دوور لـه راسـتی نییـه گـەر بڵێین رەنگـه هـەر هـەموو وردەکارییـه هونەرییـەکانی نەسین لـه رۆمـانی (بێناسـنامەکان)دا بەرجەسـتە بـووبێ. ئـەم رۆمانـە وەکـو شـاجوانی کەلـەپوری زۆرو زەبەنـدی نەسـین رامـان دەگرێـت. بەڕاسـتی پانۆرامایـەکی خەسـتکراوەی چیرۆك و رۆمـان و شانۆنامەکانییەتی کە گەندەڵی و قەشمەرجاڕی بیرۆکراتییەت و دکتاتۆرییەت ریسوا دەکـەن. ئەو بیرۆکراتییەت و دکتاتۆرییەتەی یەکدەگرن تا مرۆڤانی مـرۆڤ بسـڕنەوەو بیشـێوێنن ئـەمما شێواندن... دیارە خراترین بیۆکراتییـەت و دکتاتۆرییـەت ئەوەیـە بتخەنـە پێکـەنین. .هەڵبەتـە کورتکردنەوەی ئەم رۆمانە لێرەدا ئەستەمە، چونکە رۆمانەکە لە ناوەرۆکدا کۆمەڵێك چیرۆکی گرتووەتە خۆ و، پڕە لە چڕە رووداوان و گەلێك دیمەنێن پانۆرامی بە لق و پۆپی لێدەبێتـەوە، بـەلاّم هـەوڵێکی لەگـەڵ دەدەیـن تـا وێنەیـەکی بخەینـە بـەر هـزرو زەینـی ئـەو خوێنەرانـەی کـە رۆمانەکەیان نـەدیتووە. نەسین لـە (بێناسـنامەکان)دا داوی چارەنووسـی مرۆڤێکـی گونـدەکی بـە نـاوی یەشـار(زنـدە بەفارسـی و کـوردی)و(حـی بـە عـارەبی) دەگرێتـە دەسـت و بەرەبـەرە هەڵیـدەکات. (رەشـید)ی بـابی زنـدە لەبـەر هـەژاری و سـەرقاڵی بـە پەیـداکردنی بـژێوی و پێداویستییەکانی ژیانـەوە، ناپەرژێتـە سـەر ئـەوەی لـە دایکبـوونی منداڵەکـەی لـە دایـەرەی نفوسدا تۆمار بکات. کە وەختـی چوونە قوتابخانـەی دێـت داوای ناسنامەی لێدەکـەن تـا بـە قوتابی قەیدی بکـەن، ئیدی بابی دەچێتە دایـەرەی نفوس تـا ئـەم کێشـەیە چارەسـەر بکـات، لەوێندەر پێی دەڵێن ناکرێ تەسکرەی بدەنێ چونکە کوڕەکـەی لـە تۆماری شـەهیدانی یەکـەم جه نگی جیهانیـدا تۆمار کـراوەو لـە سـاڵی ١٩١٥دا لەبـەرەی چناق قەلآدا شـەهید بـووە و لـە دایکبووی ساڵی ١٨٩٦، بابی زۆری پێ سەیر دەبێت چونکە ئەو بـەخۆی لـە سـاڵی ١٨٩٧دا لەدایك بووەو هاجەری ژنی کە لە ساڵی ١٩١١دا خواستوویەتی لەدایکبووی ساڵی ١٩٠٦.

چونکە تۆمـارو فایلـەکانی دەوڵـەت بـەلای فەرمانبـەری نفوسـەوە مەحاڵـە هەڵـە بکـەن و تـا رادەی پیرۆزی دروستن، ئیـدی زنـدەی منـداڵی کـە لـە بەردەمیـدا وەسـتاوەو بـە چـاوی خـۆی دەیبینـێ لـە ناسـنامە مـەحروم دەکـات و بـەوەش لـە چـوونە قوتابخانـە بێبـەش دەبێـت... هەرچەندە بابی تۆڵەی ئەو بێبەشبوونەی بۆ دەکاتەوەو دەیباتە حوجرەکەی گوند و لای مـەلا داوود دەیخاتـە بـەر خوێنـدن، لێ مەینەتییـەکانی زنـدە (زنـدووی —مـردوو، مـردووی —زنـدوو) لێرەوە دەسـت پێدەکات و زنجیرەی ژیـانی تراجیکۆمیـدی زنـدە یـەك لـە دووی یـەك دێـت و ئیــدی بــە درێــژایی تەمــەنی دەکەوێتــە نــاو ونگــەو گێــژاوەکانی دایــەرەو دەزگاکــانی دەوڵەتەوە،ئید\ی بەپێی بەرژەوەندی دەزگا دەوڵەتییەکان، زینـدوو دەکرێتـەوەو دەمرێنرێت. لـە تەمـەنی بیسـت سـاڵیدا لـە کـاتی مـارەبڕینی ئەقـدەس دا کـە کـیژی دۆسـتێکی بابییـەتی ،دەستگیر دەکرێت کە گوایە لە خزمەتی سەربازی هەڵاتووە، رەوانەی سەربازی دەکرێت و بـە خۆشـییەوە خزمــەتی خــۆی ئــەنجام دەدات بــەو ئومێــدەی زنــدووەو جزدانــی ئەســکەری دەدرێتـێ... لێ نە دەفتەری خزمەتی وێدەدەن و نـە خزمەتەکـەی بـۆ تۆمـار دەکـەن، چونکـە لـە تۆمارەکانی تۆمارگـەدا زنـدوو نییـە! ئـەمجارەیان دەرکـەوت کـە لـە سـاڵی ١٩٣٥دا لـە دەڤـەری دەرسیم شەهید بووە، کەچی بەڕێوەبەرایـەتی بـاج بـە میراتگری زنـدووی بـابی —کـە لـە کـاتی

تەواوبوونی سەربازییەکەی زندەدا مردبوو– دەزانێ و هەموو ئەو قەرزو قۆڵانەی کە لەسەری کەڵەکە بوون لەمی دەسەنن، تا بتوانێ میراتەکانی تری بابی وەربگرێت... بەلاّم زۆری پێناچێت دیسان دایەرەکانی دەوڵەت بە مردووی لە قەڵەم دەدەن و لە مافی میراتگری بێ بەشی دەکەن. خەزوری (واتە بابی ئەقدەس) ئەوپەڕی هەوڵی ماددی و مەعنەوی بۆ دەدات و چ لەرووی دانەوەی قەرزەکانی بابی و چ لە رووی پەنابردنە بەر دادگایان و گرتنی ئەوقاتی دەستبڕ کە لە کێشانەوەی هەموو ئەو پارانەی کە زندە قەرزی دەکات ناپرینگێنەوە. ئیدی بە قسەی زل و بۆش و بەتاڵ سەرقاڵی دەکەن! هەر لەو سەروبەندەدا زندە روو دەکاتە ئەستەمبوڵ تا ناسیاوێکی بابی کارێکی بۆ دابین بکات و پێی بژی و بەدەم کارەوە هەوڵبدات بەهەر نرخێ بووە ناسنامە وەربگرێت، بەڵکو بتوانێ بەفەرمی ئەقدەس مارە بکات و بە ئاسودەیی و ئاسایی بژی... لێ هەیهو، لەوێندەرش بوو بە قوربانییەکی چەوسانەوەو دەستبڕی، مادامێکی لەلایەکەوە مردووەو هیچ مافێکی نییەو لەلایەکی ترەوە زندووەو، لەسەرێتی هەموو ئەرکەکانی بێ کەم و زیاد جێبەجێ بکات... بەڵێ کە کار پەیوەست بێ بە بەرژەوەندی دەوڵەتەوە ئەوا زندووە، بەلاّم کە نۆرە بێتە سەر بەرژەوەندی ئەو وەکو هاوولاّتی و مرۆڤ ئەوا نەك هەر مردووە بەڵکو شەهیدیشە، بۆیە دەبینین هاواری لێ هەڵدەستێت و دەڵێت: "منی کلۆڵ.. کە ویستم بچمە قوتابخانە، گوتیان نابێ تۆ مردوویت، کە نۆرەی چوونە سەربازیم هات گوتیان تۆ زندووی. بۆ دانەوەی قەرزو قۆڵەی بابم زندوو بووم. بەلاّم بۆ وەرگرتنی میراتەکەی مردوو بووم. کە داوای ناسنامە دەکەم دەڵێن مردوویت. کە داوای وەرگرتنی مافەکانم دەکەم دەمخەنە شێتخانەوە!"و (ئەمە نموونەیەکی راستەقینەی یاساو دادوەرییە لە ولاّتی ئێمە، هەرکەسێك هەقیقەت بڵێ، بە شێت لە قەڵەم دەدرێت و دەبێ بخرێتە شێتخانەوە!) بە راستیش کاتێ لە دایەرەیەکدا هاواری کردبوو کە (من زندووم و شێت نیم) توڕیان دابووە شێتخانەوە. هەروەها جارێکی دیکەش لە زندانیان کردبوو بەو حەساوەی زندووەو سوکایەتی بە فەرمنبەرێك کردبوو لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا! تا کار گەییە ئەوەی زندە لەخۆی بپرسێت: "بەراستی هەندێ جا گومان دەکەم و نازانم من مردووم یان زندووم؟!"

چونکە تەنانەت لە ناو زندانیشدا بۆی نییە کار لە کارگەی زندانەکەدا بکات، چونکە ناسنامەی نییە.ئا بەمجۆرە گەلێك لەو حاڵەتە سەیرە پێکەنیناوییە گریان ئامێزانەمان بەرچاو دەکەون کە زندە سەبارەت بەخۆی یان بەوانەی توشیان دەبێت، دەیانگێڕێتەوە... بۆ نموونە توشمان دەبێت بە توشی (ریچارد– رەشاد) ناوێکی جاسوسەوە کە تۆبەی کردووەو دەیەوێت بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە خۆی بە دەزگا دەسەلاّتدارەکانی تورکیا تەسلیم بکات، تا لە رابردووی خراپی خۆی ژێوان بێتەوەو ژیانێکی تازە دەست پێبکات (ژنێکی تورك بێنێ) کەچی دایەرەو دەزگا ئەمنییەکان هەر ئاوڕی لێنادەنەوە!! یان وەختێ زندە دەیەوێت مەرگە موش بخوات و بمرێت و لە کوڵ ئەو هەموو کلۆڵییە ببێتەوە، نامرێت

چونکه مەرگەموشەکە غەشی لێکراوەو بە هیچ جۆرێ کاری تێناکات، کەچی دواتر دەبینین لە ئەنجامی خواردنی خوارنگەیەکەوە ژەهراوی دەبێت و چیوای نامێنێ بمرێت!!

یەکێك لەو گاڵتەجاڕییانەی لە میانەی هەوڵەکانی زندەدا بۆ دۆزینەوەی کارێك کە لە برسا نەمرێت، ئەوەیە کە کارێن وەکو پاسەوانی و بێستانەوانی و پۆستەبەری وا دەخوازن مرۆڤ کارنامەو بەهرەو پسپۆری هەبێ، بەڵام پلەو پایەی وەکو پارێزگار یان بەرێوەبەری شارەوانی یان سەفیر هیچی ناوێ مادامێکی واسیتە لە هەزار بەڵگەنامەو کارنامە باشتر بێ.

نەسین تەکنیکی سینەمایی (بەتایبەتی فلاش باك)ی لەم رۆمانەدا بەکار هێناوەو سەرەداوی گێڕانەوەی داوەتە دەستی زندە کە قارەمانی سەرەکییە ئەو (مرۆڤە بچووکە – سادە)یەی کە توانای حیکایەتخوانی خۆی (شەهرەزاد ئاسا)، هەموو شەوێك و بە درێژایی هەژدە فەسلان، لە پاش شێوی ئێوارانی زندانیانەوە تا کاتی نووستنیان، بە شێوازی (هەزارو یەك شەوە) سەلماندووەو لە ماوەی چوار هەفتەدا (کە ماوەی حەپسییەکەی زندەیە) هەموو رۆمانەکە دەگێڕێتەوە. لێ حیکایەتخوانی تەقلیدی (نووسەر یان غەیری نووسەر) تەنیا دەورێکی لاوەکی و بچووکی هەیە، کە هەموو دەورەکەی لە فەسڵی یەکەمدا کە دەورێکی بچووکەو لە جیاتی دەستپێکە، ئەوەیە کە گێڕانەوەکە لە فەسڵی دووەمەوە تا کۆتایی بە زندە دەسپێرێت ( رۆمانەکە لە هەژدە فەسلان پێکهاتووە). زندەش تەنیا سەربوری ژیانی خۆی ناگێڕێتەوە، بەڵکو چەند چیرۆکێکی دیکەی هاوپەیوەست لەگەڵ چیرۆکی ژیانی خۆیدا دەگێڕێتەوە کە هیچیان لە چیرۆکی ژیانی خۆی کەمتر نییە... بە شێوەیەکی دوور لە راپۆرتکاری و بەزەبری حیبکە و گرێچنێکی درامی سەرنجراکێش گەشتێکی خۆشمان بەناو رووداو و دیمەنێن دڵگیری گوند و شار و سەربازخانەو شێتخانەو باخ و دایەرەو دادگا و زندان و نەخۆشخاناندا پێدەکات...

زەمەنی گێڕانەوەکە بریتییە لە ماوەی زندانییەکەی زندە، بەڵام زەمەنی گشتی رۆمانەکە هەموو ژیانی دەگرێتەوە لەرۆژی لەدایکبوونییەوە تا رۆژی بەربوونی لە زندان، تا خۆی و ژنەکەی و منداڵەکەیان کە بەرێوەیە، لەناو گێژاوی سیستەمی بیرۆکراتی دژوارو سەختدا رووبەرووی چارەنووسێکی نادیار ببنەوە. جا لێرەدا پاش ئەوەی زۆربەی بەرهەمەکانی نەسینم خوێندەوە دەبێ ئامارژە بۆ ئەو حەقیقەتە بکەم کە ئەم رۆمانە (بێناسنامەکان) گەورەکراوەی دوو چیرۆکی لێکچوون کە بریتین لە (بژی نیشتمان) و(یەشار نە زندووە نە مردوو) کە هەر یەکێکیان بە کورتکراوەو ئەسڵی ئەم رۆمانە دەژمێردرێن، بەتایبەتی یەکەمیان کە خودی رۆمانەکەیە بە بچووککراوەیی. لێ چیرۆکەکانی دیکەی ناو رۆمانەکە، توانیم ئەسڵی هەنێکیان بدۆزمەوە کە بریتین لە: (لە تاکسیدا)یان (تاکسی پێنج ریاڵی) و (بەشێك لە سامانی دەوڵەت) کە چیرۆکی شەبقەیەکەو ( رووداوسان) ئەو چیرۆکەیە کە قارەمانەکەی بەوەی خۆی دەخاتە بەر ترۆمبێلی دەوڵەمەندان نان پەیدا دەکات، هەروەها (کارتی راسپاردن) کە واسیتەیە، ( خۆکوژی بە مەرگەموش) و (گۆڵچی) و ( تەشریفات)

ئەمیش چیرۆکی ئەو پیرەژنەیە کە بانگ دەکرێت بۆ خزمەتی ئەسکەری، بەڵام زۆر بە جوانی رەعەمەل هێنراوە.

کە زندە سەربهوردی خۆی دەگێڕێتەوە، گەلێك لایەنی چاکی تێدایە لەوانە سەرنج و خۆشەویستی و سۆزی زندانییەکان چ لەباری مادی و چ لەباری مەعنەوییەوە بۆ لای خۆی رادەکێشێت، هەروەها خەم و پەژارەو داخی کڵۆڵی خۆی بەبادا دەدات، چونکە کڵۆڵی و داماوی ئەم کوڕە بەرادەیەکە تەنانەت ئەگەر گوێگریشی دەست نەکەوتبایە دەبووایە بەسەرهاتی خۆی بۆ دیواران.. دارو درەختان گێڕابووایەوە دەنا لە داخانا دەتەقی...ئەرێ بەشی ئێمەی ئەدیب و وەرگێڕەرانیش هەر ئەم مەینەتی و کڵۆڵییە نییە؟! ئێمەش لە ( اصعف الایمان)دا ناژین؟! لە کۆتاییدا دەبێ قسەیەك لەمەڕ وەرگێرانی کوردیی ئەم رۆمانە دڵگیرەوە بکرێت کە لەلایەن چیرۆکنووس و وەرگێڕی بەتواناو ئەزموونندار حەمەکەریم عارفەوە ئەنجامدراوە، جا ئەم وەرگێڕانە هەند جوانە نەك هەر هاوتای وەرگێڕانە فارسییەکە دەکاتەوە، بەڵکو هاوتای دەقە تورکییەکەش دەکاتەوە. خۆزگە چاپی دووەم دەکرایەوە، چونکە چاپی یەکەمە –جگە لە کەمی نوسخەکانی وخراپی کاغەزەکەی و دەرهێنانە هونەرییەکەی– چووەتەخانەی نەبووان و دەست ناکەوێت (لە ساڵی ١٩٨٦داو لە چیا و بەدەم رۆژگاری پێشمەرگایەتییەوە چاپ بووە.)

### نەسین و ئەدەبی منداڵان

نەسین جگە لەوەی یەکێکە لە دیارترین وەستایانی ئەدەبی تەنزو سەتیر، لایەنگرێکی بێ هاوتای ئەدەبیاتی منداڵانیش بوو و، لەم رووەوە گەلەك نموونەی جوانی بەرهەم هێناوە کە کە جوانترینیان بیرەوەری منداڵی خۆیەتی بەناوی ( منیش رۆژێ لە رۆژان منداڵ بووم.)

چونکە نەسین دەرکی بەزەرورەتی ئەدەبێکی تایبەت بە منداڵان کردبوو، بۆیە مشتو مڕێکی زۆری لەگەڵ ئەوانەدا بەرپا کردووە کە پێیان وابوو ئەدەبی منداڵان زەروری نییەو بەرپەرچی گەلێك لە راوبۆچوونەکانی ئەوانەی داوەتەوەو پێویستە پوختەی راوبۆچوونەکانی نەسین لەم بارەیەوە بخرێتە روو.

ئەگەر جیاوازی ئاشکرا لە نێوان تواناو ئاست و شێوەی تێگەییشتنی منداڵان و گەورەدا سەبارەت بە چلۆنایەتی شوێن و کات هەبێ ، ئەوا بێگومان جۆری تێگەییشتنیان لە کا رێن ئەدەبی چوونیەك نابێ، ئەمە جگە لەوەی کە تەمەنی منداڵییەتی مرۆۆ بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێدەپەڕێت و هەر قۆناغەشیان تایبەتمەندی خۆی هەیەو تەمەنی منداڵییەتی مرۆۆ رێژەیەکی زۆری تێکرای تەمەنی مرۆۆ پێکدێنێ ئەگەر لەگەڵ تەمەنی منداڵییەتی گیاندارانەدا بەراورد بکرێ بۆ نموونە (تەمەنی منداڵییەتی هیچ گیانلەبەرێکی رووی زەمین ناگاتە تەمەنی منداڵییەتی مرۆۆ) هەڵبەتە بەرەچاوکردنی تێکرای دەورەی ژیانی هەریەکێکیان.(هەرگیانلەبەرێ بگری لە فیلەوە تا باڵندەو پەرندە، منداڵییەتی رێژەیەکی کەم لە دەورەی تەواوی ژیانی دەگرێتەوە بۆ نموونە رێژەی منداڵییەتی پشیلە (١–٢٤)ە هی سەگ

(١-٢٠)ە کەچی منداڵییەتی مرۆڤ دەگاتە (١-٢) بەو حەساوەی تێکرای تەمەنی(٦٠ ساڵە) یانی قۆناغی کامڵ بوون و پیری دوو قۆناغی کورتن لە چاو قۆناغی منداڵییەتیدا) جا بەم پێیە بوونی ئەدەبی منداڵان بە پێی قۆناغەکانی منداڵییەتی پێویست و زەرورییە، قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە(٠-٦) قۆناغی نەوجەوانی(٦-٩) و قۆناغی هەرزەکاری(٩-١٢)و قۆناغی جەوانی و لاوی(١٣-١٨) ساڵان.

زۆرجار ئەوە سەلمێنراوە کە نووسین بۆ منداڵان ئەستەمەو، لە راستیدا قورسترە لە نووسین بۆ گەورە. بەڵام بۆچی؟ "چونکە نووسەر بە خۆی گەورەیەو لە دنیایەکی جیاواز لە دنیای‌ﻼ منداڵاندا دەژی و، لە منداڵییەتی خۆی دوور کەوتووەتەوەو رەنگە هەر بیریشی چووبێتەوە." ئا بەمجۆرە "نووسین بۆ منداڵان لە جیهانی تایبەتی خۆیاندا وەکو ئەوە وایە بۆ خەڵکانێکی غەریب و بێگانەی خەیاڵی لە دەرێی زەویدا بنووسیت." دیارە ئەمە وا دەخوازێ کە "نووسەر لە جیهانی خۆی بێتە دەرێ و تا دەتوانێ خۆی بە جیهانی منداڵدا بکات." لێ چۆن ئەمە دەکرێت؟ "هەندێ کەس سوورن لەسەر ئەوەی کە پێویستە نووسەر دابەزێ بۆ ئاستی منداڵ.. بەڕای من ئەمە بیرۆکەیەکی هەڵەیە، ئەمە زیاتر لەوە دەچێت کەسێکی گەورە بێت یاری منداڵانە بکات، واتە لاسایی بکاتەوە، هەڵبەتە ئەمە کارێکی ئاسایی نییە و ئەو کارە ئەدەبییەش کە ئەنجامی ئەوەبێت، ئاسایی نابێت."

نەسین پێی وایە نووسین بۆ منداڵان بەر لەهەر شتێك پێویستی بە تەکنیکە، واتە نووسین بۆ منداڵان جۆرە تەکنیکێکی هونەرییە و مرۆڤ دەتوانێ بەزەبری مومارەسە فێری بێ و مەعلانی لێ پەیدا بکات، وەکو چۆن دەتوانێ بە مومارەسە فێری نووسینی نمایشنامان ببێ. لێ نەسین بیری دەکەوێتەوە ودەڵێت: "من مەبەستم ئەوە نییە کە هەرکەسێك مومارەسەی پەیدا کرد ئیدی نمایشنامەی چاك بەرهەم دێنێ، یان کتێبی منداڵانی چاك دەنووسێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە مومارەسە زەرورییە بۆ بەرهەمهێنانی کتێبی چاك." هەروەها "نوسینی درامایەك بۆ منداڵان ماندووبوونی دووقاتی دەوێ، بۆیە پێتڤییە تواناو بەهرەیەکی تەکنیکیت هەبێ بۆ نووسینی نمایشنامەو نووسینی دیکە بۆ منداڵان، دەنا لەوەیە بۆت بێ و بە رێکەوت شانۆنامەیەکی باش بۆ منداڵان بەرهەم بێنێ... لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە دەمانەوێت خۆمان لە رێکەوت بپارێزین تا فێر بین بە هوشیارییەوە بنووسین."

### پۆرترێتی نەسین

دەمووچاوی نەسین (کە ناوی راستەقینەی محەمەد نوسرەت)ە تەنانەت لە پیریشدا هەر دەمووچاوێکی منداڵانەی بێگەرد بوو. خۆشترین خواردن بە لایەوە : لۆبیاو ماسی بوو. جگەرەو چایی زۆر دەکێشاو دەخواردەوە. هەمیشە گلەیی لە قەڵەوی و قورسی خۆی دەکرد. بەهۆی ساڵانی دوورو درێژی ناو زندانانەوە، دەستی راستەی پەکی کەوتبوو و نەیدەتوانی بە ئاسانی پێی بنووسێت. بۆیە رەشنووسەکانی بە تەباشیر لەسەر تەختە رەش دەنووسی و پاشان لەسەر ئامێری چاپ(تایپ) پاکنووسی دەکردنەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ژنی دووەمی

(مـــارال)لـــە ســـاڵی ١٩٥٢وە بـــەزۆری یارمـــەتی دەدا لـــە چـــاپکردن و چـــاککردنەوەی نووسینەکانیدا.

وادیـارە نەسـین کەسـایەتییەکی دوو فـاقی هـەبووە، لـە بەرهەمـە کانیـاو لـە ئەدەبەکەیـدا هێرشـبەرێکی گـەورە بـووە، کەچـی لـە ژیـانی ئاسـاییدا شـەرمنێکی کەمـدووی بەسـەبرو زۆر حەلیم بـووە، لێ لەگـەڵ ئەوەشدا خـەڵکانێك لـە زمـانی تیـژی کـە هـەرگیز لـە قەڵەمەکـەی کـەمتر نەبووە، دەرباز نەبوونە. بۆ نموونە دەگێڕنەوە دەڵێن جارێکیان سکرتێرەیەکی نووسـەرێك لـە یەکێك لە میهرەجانەکاندا لێی دەپرسێت: – من چاوەڕوانی یەشار کەمالم و نایناسم، چۆن بیناسم؟!

نەسین یەکسەر وەڵامی دەداتەوە:

– کە ناشیرنترین پیاوت بینی لە فرۆکە دابـەزی و بـە زمـانێکی تـورکی خـراپ قسـەی کـرد، بزانە کە ئەوە یەشار کەمالە...

ئـەوەش روویـداو وەختـێ یەشـار کـەمال پێـی گـوت کـە چـۆن منـی ناسـیوە، سـکرتێرەکە راسـتی مەسـەلەکەی پـێ گوتبـوو، ئیـدی یەشـار کـەمال لـە قاقـای پێکـەنینی دابـوو و گوتبووی:

–کەواتە نەسینی ئەدەبسز لێرەیە!

نەسـین دایکـی خـۆی زۆر خۆشدەویسـت و لـە بارەیـەوە دەڵێـت: "هـەر شـتێکی چـاك لەمندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو و لە چاکی دایکمەوەیە."و باسـی ئـەوە دەکـات کـە چـۆن ئـەو ئافرەتە چاکەی لە دڵ و دەروونیدا چەسپاندووەو دەڵێت: "دایکم نەخوێنـەوار بـوو بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ناسـك و هەسـتیارو دڵ و دەروون چـاك بـوو، جـا لەبـەر ئـەوەی دایکـان باشترین ئافرەتێن دنیان، بۆیە دایکم باشترین ئافرەتی دنیا بوو."

رۆژێك گوڵێکم لە باخچە کردەوەو بەپەلە چووم پێشکەش بە دایکم کـرد، کـە زۆر شـاد بوو و گوتی: بابچین گوڵی دیکەش بکەینەوە.. چووینە باخچەکەوەو گوڵێکی نیشاندام و گـوتی:– بڕوانـە چـەند جوانـە. گـوڵیش رۆحیـان هەیـە و بـۆ خـۆ دەژیـن، ئەگـەر گوڵێـك بکەینەوە، ئەوا بوونەوەرێکی زندوو ،زندەوەرێك دەمرێت، جا باشتر وایە هەر بە چڵەکەی خۆیەوە بمێنێ، چونکە لەناو ئینجانەدا ئەم جوانی و تەڕی و تازەییەی نابێ!"

لێ نەسین هەر زوو و لەتەمەنی یازدەساڵیدا سـۆزی ئـەم دایکـە باشـەی لـە دەسـت دا و لە یەکێك لە قەسیدەکانیا بەمجۆرەی دەلاوێنێ:

"جوانترینی هەموو دایکان

جوانترینی هەموو جوانان!

لە سێزدە ساڵیدا مێردی کرد

لە پازدە ساڵیدا منی بوو،

لە هەڕەتی گەنجیدا مرد

لە بیست و شەش ساڵیدا..."

لێ بابی هەشتاو چوار ساڵ عومری ڕانی، پیاوێکی دیندار بوو، لەگەڵ ڕاو بیرو بیرکردنەوەی کوڕەکەیدا نەبوو. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە تەنگانەدا فریای دەکەوت و منداڵەکانی دەلاواند. نەسین لە قەسیدەیەکیدا بە ناوی ( لە یادی بابمدا) ستایشی هەڵوێستەکانی دەکات.

نەسین زۆربەی کاتی خۆی لە هەتیوخانەدا بەسەر دەبرد کە بە خۆی بۆ پەروەردەی منداڵانی هەتیوی دامەزراندبوو، ئەمەی لە سوڕانەوەو دانیشتن و چەنەبازی لەگەڵ نووسەران و رۆژنامە نووساندا لە مەیخانەو کوڕەکان پێ باشتر بوو.. ئیدی نەسین تا دوا رۆژەکانی ژیانی و کۆچی دوایی لە ٧-٧-١٩٩٥ هەر جددی بوو. هەمیشە مەرگ و نووسین کەڵکەڵەی بەردەوامی بوون و لە گوتەیەکیدا دەڵێت: " بۆیە دەنووسم، چونکە بیر لە مردن دەکەمەوە." و "مرۆڤی هوشیار کە بیر لە مردن دەکاتەوە، جوانترین کار دەکات." بەڕاستی داهێنەران نە دەتوانن مەرگ بسڕنەوەو نە دەتوانن دوای بخەن، لێ دەتوانن بە گژیدا بچنەوەو سامی بشکێنن ئەگەر شتێکی نەمریان بەرهەمهێناو جاویدانی پێبەخشین. بێگومان عەزیز نەسین لە جوملەی ئەم نەمرانەیە.

نەسین لە بواری رۆژنامەوانیدا

نەسین پاش ئەوەی دەسبەرداری سوپا بوو تا خۆی بۆ ئەدەب تەرخان بکات، ناچار بوو بۆ ماوەیەك لە بوارێن وێنەگری، ژمیریاری، فرۆشیاری دەستگێڕدا کار بکات،بەتایبەتی پاش بەربوونی لە زندانان. لێ نزیکترین کار لە خۆی و لە ئەدەبەکەیەوە کاری رۆژنامەوانی بوو، گوتارەکانی یەجگار ئاگرین بوون، زۆرجار بوونەتە مایەی داخستنی رۆژنامان و حەپسکردنی خۆیشی، یەکێك لەوانە گوتارێکی بوو دژی شای ئێران و مەلیك فاروق، کە لە سۆنگەیەوە بۆ ماوەی شەش مانگان زیندان کرا. ئەمە ناوی هەندێ لەو رۆژنامانەیە کە کاری تێدا کردوون و بەناوی خۆی و ناوی خوازراوەوە کە گەییوەتە (٢٠٠)ناو بەرهەمی تێدا بلاو کردووەتەوە.

١- لە ساڵی ١٩٣٩دا لە گۆڤاری (یدیگون)دا نووسەر بووە.
٢- لە رۆژنامەی (ئەقشام)دا زنجیرە وتارێکی بەناوی (گوندەدەکی) بلاو کردووەتەوە و رەخنەی توندو تیژی بە زمانی گوندەکییەکی ساویلکەوە لە بارو دۆخی خراپی گوندەکان گرتووەو ئەمەش بووەتە مایەی راگرتنی رۆژنامەکەو حەپسکردنی خۆی لە ساڵی ١٩٤٢دا
٣- لەگەڵ سەباحەدین عەلی نووسەردا گۆڤاری(مارکو پاشا)ی لە ساڵی ١٩٤٦دا دەرکردووە، کە گۆڤارێکی سیاسی سەتیر بوو،و زۆر کەسی لەحۆی خڕکردەوە، لێ تەمەنی کورت بوو، بەهۆی گوتارە ئاگرینەکانی نەسینەوە داخرا و بە خۆیشی حەپس کرا.

٤- لەسەرەتای پەنجایەکانی سەدەی بیستەمدا وەکو نووسەر لە گۆڤاری (ئاق بابا)ی هەفتانەدا کاری کردووە.
٥- چیرۆکەکانی لە هەردوو گۆڤاری (میللەت) و (مرۆڤی نویٚ)دا بلاٌو کردووەتەوە.
٦- رۆژنامەی (تان- فەجر)ی دەرکردو پاشان داخرا.

پەسننامە دەربارەی نەسین

"ئەوە چل و سیٚ ساڵە ئاق بابا دەردەچێت، گەلێك لە گەورە نووسەرانی تورکی جێی خۆیان تێدا گرتووە وەکو: ئەرجومەن ئەکرەم، عوسمان جەمال، رەشاد نوری،ومەحمود پسەر... لیٚ شتاقیان وەکو نەسین نەبوون، هەرکە دەستی دەدایە قەڵەم بە ئاسانی لەمەڕ ئەو بابەتەی بەردەمی دەنووسی و سەرکەوتووانەش دەینووسی."

زیا ئورتاج

سەرنووسەری گۆڤاری (ئاق بابا)ی هەفتانە

***

"گەورەترین تەنزنووسی تورکیایە. لە ئێراندا ناسراوەو زۆر بەرهەمی کراون بە فارسی... خەڵکی بەتاسەوە بەرهەمەکانی دەخوێننەوە، چونکە ژیانی ئەوان عەکس دەکاتەوە... بەخۆی دەڵێت:"کارەکانم بۆیە بەم رادەیە ئێرانییەکان رادەکێشێت، دیارە لێکچوونێکی زۆر لە نێوان هەردوو کۆمەڵگەی تورکی و ئێرانی هاوچەرخدا هەیە.. هەروەها دەبیٚ دان بەوەدا بنریٚ کە خەڵکی لە هەردوو تورکیاو ئێرانی ئەمڕۆدا لە ڕەوش و بارودۆخێکی چوون یەکدا لەباری کۆمەلاٌیەتی و ئابوری و سیاسیدا دەژین و بگرە هەمان گیرو گرفت و کێشە رووبەروویان دەبێتەوە."

تەمین باغچەبان

نووسەرو وەرگێڕی ئێرانی

***

"تەنزنووسەو لە زۆربەی هەرە زۆری ئەدیبانی تورکیا ناسراوترە، چ لەبەر تەوس و توانجە توندەکانی و چ لەبەر زۆری بەرهەمەکانی. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی نووسینی نەسین ئەوەیە کە رووداو و رۆژانە مەسەلەکان وەردەگرێت و مامەڵەیان لە تەکدا دەکات، کە ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی تورك دەنوێنیٚ و، جا چ لە چیرۆکەکانیدا و چ لە کارە ئەدەبییەکانی دیکەیدا وێنەیەکی تەنزاوی پێکەنینئامێزی ئەو رۆژانە شتە ناکۆکانە دەگرێت..."

اكمل الدين احسان

توێژەرو وەرگێڕی میسری

***

"ڕەنگە زۆر زەحمەت بێ، لە کۆی ئەدەبی جیهانی ساڵانی چلەکان و شێستەکانی سەدەی بیستەمدا ، نووسەرێکی دی بدۆزرێتەوە بە رادەی عەزیز نەسینی بلیمەتی نووسەری تورکیا دیارو بەناوبانگ بێ... دەبێ بۆ هۆی ئەمە ، جگە لە بەهرە خودییە هەرەگەورەکەی نەسین، لە مێژووی رەوشی تورکیای تازەدا بگەڕێین، ئەو رەوشەی کە ئەم هونەرمەندە دەگمەنەی بەرهەم هێنا و ئەو سەرچاوە زندووەی تەنزو تەنزنووسی بۆ دابین کرد."

خاتوو.ل.ئو.ئەلکایڤا

توێژەری روسیایی

***

"نەسین کۆمەڵێك خەسڵەتی لە خۆ گرتووە کە زۆر زەحمەتە لە یەك کەسدا هەبن، تێکۆشەرێکە لە پێناوی مافی مرۆڤدا،کەسێکە تەنزنووسە، فەیلەسوفە، خەباتکارە دژی هەر توندرەوییەکی نەتەوەیی و ئاینی، ئەو توندرەوییەی هەمیشە حوکمرانان بۆ پەراوێزکردنی هاووڵاتیان بەکاری دێنن، نەسین ئاشقی ژیان بوو، لێ لە مردنی نەدەترسا، نەسین سنوورو کەوشەنان ناناسێت، بەرهەمەکانی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤ دەگرنە خۆ."

گونتەر فالراف

نووسەری ئەڵمانی

***

ئەو خەڵاتانەی نەسین وەریگرتوون

ئەوەی غەریب و سەیرو مایەی گاڵتە پێکردن و تەوس و توانجە ئەوەیە کە نەسین بە پێچەوانەی ئەدیبان و هەڵکەوتوانی جیهانەوە، لە هەندەراندا شۆرەت و ناوی پەیداکرد و خەڵاتانی وەرگرت، بەر لەوەی تورکیای وڵاتی خۆی ئەم کەسایەتییە ئەدەبییەی خۆی بناسێت، ئەمەش لیستێکە لەو خەڵاتە ئەدەبییانەی بە رەنجی خۆی و بەرهەمی خۆی وەریگرتووە:

١-(گەڵای زێڕین) ١٩٥٦-ئیتاڵیا. لەسەر چیرۆکی(فیلەکەی حەمدی)کە زۆر تەنزنووسی دیکەی دنیا لە ١٢٧ دەوڵەتی دنیاوە بەشداری ئەم پێشبڕکێیەیان کردبوو.

٢-(گەڵای زێڕین)١٩٥٧-ئەڵمانیا، لەسەر چیرۆکی( ئاهەنگی کردنەوەی کارگەی تازە).

٣-(ژیشکی زێڕین)١٩٦٦-بولغاریا، لەسەر چیرۆکی (خزمەتێکی نیشتمانی) لە فیستیڤاڵی ڕێزگرتنی تەنزنووس ئەلکوکونستانتینۆف و ٣٠٠نووسەری دنیا بەشداری پێشبڕکێیەکەیان کردبوو، خەڵاتی یەکەم بە نیوەیی درا بە نەسین و نووسەری ئەڵمانی ئەریش کاستنەر.

٤-ڕۆژنامەی (میللەت)-تورکیا، لەسەر شانۆنامەی( سێ قەرەقۆز).

٥-گۆڤاری (تیمساح)١٩٦٩-مۆسکۆ، لەسەر چیرۆکی (خەڵکی رادەبن).

٦-(کۆڕی زانیاری تورکی)١٩٧٠، لەسە چیرۆکی(چیچو)

٧-(لوتس)١٩٧٤-یەکێتیی نووسەرانی ئافرۆ ئاسیایی.

٨-(خیتری پیوتر)١٩٧٩-بولغاریا.

٩-فیستیڤاڵی(ئەو نووسەرەی گەل هەڵیبژارد)١٩٨٥-١٩٨٦-تورکیا.

تێبینی:مامۆستای ئەدیب جەلال زەنگابادی بۆ ئەم باسە شازدە سەرچاوەی بەپێزی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و تورکی و ئینتەرنێتی بەکار هێناوە ،کە بەندە لەبەر هەندێ هۆی تەکنیکی نەمتوانی لێرەدا تۆماریان بکەمەوە، جا هەرکەسێك ئەو سەرچاوانەی مەبەست بێ دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوەیەی کە بەندە باسەکەم لێوەی وەرگێڕاوە کە بریتییە لە:
گۆڤاری(گولان العربی) ژمارە(٨١) شوباتی ٢٠٠٣ل١٧٧-١٨٥.

( لەنامەیەکی بەرواری ١٩٦٢/٨/٢ی عەزیز نەسینەوە بۆ تمین باغچەبان )

....ئێمە دەزانین لەو ولاٌتانەدا کە پابەندی مافی دانانی نێونەتەوەیی نین، دەکرێت بەرهەمی نووسەرێك بێئەوەی چ هەقێکی بدرێتیٚ،تەرجومەو بلاٌو بکرێتەوە، بەلاٌم ئەوەی کە پێم قەبولٌناکریٚ ئەمەیە کە چۆن چەند کەسێك لەویٚ ڕێگەیان بە خۆداوە بە تەرجومەی هەلٌەو نوقستانی بەرهەمەکانم مافی مەعنەوی من پایەمالٌ بکەن.

من بە بەراوردکردنی هەندیٚ لەم تەرجومانە، بیٚ ئەندازە خەمبارم و تکا لە تۆ دەکە کە لەبەرخاتری دۆستایەتی، بەلای کەمەوە پاراستنی مافی مەعنەوی من لە ئێراندا لە ئەستۆ بگریت...

عزیز نسین

(دەقی وەکالەتنامەی عزیز نسین)

بەم نووسراوە رایدەگەیەنم کە سەبارەت بەو بەرهەمانەم کە لە ئێران دا وەردەگێڕدرێن و لە گۆڤارو رۆژنامانـدا ، یا بەشێوەی کتێب لە ئێران دا چاپ دەبن، مافەی پاراستنی هەموو مافێکی خۆم بە ئاغای تەمین باغچەبان سپارد.

عەزیز نەسین

١٩٦٢/٨/٢

# سەگانی torونگ

چیرۆکی:عەزیز نەسین                                        و:حەمە کەریم عارف

بۆ بەشداری لە کۆنگرەیەکی جیهانی،سەفەری پایتەختی ولاٌتێکی فەڕەنگم کردبوو. کاری کۆنگرە کە هەفتەیەکی دەبرد. قەراربوو یەك هەفتەش میوانی سەفیری خۆمان بم کە لە دۆستانی نزیکمە.

رۆژی یەکەم، چونکە دەبوو لە کۆنگرەکەدا بەشداری بکەم، نەمتوانی بۆ سەفارەتخانە بڕۆم. بۆ شەوەکەی سەفیرو هاوسەرەکەی تەلەفۆنیان بۆ کردم. رۆژی دوایش بە ئۆتۆمۆبیل هاتن بە شوێنماو بردیانم. سەفیرو ژنەکەی هەردووکیان لە دۆستانی کۆنی منن. لە رەفتاری ژن و مێردەدا بۆم دەرکەوت کە بەینیان ناخۆشە. ژن و مێرد کە لێکدی دڕدۆنگ بن، هەر کارێ بکەن ناتوانن ئەوە لە میوانەکەیان بشارنەوە.

دروست نەبوو کە من لەمبارەیەوە پرسیار بکەم، چونکە خۆمانی بوون و ئەگەر بیانویستایە، بەخۆیان دەیانتوانی دەردە دڵی خۆیانم بۆ بکەن. ئاقیبەتیش خۆیان هاتنە زمانو سەری قسەیان کردەوە. دەرکەوت هاوسەری دۆستەکەم زۆری حەز لە حەیوانات بوو،و دۆستەکەشم بەوە ناقاییل نەبوو نەك هەر هیچ ئیعترازێکی نەبوو، بەڵکو حەیواندۆستییەکەی ئەوی.بە ئاسایی دەزانی، چونکە ئەم ژن و مێردە منداڵیان نەدەبوو. تەلاری سەفارەتخانەکە پڕ بوو لە سەگ و پشیلەو باڵندە، کە هەندێ لەم حەیوانانەیان لە ئەستەمبوڵەوە هێنابوو.

دۆستەکەم هیچ لارییەکی لەم وەزعە نەبوو،بەلاٌم هاوسەرەکەی پێی سەگێکی بەر ە ڵلاٌشی بۆ ناو سەفارەتخانەکە کردبووەوە. ئەم سەگە خوێڕییە، نەك هەر زۆر پیس بوو، بەڵکو نەخۆشیش بوو، گەریش بوو، زامداریش بوو لە لەڕیدا پێستی سکی بە پشتییەوە نووسابوو و پەراسووەکانیت بژماردایە.

هاوسەری جەنابی سەفیر، بێ رەچاو کردنی کارو پایەی مێردەکەی، هەموو رۆژێ بەیانی و عەسر لە پشت دەرکەی سەفارەتخانەکەوە دەچووە سۆراخی ئەم سەگەو تێری دەکرد. ئایا ئەم کارە شایستەی ژنەسەفیر بوو؟ سەگەش، کە لەم هەموو میهرو سۆزە روودار بووبوو، لەبەر دەرکەی سەفارەتخانەکەدا بارگەی خستبوو، و هەرکە برسی دەبوو، دەچووە سەفارەتخانەکەو بۆ ئەوەی بێن بە سۆراخییەوەو سکی تێربکەن، لە یەکبینە دەیلوراند. زۆر جاران رێککەوتبوو کە تەنانەت نیوە شەوانیش، هاوسەری سەفیر لە دەنگی لورە لە جێگە دەهاتە دەرێ، بە قاپە خواردنەوە لە دەرکەی سەفارەتخانە دەچووە دەرێ و لە پشت دەرگای گەورەی سەفارەتخانەکە سکی ئەم حەیوانەی تێردەکرد،و قاییل نەدەبوو کە پێشخزمەتانی سەفارەتخانەکە ئەم کارە ئەنجام بدەن. هەڵبەتە بەزەیی هاتنەوە بە گیانلەبەران و حەیواندۆستی زۆر باشە، بەلاٌم هاوسەری دۆستەکەم لە تامی دەرکردبوو. ئەمە جگەلەوەی

هەموو رۆژێك دەستكێشی لاستیكی لە دەست دەكرد و دەرمانی لە هەموو بەدەنی گەڕو بریندارو گڕوێی ئەم سەگە دەداو رۆژێكیش لەو بەینەدا بە سابونی پزیشكی دەیشت.

سەگی گڕویێ، بەرەبەر بوژایەوەو گۆشتە زنووی هێنایەوەو بوو بە سەگێكی قەڵەوو مل ئەستوور،و دوای ماوەیەكیش سكی بەرز بووەوەو گەورەو گەورەتر بوو، بەجۆرێ كە رێی دەكرد لەزگ بوو سكی بگاتە زەوی. ئەم سەگە دێڵ بوو و ئاوس بوو بوو.

دۆستەكەم دەترسا. هەقیشی بوو. چونكە ئەم سەگە بەو زووانە دەترەكی،و دیاربوو چ وەزعێك دەقەومێ. بێگومان ئەم سەگە هەموو رۆژێك بەیانی و ئێوارێ، لەوەخت و بێوەختدا، بە پێنج شەش توتەڵەوە دەهاتە بەر سەفارەتخانەكە و هەموو پێكەوە دەستیان بە وەڕین و قروسكان دەكرد.

دۆستەكەم كاتێ كە بیری دەكردەوە ئەم گەلە سەگە بەر لە هەركەسێك دەچنە پێشوازی میوانانی فەرمی سەفارەتخانەكە، نارەحەت دەبوو. هەروەها نەیدەزانی بەم سەگەلەوە كە بە ر دەرگای سەفارەتخانەكەیان دەگرت، چۆن میوانداری فەرمی ئەنجامبدات.

دەردەدڵی دۆستەكەم زۆر بوو. چونكە تا رۆژی ترەكینی نزیكتر دەبووەوە، سەگەكەش كەمتر بەردەرگای سەفارەتخانەكەی بەردەدا. هەڵبەتە دۆستەكەم دەیتوانی بۆ شارەوانی بنووسێت تا مامورانی سەگكوژی، شەڕی ئەم سەگەی لەكۆڵ بكەنەوە. بەڵام لەم حاڵەتەدا چی لەگەڵ ژنەكەیدا دەكرد؟

كە كاتی ترەكین نزیك دەبووەوە، سەگەكە بۆ دۆزینەوەی شوێنێكی لەبار، هەوڵیدەدا كە لە دەرگای سەفارەتخانەكەوە بچێتە باخەكە. لەم كاتەدا هاوسەری دڵناسك و حەیواندۆستی سەفیر، یەك داوای لە مێردەكەی هەبوو. لە مێردەكەی دەویست  بە ترەكینی دێڵەكە لە باخەكەدا قاییل ببێ و دەیگوت: "نایەڵم پێ بنێتە ناو تەلارەكە، لەباخەكەدا دەترەكێ، سەگەكانی دیكە بەغیلی پێدەبەن، نایەڵم دوو پێی بنێتە ناو تەلارەكە..."

دۆستەكەم دەیگوت:"هەڵبەتە قاییل بووم، چونكە چ چارەیەكم نەبوو. ئەمە جگە لەوەی ترەكینی ئەم سەگە بەبەرچاوی خەڵكییەوەو لەبەردەم سەفارەتخانەكەدا خۆش نەبوو، بەتایبەتی هیچ دیمەنێكی خۆشی نەبوو كە پایەدارانی فەرمی كە هاتوچۆیان بۆ سەفارەتخانەكە هەیە، ببینن كە بەردەركەی سەفارەتخانەكە بووە بە زاینگەی سەگانی بەرەڵلا." وەكو دەیگوت، ئاقیبەت سەگە لە باخەكەدا ترەكی بوو، نەك یەك دوو توتەڵە، بەڵكو حەوت دانە توتەڵەی هێنابوو. سەگی زاو  بە گوانەكانییەوە كە دەگەییە زەوی، ئازادانە لە باخەكەدا دەسوڕایەوەو لەهەر شوێنێ دڵی بیویستایە پاڵ دەكەوت و توتەڵەكانی شیر دەدا. مانگێك نەبوری بوو كە توتەڵەكان گەورەبوون و دەستیانكرد بە یەكتر راونان و یاریكردن و هەڵكەندنی گوڵەكان و شكاندنی گوڵدانەكان. باخی سەفارەتخانەكەیان، كە لەرووی جوانی و گوڵكارییەوە لەسەرزمانی هەمووان بوو، لەبەر چاو خستبوو. هەر زوو توتەڵەكان گەورەتر بوون. دایكیشیان تێكەڵیان بوو،و بە هەشت قۆڵی لەسەر چیمەنەكان كەوتنە هەڵبەزو دابەز و

زۆرەبانی و گەمەو لاساری. بەمجۆرە دیار بوو کە ئەوباخە پڕ چیمەن و گوڵ و گوڵکارییە چی بەسەر هاتبوو.

ڵێ مەسەلەکە لێرەدا نابڕێتەوە. دەڵێن:" هەر خراپێك خراپتریشی هەیە."و بۆ دۆستەکەم لەمەش خراتر هاتە پێشێ: سکی سەگە سەرلەنوێ بەرز بووەوەو هەمدیس ترەکییەوە،و ئەم چەلە نۆ دانە توتەڵەی هێنا. دۆستەکەم پێی گوتم:"لەکاتی خۆیدا هاتی."

گوتم: "چۆن؟"

گوتی: "چونکە تۆ دەتوانی ئەم گرفتە حەل بکەی. ماوەیەکە ژیانمان ژیان نییە. ئێستا باخی سەفارەتخانەکە بووە بە سەیرانگەی هەڤدە دانە سەگ. ئەم سەگانە نە گوڵێکیان لە باخەکەدا هێشتووەو نە چیمەنێك،و ئەگەر ئەمانەش لە ئایندەدا بکەونە زاوزێ ،هەنگێ تەگبیری من چییە؟

رۆژێکیش کە هاوسەری دۆستەکەم بە تەنیا لەگەڵ منا بوو، لەمبارەیەوە کەوتە دەردە دڵ. هەقی بە مێردەکەی دەداو دەیگوت:"دەزانم کە هیچ کەس قاییل نابێ هەڤدە دانە سەگ لە شوێنی کارەکەیدا بێ. ڵێ تازە کار لەکار ترازاوە. هەق بوو من لە هەوەڵەوە رێگەی ئەم سەگەم لە سەفارەتخانەکەدا نەدایە. بەڵام تازە رۆیی. هەڵبەتە پەشیمانم، بەڵام چار چییە؟ مێردەکەم ئاگادار نییە، بەخۆم زۆرم هەوڵدا بەهەر جۆرێ بووە ئەم سەگانە لەکۆڵ خۆم بکەمەوە. بەڵام چەندم بیرکردەوە، بیرم بە هیچ کوێیەکڕا نەگەیی..."

وەکو دەیگێڕایەوە، کەرەتێکیش پیکابێکی بەکرێ گرتبوو وسەگەکانیان بردبوو و لەشوێنێکی دوور فڕێیان دابوون، و گێڕایەوە کە چۆن لە دوای سەگەکان گریا بوو. هەموو سەگەکان شەوێ هاتبوونە خەونی و بەدەوریا سوڕابوونەوەو قروسکاندبوویان. بەڵام بۆ سبەینێ بەیانی زوو، بەر لەهەموویان دایکەکە،و پاشان ئەوانی دیکە، یەك یەك، دوو دوو، هاتبوونەوەو دووبارە باخی سەفارەتخانەکەیان داگیر کردبووەوە.

دەیگوت:"ئێستا نازانم چیبکەم؟ ناتوانم راسپێرم سەگەکان لەبەرچاوم بکوژن..."

پاش ئەمەی داخی دڵی هەڵڕشت، گوتی:"تکایەکی گەورەم لێت هەیە؟"

گوتم:" ئەمرەکەی."

ئەویش وەکو مێردەکەی پێی وابوو کە من تاقە کەسێکم کە دەتوانم ئەم گرفتە چارەسەر بکەم. گوتم: "لە کوێ دەزانی کە خزمەتێك لەدەست من دێت؟"

راستییەکەی من تا ئەو رۆژە لە کوێرە کۆڵانێکی پڕ سەگی وەهادا گیرۆدە نەبوو بووم تا تەجروبەیەکم بەدەست هێنابێ. وێڕای ئەمەش، رێگەیەکم وەبیردا هات و گوتم:"ئێوە لێرەدا دۆست و ناسیاوی زۆرتان هەیە، لەگەڵ سەفیرانی وڵاتانی جۆراوجۆرو ژنەکانیاندا دۆستایەتیتان هەیە، دەتوانن ئەم سەگانە یەك یەك بەم و بەو بدەن!"

گوتی:"وادەزانی ئەم بیرەم نەکردبووەوە؟ بەهەموو دۆست و ناسیاوەکانم گوت، لێیان پاڕامەوە، بەڵام شتاقیان قاییل نەبوون."

بۆ ئەوەی ناکۆکی ئەم ژن و مێردە-کەهەردووکیانم زۆر خۆشدەویست -زیاتر نەبێت، ڕێگەیەکی دیکەشم دۆزییەوە.

شەوی دوایی، ژمارەیەك لە پیاوان و بازرگانانی ناودار و نوێنەرانی سیاسی ولاّتانی جیاواز بۆ سەفارەتخانەکەی ئێمە دەعوەتکرابوون.

من لەگەڵ یەکێك لە بازرگانەکاندا کە لەم میوانداریيەدا شەرەفی ناسینی ئەوم پێبڕابوو، زۆر گەرم و گوڕ بووم. بەدەم گفتو گۆوە، باسی سەگ و سەگناسی هاتە پێشیّ و دەربارەی ڕەچەڵەك و نەژادی سەگ و جۆرەکانی سەگ قسەم کرد. ..ئەوی ڕاستی بیّ من لەمبارەیەوە زانیارییەکی ئەوتۆم نەبوو، لیّ هاودەمەکەشم لە من نەشارەزاتر بوو. ..دەمگوت:"هەڵبەتە وەکو خۆتان لە من باشتر دەزانن، باشترین سەگانی دنیا، لە ڕەچەڵەکی تورونگن."

- بەلّیّ، بەلّیّ، دەزانم.. لیّ مەخابن ئەم ڕەچەڵەکە زۆر دەگمەنە و لێرەش دەستناکەویّ.
- گوتم:" بەلّیّ وایە، هەرچەند سەگان زوو زوو دەزێن، لیّ مەخابن تورونگان زۆر کەم دەزێن، و گرتنەوەی تۆوی ئەم ڕەچەڵەکە و پاراستنی گرفتێکی زۆر گەورەیە لەبەردەم زیادکردنی سەگانی تورونگ.

سەگی تورونگ بە تەواوەتی سەرنجی کابرای بازرگانی ڕاکێشابوو. منیش نەمدەهێشت لە ناوەندی قسەکاندا هەناسەیەك بدات و پەیتا پەیتا دەمگوت:"سەفیری ئێمە دوو دانە سەگی تورونگی هەیە، کە..."

گوتی:"بەلّیّ ئەگەر بنیادەم بییەویّ سەگ ڕابگریّ، باشترە لە ڕەگی تورونگ بیّ."

گوتم:"سەفیری ئێمە جووتیّ سەگی تورونگ-یان هەیە کە پێم وانییە بەکەسیان بدات، بەلاّم ئەگەر جەنابتان ڕووی لیّ بنەن، باوەڕناکەم داواکەتان ڕەفز بکات."

بە بیانوویەکەوە لە کابرای بازرگان دوور کەوتمەوەو خۆم گەیاندە هاوسەری دۆستەکەم و زارم وەپەناگوێیەوە ناو گوتم:" یەکێکیان لە کۆڵ بووەوە.. دەنگ نەکەی!"

هاوسەری دۆستەکەم کە لە خۆشیا پەشۆکابوو ، گوتی:"زۆر چاکە !جا مادامێکی قەرارە یەکێکیان بڕوات، باشترە کە دایکەکەیان لە کۆڵ بکەینەوە، چونکە دیسان سکی بەرزبووەتەوەو دوور نییە ئەم چەلە یازدە دانە بێنیّ!"

هەرواش دەرچوو. بازرگانی میوان داوای یەکێك لە سەگەکانی لە سەفیری ئێمە کرد و سەفیر بەسەرسامی پرسی:" چیت فەرموو؟... سەگی تورونگ؟"

من یەکسەر خۆم تیّ هەڵقورتاندو گوتم:"پێویست ناکا بیشارنەوە جەنابی سەفیر! جەنابیان دەزانن کە ئێوە سەگی تورونگتان هەیە. من قەولم دایێ کە ئێوە داواکەیان ڕەتناکەنەوە!

کاتیّ کە کابرای بازرگان لە سەفارەتخانەکە وەدەردەکەوت، سەگە بەرەڵلاّکەمان لە ئوتومبیلەکەی نا.

دووای دوو ڕۆژ میوانداریيەکی دیکە سازدرا. سەیری ئەملاو ئەو لام کرد،و لە نێو ئاپوراکەدا بەڕێوەبەری یەکەمی سەفارەتخانەیەکم هەڵبژارد، بەدەم قسەوە پرسیم:" تا ئێستا تەشریفتان بردووەتە ئەسپانیا؟"

گوتی:"بەداخەوە، نە."

لەدڵی خۆدا گوتم"باشتر!" چونکە منیش ئەسپانیام نەدیوەو دەمویست بە باسی ئەسپانیا و جوانی دیمەنە سروشتییەکانی ئەوێ سەری قسان بکەمەوە... سەری قسە کرایەوە. گوتم:"ئەوەی لە ئەسپانیادا لە هەموو شتێ پتر سەرنجی منی راکێشاوە، سەگی تورونگە، پێموایە ئێوە ئەم جسنە سەگە باش دەناسن."

گوتی: "لە نزیکەوە نەمدیوە، بەڵام ناویم زۆر بیستووە."

-بەڵێ، کەس نییە کە ناوی ئەم سەگەی نەبیستبێ، چونکە بەناوبانگترین جۆری سەگە لە دنیادا،و هەڵبەتە کەم کەس لە دنیادا ئەم نەژادە سەگەی دیتووە، چونکە زۆر دەگمەنە! وڵاتی ئەسپانیا لە رێگەی فرۆشی سەگانی تورونگەوە بڕێکی زۆر لە کەمبوونی بەها دابیندەکات.

- هەناردەی سەگیان هەیە؟

-نەخێر قوربان، ئەم سەگانە زۆر دەگمەنن و بەشی ئەوە ناکەن بنیردرێنە دەرێ. لە رێگەی فرۆشتن بە گەشتیاران، ئەو گەشتیارانەی کە دەچنە وڵاتی ئەسپانیا، تا سەگێکی تورونگ نە کڕن لە ئەسپانیا ناچنە دەرێ. و دەوڵەتی ئەسپانیاش فرۆشتنی دێڵە تورونگانی بە تەواوەتی قەدەغە کردووە، تا نەژادی ئەم سەگە لە دەرێی ئەسپانیادا زیاد نەکرێ. تەنیا فرۆشتنی گۆڵە تورونگان ئازادە، ئەویش بە نرخی دوو سەد تا پێنج سەد دۆلار. بەڵام دێڵە تورونگ بە هەزار دۆلاریش دەستناکەوێ، چونکە دەوڵەتی ئەسپانیا یاسایەکی دەرکردووە کە فرۆشیاری دێڵە تورونگ بە توندی جەزا دەکرێت و سزا دەدرێت.

-تورونگی نێر بەبێ جوتگیری راناگیرێت، دەبێ لە پێشا دێڵەکەی پەیدا بکەی، ئەوجا بچییە سۆراخی گۆڵەکەی.

- سەفیری ئێمە جووتێ تورونگی هەیە، رەنگە ئەگەر بەندە رووی لێبنەم، یەکێکیان بدات بە جەنابتان. فەرموو با برۆین، من قسەی لەگەڵ دەکەم.

چووینە لای سەفیر، لەم کاتەدا سەفیری ئێمە، لەگەڵ جەنابێکی دیکەدا مژوڵی قسان بوو، گوتم:"ببورن"و قسەکەم پێ بڕین و لەسەری رۆییشتم: "ئەم دۆستەی بەندە یەکێکە لە ئارەزوومەندانی سەگی رەسەن و بە تایبەتی سەگی رەسەنی جسنی تورونگ، دەمویست تکا بکەم کە یەکێك لە دێڵە تورونگەکانتی بدەیتێ"

بەرێوەبەری یەکەم گوتی: "خۆزی گۆڵە تورونگێکیشم دەست دەکەوت، چونکە راگرتنی دێڵە تورونگ بەبێ جووت گەلەك زەحمەتە."

سەفیر گوتی: "بەندە تورونگێکی نێرەی زیادەم هەیە کە ئامادەم پێشکەش بە ئێوەی بکەم."

عالیجەنابێکی دیکە کە لای ئێمەوە وەستابوو گوتی: "بەندەش ماوەیەکە حەزم لە جووتێك تورونگی رەسەن هەیە. دەمویست تکا بکەم ئەگەر ببێ..."

سەفیر قسەکەی پێ بڕی و گوتی: "بەسەرچاو..."

بەر لەوەی من لەو پایتەختە سەفەر بکەم، هەر هەڤدە سەگە بەرەڵڵاکەمان بەم و بەو دابوو، و لە کاتێکا هەموو هاونەژادەکانی ئەوان تەنەکەی خۆڵیان هەڵدەگێڕایەوەو بە دووی پارچە ئێسقانێکدا دەگەڕان، ئەوان لە ماڵە گەورەکاندا پێشوازی دەکران.

ڕۆژێك بەر لەسەفەری من ، دۆستەکەم هات بۆ لام

- ئێستاتەگبیری من چییە؟
- چیبووە؟
- ئەمڕۆ بەیانی یەکێك لە سەفیرەکان تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: "بیستوومە جەنابتان چەند دانە تورونگتان هەیە، دەمویست یەکێکیانم بدەیتێ."

گوتم: "باشە بیدەیێ. ماتەڵی چیت؟" گوتی: "تەواو بوون . بەد بەختییەکە لەمەدایە کە سبە ی بەیانی سەفەر دەکات و دەیەوێ تورونگەکە لەگەڵ خۆیدا ببات. منیش شەرمیان لێدەکەم. نازانم چیبکەم؟"

هەڵبەتە ئاسایی بوو کە دۆستەکەم بڵێ سەگی تورونگی نییە. بەڵام ئەوانەی پێشتر تورونگەکانیان بردبوو هەر یەکەیان دیارییەکی گرانبەهای بۆ هاوسەری دۆستەکەم ناردبوو.

هاوسەری دۆستەکەم گوتی: " بەڕاستی سەیرە. ژنی ئەم سەفیرە دۆستی منە. پێشتر لێی پاڕابوومەوە کە یەکێك لەم سەگانە ببات، قەبوڵی نەکردبوو، ئێستاش دەپاڕێتەوە."

گوتم:"بەڵێ، ئاخر ئەوان هەموو سەگێك ڕاناگرن، تەنیا حەزیان لە سەگی ڕەسەنی جسنی تورونگە."

سەفیر گوتی: "ئیستا چیبکەم؟"

گوتم: "خەمت نەبێ، چاری هەیە."

بەیەکێك لە خزمەتگوزارانی سەفارەتخانەکەم گوت کە سەگێکی بەرەڵڵا لە کوچەو کۆڵانان بگرێت. بەرێکەوت ئەم سەگە نەخۆش و مردەلۆخ بوو. سەفیری ئێمە تەلەفۆنی بۆ دۆستەکەی کردو گوتی: "تەنیا یەك تورونگم ماوە،بەڵام حەیفێ زۆر نەخۆشە."

بەڵام بۆ مشتەری سەگی تورونگ دەستی دەدا. بۆیە بە دۆستەکەمی گوت: "قەیدی نییە. بەندە سبەی دەچم بۆ ئەورووپا، لەوێ دەیدەمە چارە کردن."

هەموو سەگانی ڕەسەنی تورونگ بەمجۆرە لە سەرانسەری دنیادا، یا بەلای کەمەوە لە نیوەی دنیادا بڵاو بوونەتەوە. چەند مانگێك بەسەر ئە سەربوردەیەدا ڕۆیی، دوێنێ نامەیەکی دۆستەکەم بۆ هات کە نووسیبووی: "...تۆ نازانی پاش ڕۆیشتنی تۆ گیرۆدەی چ دەردەسەرێك بووم. ژنەکەم دایمە دەبۆڵێنێ کە ئەم سەگانە ئەوەندە ڕەسەن بوون ، بۆچی دامانن بەم و بەو؟ وئاقیبەت سەرلەنوێ هەشت سەگی تورونگی بە دەست هێنا کە زۆربەیان ئاوس بوون و زاوون. ئێستا نازانم چەند دانەن، چونکە ناتوانم بیانژمێرم. کار وا بڕوات ،بەو زووانە تورونگەکان جێگەمان پێ لەق دەکەن."

---

سەرچاوە:برەای کە گرگ شد...از عزیز نسین – ترجمە:تمین باغچەبان–چاپ دوم:١٣٦١

---

## قوتووبەن

بۆ نەگبەتی ئەو شەوە کە کەمال و ئەوان هاتن بۆ ماڵی ئێمە، بۆ شام هیچمان نەبوو. خێزانەکەم ، کورەکەی بانگکردم: " راکە لەو دوکانەی سەری کۆڵانەکە قوتووبەنێك خۆراك بکڕە."

- دایکە، قوتوو بەنی چی بکڕم؟
- هەرچییەکت دەستکەوت ،..فەرق ناکا، لۆبیا، دۆڵمە، ماسی، هەرچییەکت دەستکەوت...

من و میوانەکان لە ژووری میوان دانیشتبووین و قسەمان دەکرد. کەمال یەك دووجار سەیری سەعاتەکەی کرد. دیاربوو کە برسییەتی، لێ هێشتا چ هەواڵێك لە شام نەبوو.چیوای بۆ سەعات نۆ نەمابوو. من بۆ ئەوەی میوانەکان مژول بکەم، بابەتی شیعرو شاعیریم هێنایە ئاراوە، چونکە ئەم باسە ئاو زۆر دەکێشێت و دەکرێت ماوەیەکی زۆر باسبکرێ و وەختی پێ بگوزەرێنی. لە دەرێڕا دەنگە دەنگێك بەرز بووبووەوە، دەنگی چەکوش و چەقۆو ئەم جۆرە شتانە. کەمال بە سوعبەتەوە پرسی: "چ خێرە؟ دەڵێی کاری بەناییتان هەیە"دەنگی گفتو گۆ لەو ژوورەوە دەگەییە گوێی ئێمە.

- واهی ناکرێتەوە. برۆ ئامێری قوتووشکێنەکە بێنە،
- تۆ بیدە بەمن! من دەزانم بیکەمەوە.
- واهی نابیّ! بڕۆ ئەو کێردەی ئاشخانەکە بێنە.

لەم بەینەدا دەنگی قیژەیەك بەرز بووەوە. رامکردە دەریّ کە بزانم چییە. ژنەکەم مەچە کی بڕی بوو و خوێن لە برینەکەیەوە فیچقەی دەکرد. قوتووبەنەکەو چەکوش و کێردو شیش و میش و ئەم شتانە لەسەر عاردەکە کەوتبوون. هاوارم کرد: "ئەمە چ حەیاچوونێکە! بۆچی هەمووتان تێك ئاڵاون؟

دایکم –کە بەهەرحاڵ خەسوو بوو– دەستی کرد بە بۆڵاندن: "چەند جارم گوت کە سەری قوتووبەنەکە واهی ناکرێتەوە...لێ چەندم گوت، بە گوێیاندا نەچوو."

کیژەکەم مژولی بەستنی مەچەکی دایکی بوو. دایکم هاچەرەکەو قوتووبەنەکەی بە دەستەوە گرت. لە لایەکەوە خەریکی قوتووبەنەکە بوو، لە لایەکی دییەوە دەیبۆڵاند: " هەرکارێك رێگەیەکی هەیە. بەم دەڕنە فیزە سەری قوتووبەن ناکرێتەوە، ئەمە هی دەرهێنانی تەپەدۆرە...ئاخر بۆ بە قسەی گەورە ناکەن."

دایکم هێشتا هەر بەتەمای بۆڵاندن بوو، بەڵام لەنکاو قیژەی لێ هەستا : "خوایە دروستکاری ئەم قوتووە زەلیل بیّ! ئاخر ئەمە چۆن قوتووە خواردنێکە؟ قوتووبەنانی جاران هەرکە بەدەستەوەت دەگرت وبیسمیلات دەکردو نوکی دەرنەفیزەکەت لێ دەدا، وەکو کاغەز دەدڕا."

کیژەکەم وازی لە دایکی هێناو رایکردە یارمەتی دایە گەورەی. ئیدی نۆرەی من بوو کە بکەومە بۆڵەبۆڵ. کەوتمە لۆمەی کوڕەکەم: ئاخر تۆ ئە قڵت نییە؟ بنیادەم کە کاتێ قوتووبەن دەکڕێت، دەبێ بیداتە دوکاندارەکە سەرەکەی بۆ هەڵپچڕێ، ئەوجا بیهێنێتەماڵەوە. بەخۆڕایی نییە کە دەڵێن: کە ئەقڵ نەبێ گیان لە عەزابە! ئێستا تا درەنگ نەبووە، قوتووەکە هەڵگرەو ڕاکە بۆ دوکانەکە، بیدە بە دوکاندارەکە با خۆی بیکاتەوە."

–خەتای من نییە باوکە، پێم گوت، بەڵام نەیکردەوە.

– یانی چی؟ دەبوو بیکردایەتەوە، ئەمە ئەرکی ئەوە.

– من چیبکەم باوکە؟ نەیکردەوە...گوتی شاگردەکەم پێرێ ویستی سەری قوتوویەك بۆ مشتەرییەك هەڵپچڕێ، دەماری مەچەکی بڕی، ئێستا چەند رۆژە لە نەخۆشخانەیە..دوکاندارەکە دەیگوت خۆ گیانی خۆمان لەو دەشتە نەدۆزیوەتەوە.

– تۆ قوتووەکە هەڵگرەو بچۆ بۆ دوکانەکە. بڵێ باوکم سڵاوی لێدەکردیت و دەیگوت سەری قوتووەکەمان بۆ بکاتەوە.ئەگەر سڵاوی منی پێبگەیەنی، بێگومان دەیکاتەوە.

خەریك بوو بۆ لای میوانەکان دەگەرامەوە، کە کەمال بەدەم دەنگە دەنگی ئێمەوە هاتە ئاشخانەکەوەو گوتی:" چ خێرە؟ چی بووە؟ ئەگەر دەتانەوێ شیو بۆ ئێمە ئامادە بکەن، زە حمەت مەکێشن، چونکە ئێمە لەسەر رۆیشتنین."

– مەحاڵە، مەحاڵە...بەم شەوە مەحاڵە بێڵین بەبێ شام تەشریف بەرن. ئەم کوڕەی من ماشەڵڵا زۆر دەسەپاچەیە. چووە قوتوو بەنی کڕیوە، بەڵام بیری چووە بیداتە دوکاندارەکە بۆی هەڵپچڕێ. دایکیشی هاتووە بە چە قۆو بزمار سەری قوتووەکە هەڵپچڕێ ، دەماری مەچەکی خۆی بڕیوە، دایکیشم خۆی بریندار کردووە. ئیستا کوڕەکەم بۆ دوکانەکە نارد، هەر ئێستا دەگەڕێتەوە. ئەگەر دە ققەیەك سەبر بکەن، دەگاتەوە.

هاوسەرەکەی کەمال هەڵیدایێ: "مناڵەکەتان بەخۆڕایی نارد. دوکانداران سەری قوتووبەن هەڵناپچڕن. د وێنێ هاوسێکەی ئێمە قوتوویەك ماسی کڕی بوو، هەموو گەڕەك کۆبووینەوە ،نەمانتوانی بیکەینەوە."

کەمال چە قۆیەکی لە بەرکی دەرهێنا. ئەم چە قۆیە پێنج شەش دەمی هەبوو، دەمی جۆراوجۆر.

– ئەوە چ دەڵێی ژنەکە؟ هەموو گەڕەك کۆبوونەوەو نەتانتوانی سەری قوتووبەنێك هەڵپچڕن؟ ئەم چە قۆیە دەبینی؟ بەم چە قۆیە نەك سەری قوتووبەن، دەرکی قاسەش دەشکێ، حاڵی بووی ژنەکە؟ دەرگای قاسەش دەکاتەوە.

براکەی کەمالیش چە قۆیەکی تری لە گیرفانی دەرهێناو گوتی: "ئەو چە قۆیە دەمێکە کۆن بووە کاکە! کێ دە توانێ چە قۆیەکی وا قورس لە گیرفانیا هەڵگرێ؟ ئەو چە قۆیانە هی سەردەمی بەردە، ئەگەر چە قۆت دەوێ، ئەمەیە! بزانە، تەنیا یەك دەمی هەیە، بەڵام ئەم یەك دەمە چواردە کاری پێدەکرێت! ئەگەر واهی لێ بکەی تەپەدۆر دەردێنێ، بەم لایەی قوتووبەن دەکاتەوە. ئەگەر

کلیلـی گەنجینــە گــوم بــووبێ، نووکەکــەی دەکــەی بــە کــونی کلیلەکــەدا و بایــدەدەیت، قفڵەکــە دەکرێتەوە! ڕێك چوارده کاری پێدەکرێت. مـن ئـەم چـە قۆیـەم کـاتێ کـە لـە ئـەمریکا دەگەڕامـەوە کڕی."

کەمال گوتی: "ئەم چە قۆیە یادگاری بابمە. کۆنـە. ئەگـەر لێـی بزانـی نـەك سـەری قوتووبـەن، دەتوانی بیری نەوتیشی پێ هەڵکەنی!"

لەم بەینەدا کوڕەکەم هاتەوە. پرسیم: "کردییەوە کوڕم؟"...قوتووە خۆراکەکە بە خوارو خێچی و قوپاوی و نەکراوەیی لە دەستی کوڕەکەمدا بوو. قـەراخی قوتووەکەش بـە تـەواوی خـراپ بـوو بوو.

کوڕەکـەم گـوتی: "دوکاندارەکـە ویسـتی بیکاتـەوە، بزمارەکـە چـوو بـە دەسـتیا. تـوڕە بـوو و قوتووەکەی توڕدا."

کەمال بزەیەکی کردو گوتی: "بیدە بە من!"

کەمال چە قۆ یادگارییەکەی بابی لـە بـەڕکی دەرهێنـا. قوتووەکـەی خسـتە بـەینی ئـەژنۆکانی. بـە چـەقۆ کەوتـە گیـانی قوتووبـەن. لـە لایەکیشـەوە قسـەی بـە دوکاندارەکـە دەگـوت: "ئەمـە چـۆن دوکاندارێکـە! نـاوی خۆیشـی نـاوە دوکانـدار، بـەڵام نـاتونێ سـەری قوتوویـەك بـۆ مشـتەری هەڵپچڕێ! ئاخ، ئاخ، ،ئاخ! بڕیم، خۆم بڕی..."

هـەرباش بوو لەماڵـەوە دەرمان و لۆکـەمان هـەبوو. ئـەژنۆی کـەمالمان دەرمـان کـردو بەسـتمان. ئـەژنۆی پانتۆڵەکەشـی دڕابـوو. ..کـەمال هـاواری دەکـرد: "ئـاخر ئەمـە چـۆن قوتووبەنێکـە؟ ئەمـە قوتووبـەن نییـە، سـەندووقی نهێنییـە! دەبـێ بـە داهێنـەری ئـەم قوتـووە بگـوترێ: مـام پیـاو چما نهێنی وڵاتت تەپاندووەتـە نـاوی کـە ئەوەنـدە قایمـت کـردووە! شـەش دانـە دۆڵمەیـە خـۆ نـافڕن وا بەمجۆرە سەرت ناونەتەوە؟"

براکەی کەمال گوتی: " بینیت کاکە؟ ئیستا قوتووەکە بدە من و تەمەشا بکەن."

چە قۆی یەك دەمەی چواردەکارەی ئەمریکاییش نەیتوانی هیچ کارێك بکـات. چەقۆکەی لـەملاوە گرت بێفایدە بوو، لەولاوە گرتی هەر بێفایدەبوو.

– چەکوشتان هەیە؟

– بە چەکوش نابێ، دۆڵمەکان دەپلیشێنەوە.

ژنەکەی کەمال، هەڵیدایێ: "مێخ لە هەموو شتێ باشترە، بەڵام مێخەکە دەبێ گەورە بێ. لە ماڵەوە مێخزنجیرتان هەیە؟

هەمووان هۆش و ئەقڵ و توانای خۆیان تاقیکردەوە، بە چەقۆو کێردو چەکوش و شیش و مێخ و پلایس...بەڵام بێفایدە بوو.

گوتم: "بیدەن بە خۆم."

وەختــی هــاتوە کــە بــەخۆم دەســت بــەکار بم. قوتووەکــەم هــەڵگرت و چــوومە ئاشــخانەکەوە. سـاتۆرەکەم هـەڵگرت و کەوتمـە گیـان قوتووەکە. قوتووەکـە لەبەرچاوی مـن ئیـدی قوتـوو نـەبوو، دژمـن بـوو. نەمدەویسـت سـەری قوتووەکـە هەڵپچڕم، دەمویسـت بیشـکێنم، لـەت و پـەتی بکـەم.

چەپەجاخەکەم بەرز کردەوەو بە هەموو هێزێکمەوە بۆ قوتووەکەم داهێنایەوە، قوتووەکە لەژێر چەپەجاخەکە دەرپەڕی و چوو بە حەوادا و دای لە بن میچەکە،و لە کاتی هاتنە خوارەوەی دا بە هەمان خێرایی دای لە کونجی دیوارەکەو تیغی کرد و دای بە دیوارەکەی دیداو پاش ئەوەی وەکو تۆپی تەنس بەملاو بەولادا رۆیی، دای بەسەری منا و کەوتە سەرزەوی . سەرم بەئەندازەی گوێزێکی زل ئاوسا.
کەمال گوتی: "کردنەوەی ئەم قوتووە کاری تەنەکە چییە."
ژنەکەم گوتی: "باش بوو باسی تەنەکەچیت کرد... لەم دەورو بەرانە تەنەکەچیمان نییە، بەلاّم هاوسێکەی خوارەوەمان ئاسنگەرە. ئیستا لەوێیە. دەیبەم با بۆمانی بکاتەوە."
قوتووە قوپاوو خوارو خێچەکە، وەکو نارنجۆکێك کە زامنەکەی گیر بووبێ، لە ناوەندی ژوورەکە کەوتبوو. نۆ نەفەری دەورمان دابوو و بەترس و رقەوە تەمەشامان دەکرد. کاتێ ژنەکەم دەیویست قوتوەکە هەلْگرێ، لەدەرگایان دا. دەرکەمان کردەوە. ژنی ئاسنگەرەکەی دراوسێی خوارەوەمان ، بەدەم دەنگە دەنگەکەوە هاتبوو بزانێ چ قەوماوە.
ژنی ئاسنگەرەکە گوتی گوێم لێ بوو لەسەرەوە دەنگە دەنگتان دەهات، نیگەران بووم و هاتم بزانم چییە."
ژنی ئاسنگەرەکە بە دەنگمانەوە هاتبوو. راستت دەوێ من دەسبەرداری کردنەوەی ئەم قوتووە بوو بووم، بەلاّم زۆرم حەزدەکرد بزانم ئەم قوتووە چی تێدایە، کەوا بەم قایمیە دایان خستووە.
ژنەکەم هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ ژنی ئاسنگەرەکە باس کردو بەمجۆرە قسەکەی تەواو کرد: "هەر مەپرسە خوشکێ! هەموومان بریندار بووین. مەچەکی من بڕا، ئەژنۆی کاك کەمال بریندار بوو، سەری مێردەکەم ئاوسا. وەلحاسڵ هەریەکەمان بەلاّیەکی بەسەردا هات، بەلاّم سەری ئەم قوتووە نەحلەتییە هەر نەکرایەوە."
ژنی ئاسنگەرەکە گوتی: "بەلاّ بە دوور."
- مێردەکەت دەتوانێ بیکاتەوە؟
کەمال گوتی: "ئەگەر کەرەستەی ئاسنگەری نەبێ، ناتوانێ."
براکەی کەمال گوتی: "ئاسنگەر حەریفی ئەم قوتووە نییە. دەبێ نوێلْ یان قەلْەمی پۆلاّو پیکی هەبێ، دەنا مەحالْە."
ژنی ئاسنگەرەکە گوتی: "ئەگەر ئاغای ئێمە لە ماڵ بوایە، بێگومان دەیکردەوە، بەلاّم حەیفێ لە مالْەوە نییە.. بەلاّم شاگردەکەی لە مالْەوەیە، ئێستا دەیئێرمە سەرەوە.
گوتم: " ئەزیەت مەخۆ خانم ، ئەمە کاری شاگرد ئاسنگەر نییە."
- زۆر ئازایە. هەر دوانزە ساڵ دەبێت، بەلاّم هەموو کارێکی لە دەست دێ. لە گوندەوە هێنامان، بەستەزمانە لە گوند نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە، ئیستا هاتووەتە شار تا هەم سنعەت فێربێ و هەم بچێتە قوتابخانە.

ژنی ئاسنگەرەکە دوای گوتنی ئەم قسانە، بە پەلە لە قاڵدرمەکانەوە داگەڕاو دوای دوو دەقیقە لەگەڵ کوریژگەیەکی لاوازی شڕپۆش دا هاتە سەرەوەو گوتی: " یوسف، بارەکەڵڵا کوڕ، سەری ئەم قوتووە هەڵپچڕە."
هەمووومان چاومان بڕی بووە قوتووە قوپاوەکە کە وەك نارنجۆکێکی ترسناك لە ناوەندی ژوورەکەدا کەوتبوو. کوڕیژگەکە یەك یەك تەمەشای کردین. قوتووەکەی لە عاردی هەڵگرت. قوتووەکەی یەك دووجار لە ناو دەستیا سوڕاند و تەمەشای کرد. هەریەکەمان قسەیەکمان دەکرد:

- بەبێ هاچەر ناتوانی بیکەیتەوە بچکۆل.
- بەم هەموو خەڵکە زەلامە نەمان توانی بیکەینەوە، ئێستا دەتەوێ ئەم بستە منالە بیکاتەوە؟
- لەسەر خۆ بچکۆل! زۆر ترسناکە!
- ئاگادار بە زامدار نەبیت!

یوسف قوتووەکەی بە دەستی چەپی گرت و بە دەستی ڕاستی ئەوەندە بە ڕەحەتی سەری قوتووەکەی هەڵپچڕی لە تۆ وایە سەری پاکەتە جگەرەیەکە.
– فەرموون!
لەسەرسامیدا واقمان وڕمابوو.

- ئافەرم کوڕ! چۆن کردتەوە؟
- مەگە ئێوە خوێنەواریتان نییە؟ لەسەر قوتووەکە نووسراوە کە چۆنی دەبێ بکرێتەوە.

لەسەر قوتووەکە ئەم ڕستەیە نووسرابوو: "جۆری هەڵپچڕینی قوتووبەن: سەری ئەو قۆقزییە بچوکەی لای راستی قوتووەکە بگرە و بە ئەسپایی بەلای چەپا رای بکێشە، سەری قوتووەکە دەکرێتەوە."
هێندە سەرمان سوڕمابوو کە لەبیرمان چوو سوپاسی شاگرد ئاسنگەرە شڕپۆشەکە بکەین.

---

سەرچاوە: برەای کە گرگ شد...از: عزیز نسین _ ترجمە: تمین باغچەبان..چاپ دوم: ١٣٦١

## دەرگای تەکسی

چیرۆکی: عەزیز نەسین                                    و: حەمەکەریم عارف

هەرکـە تەکسـییەکە رایگـرت، خێـرا دەسـکی دەرگاکـەم گرت،هەرچـیم دەکـرد دەرگاکـە نەدەکرایەوە، شوفێرەکە هاواری دەکرد: "بە چەپا کاکە گیان، بە چەپ.. بە چەپا بایدە."

من دەسکەکەم بە چەپا بادەدا بەلأم نە دەجولا. شوفێرەکە تورە بووبوو و هـاواری دەکرد: گوتم بە چەپا بایدە، تێناگەی؟ پاس و تاکسی و لۆری لە دوای تەکسییەکەوە ریز بووبوون و هۆرنیان لێدەدا. من بەتەواوەتی شپرزە بووبووم ولای راست و چەپم گوم کردبوو. پۆلیسـی هاتو چۆش لـە یەکبینـە شاوری لێدەدا کە تەکسییەکە بجولێت. شوفێرەکە گڕی گرتبوو و هـاواری دەکـرد: گـوتم بـە چـەپا بایـدە، کاکـە گیـان... ماشـەڵلاَ هـەزار ماشـەڵلاَ... بـەم عومرەگەییوی و هێشتا دەستی راست و چەپت ناناسیت؟"

گوتم: "من بایدەدەم، لیّ هەر کارێك دەکەم دەسکەکە ناسوڕیّ."

شـوفێرەکە لـە ژوورەوە بـەخۆی دەرگاکـەی کـردەوە. خـۆم تەپانـدە ژوورەوە. تاکسـییەکە کەوتـە ڕیّ. شـوفیرەکە بـەردەوام دەیبۆلاَنـد: "ئێمـە چ بەشـەرێکین! هێشـتا دەسـتی چـەپ و راسـتمان لێکـدی ناکەینـەوە، بـەلأم تـا حـەز بکـەی خـۆ بەشـت دەزانین. بەراسـتی ماشـەڵلاَی دەویّ!"

مـن فـزەم نـەدەکرد. لیّ شـوفێرەکە دەسـتبەردار نـەبوو: "دەبـیّ سـەرلەنویّ دەرسـی هـەر رێبوارێـك دابـدەین. ئـاخر ئەمـە دەرگـای تەکسـییە بابـەگیان، خـۆ قـەلأی خەیبـەر نییـە کـە خەریکی زۆرانی لەگەڵدا دەگریت. دەبیّ دەسکەکەی بگری و بە هێمنی بە چەپا بای بدەیت، هەنگیّ دەرگاکە بە خۆی دەکرێتەوە. بەراستی ئێمە..."

واخـەیالّ نەکەی بەخۆمـدا هەڵـدەڵێم. مـن عـادەتێکی باشـم هەیـە: کـاتیّ کـە هـە ڵەیـە کـم لیّ سادر بیّ ، هەرچەند لۆمەم بکەن، فزە ناکەم.

شـوفێرەکە هەرچـەند دەیبۆلاَنـد، دڵـی فێنـك نـەدەبووەوە: "خـەڵکانێك کـە هێشـتا نـەزانن کـە دەرگای تەکسی چۆنی دەکرێتەوە بە کەڵکی چی ئەم وڵاتە دێن؟"

من لە شـەرمەزاریدا هـەزار رەنگم گۆری. شـوفێرەکە هـەقی بوو. نەفـەرەکانی دیکـەش لایـەنی شـوفێرەکەیان گـرت و کەوتنـە بۆڵـە بـۆڵ. نەفـەرێکی قەڵـەو دەسـتی بـە دڵدانـەوەی شـوفیرەکە

کرد: "دڵ لە دڵ مەدە برادەر، بە خۆرایی خوێنی خۆت مەلەوتێنە. ئێمە خەڵکێکی بێ دیقە تین. خەتای خۆمان نییە، خەتای دایکەکانمانە."

شوفێرەکە و نەفەرە قەڵەوەکە سەری دەردە دڵیان کرایەوە: "ئەوە چ دەڵێی کاکە گیان! ئاخر من لە بەیانییەوە تا نیوە شەوێ دەرس بە چەند نەفەر بدەم؟ دەبێ حوجرەیەك بکەیەوەو هەموو خەڵکی، لە گەورەو بچووك، فێر بکەی کە چۆن دەرگای تەکسی بکەنەوە."

- نا قوربان، مەدەنییەت بە حوجرەو قەتابخانە نییە. خەڵکێك بە تەبیعەت شارستانی نەبن بە پۆل و قوتابخانەو دەورەو ئەم قسانە نابنە بنیادەم، مەدەنییەت دەبێ لە خوێنی بنیادەمدا بێ.

دوای چەند وێستگەیەك هەمان نەفەری قەڵەو دەیویست دابەزێ لێ هەر کارێکی دەکرد نەیدەتوانی دەرگای تەکسییەکە بکاتەوە، شوفێرەکە دەستی بە بۆڵە بۆڵ کرد:

- جەناب، دەسکەکە بێ زەحمەت بەلای راستا بابدە.
- خەریکە بایدەدەم، بەڵام دەسکەکە با ناخوات.
- بۆ نە، ئەگەر بادانەکەی شارزابی، با دەخوات.
- با ناخوا برادەر.
- ئاخر تۆ خەریکی بە چەپا بایدەدەی، پیاوی حەسابی. چەند جار دەبێ بڵێم؟ئەم دەسکە خێو مردووە دەبێ لە دەرەوە بە چەپا بای بدەیت، بەڵام لە ناوەوە بەڕاستا.
- نە بەچەپا دەسوڕێ و نە بە راستدا. دەڵێی لەحیمیان کردووە برادەر، ناجوڵێ.

نەفەرەکانی دیکەش کەوتنە هاوکاری. لێ دەرگای تەکسییەکە لە تۆ وایە بووبوو بە دەرگای سەر گەنجەکەی قارون و نەدەکرایەوەو نە دەکرایەوە.

شوفێرەکە بە خۆی دەرگاکەی کردەوە. نەفەرە قەڵەوەکە بەزەحمەت لە تەکسییەکە چووە دەرێ. شوفێرەکە کە بە تەواوەتی کەللەیی بووبوو، بەردەوام دەیبۆڵاند. لێبڕام بەر لەوەی بگەمە مەقسەد، بۆ ئەوەی خوتەو بۆڵە نەژنەفم، دابەزم. لێ لە ترسی ئەمەی کە نەتوانم دەرگاکە بکەمەوە، فزەم نەکرد. شوفێرەکە دەیبۆڵاند: حەیف بۆ نان! ئاخر کەرێتیش سنورو ئەندازەی هەیە. ئاخر ئینساف شتێکی باشە..."

قیروسیام کردو گوتم: "بێزەحمەت لەمناوە رایگری، دەمەوێ دابەزم." دەسکەکەم گرت، کاتێ شوفێرەکە دەرگاکەی بۆ ئەو نەفەرە قەڵەوە دەکردەوە، بە وردی سەیرم کردبوو کە چی دەکات. ئەمە بوو کە دەسکەکەم بە هێمنی بەلای راستا سوراند. سوپاس بۆ خوا دەرگا کرایەوە. دابەزیم و چاوەروانی تەکسییەکی ترم کرد.

- دەرۆیتە سەرێ؟
- سەرکەوە.

بۆ وەی گوێم لە تەشەرو تەشقەڵەی شوفێرەکە نەبێ، ئەو دەرسەم بەکارهێنا کە لە شوفێرەکەی پێشووەوە فێری بووبووم: دەسکەکەم گرت و بە هێمنی بە چەپا بامدا. دەسك نەسوڕا، بەراستا

بامدا، هەر نەسوڕا. توندترم بادا، بەڵام نەجولا. شوفێرەکە هاواری کرد: "بۆ سەرەوە رایکێشە کاکە گیان! بۆ سەرەوە!"

دەسکەکەم بۆ سەرەوە راکێشا. دەرگا کرایەوەو خۆم تەپاندە ژوورەوە. شوفێرەکە کەوتە بۆڵە بۆڵ "سەد رەحمەت لە کفن دز..."

یەکێك لە نەفەرەکان کەوتە دڵدانەوەی من و لایەنگری لە شوفێرەکە:

- خۆت نارەحەت مەکە برا. زۆری ماوە تا ئێمە ببین بە بەشەر.
- ئاخر کردنەوەی دەرگای تەکسی کە... لائیلاهە ئیللەڵلا..

تەواو سەبرم سوا بوو. شوفێرەکەو نەفەرەکان یەکیان گرتبوو و لۆمەیان دەکردم.

لە ویستگەیەکی دواتر یەکێك لە نەفەرەکان دەیویست دابەزێت. شوفێرەکە ستۆپی گرت، لێ نەفەرەکە هەرچیکرد دەرگا نەدەکرایەوە. شوفێرەکە هاواری کرد:

- بۆ سەرەوە رایکێشە کاکە گیان!
- رایدەکێشم بەڵام نایەتە سەرەوە.
- تۆزێ گوشاری بدە، دەڵێی نانت نەخواردووە؟
- چەند زۆری لێدەکەم، نایەتە سەرەوە.

شوفێرەکە بەخۆی دەرگاکەی کردەوە. نەفەرەکە دابەزی. من زۆرم مابوو بگەمە جێ، بەڵام ئەم دەرفەتەم قۆستەوەو بەر لەوەی دەرگا دابخرێتەوە، خۆم هەڵدایە دەرەوە. سەرلەنوێ چاوەروانی تەکسیم کردو دوای ماوەیەکی زۆر تەکسییەك هات و رایگرت. دەسکەکەم گرت و سوکێ بە چەپا بامدا، نەسوڕا، بە راستا بامدا نەجولا، بۆ سەرەوەم راکێشا، نەکرایەوە، بۆ خوارەوەم راکێشا، نەکرایەوە...چ خاکێ بەسەری خۆدا بکەم؟ چی وای نەمابوو کە شوفێرەکە هاوارم بەسەردا بکات. دەسکەکەم بەزۆر بە هەر چوارلادا دەسوڕاند، بەڵام کەمترین جوڵەی نەدەکرد.

- پاڵیدە بۆ ناوەوە کاکە گیان!

بۆ ئەوەی دەستوری شوفێرەکە بە دروستی ئە نجام بدەم پرسیم: "ببورە قوربان، چی بکەم؟"

- مەگەر کەڕی؟ گوتم پاڵیدە بۆ ناوەوە! تا ئیستا سواری تەکسی نە بویت؟

ئەوی راستی بێ من تا نهۆ نەبیستبووم و نە دیتبووم کە دەرگایەك بەمجۆرە بکرێتەوە.

- ئەوە چدەکەی کاکە گیان؟ ئەو دوگمەیەی دەسکەکە پاڵدە، بۆ زۆر لە دەرگاکە دەکەی؟

شوکر بۆ خوا دەرگا کرایەوە. بەڵام لەگەڵ کردنەوەی دەرگادا، سەری دەردەدڵی شوفێرەکەش کرابووەوەو نیازی بەستنەوەشی نەبوو: "دەبێ لە نوێ دەرسی هەر نەفەرێك دابدەینەوە. ئاخر بابە گیان، مەگەر لەو دیوی کێوەوە هاتوون؟!

یەکێك لە نەفەرەکان کەوتە لایەنگری لە شوفێرەکە: "هێی کاکە! تۆ چ دەڵێی؟ ئێمە لەگەڵ حەیوانا فەرقمان نییە. تۆ بۆچی بەخۆرایی خۆ دەخۆی؟ هێشتا زۆری ماوە تا ئێمە ببینە بەشەرو بتوانین وەکو ئادەمیزاد سواری تەکسی ببین..."

ئەو نەفەرەی کە ئەم قسانەی دەکرد، لای دەرگاکەوە دانیشتبوو. شوفێرەکە بەتەشەرەوە قسەکەی بڕی: "دەرگاکە کراوەتەوە."

کابرا دەرگاکەی کردەوەو لە نوێ دایخستەوە.

- دانەخرا.

نەفرێکی دی دەستی بە ڕێنوێنی کرد: "توندتر رایکێشە!"

کابرا دیسان دەرگاکەی کردەوەو توند دایخست. شوفێرەکە توڕە بوو: " هێواش بابە گیان! ئەوە چیتە؟ دەتەوێ زۆران لەگەڵ دەرگاکە بگری؟ هەموو کرێکەت یەك لیرەیە، ئەوجاش دەتەوێ دەرگایەکی سێسەد لیرەیی بشکێنی؟"

شوفێرەکە دەرگاکەی داخست. لێ زاری دانەدەخرا: "هەفتە نییە کە دەرگا نەبەینە لای تەنەکەچی. هەفتەیەکی تەواو رەنج دەدەین و هەرچییەك بەدەست دێنین ، دەبێ هەمووی بدەین بەتەنەکەچی.. ئاخرماڵەکانی خۆتان دەرگای نییە؟ دەرگای تەکسی وەکو سەعاتە، کاکە گیان بە هێمنی رایکێشە، خۆی چرك دەکرێتەوەو دادەخرێت."

یەکێك لە نەفەرەکان دەیویست دابەزێت. شوفێرەکە ستۆپی کرد، لێ دەرگا نەکرایەوە. نەفەرەکە کەوتە دەسکاری دەرگاکە. دەسکەکەی گرتبوو و بە هەموو لایەکا بایدەدا. بەچەپ، بە راست، بەسەرا، خوارا... ئاخری دەرگاکە کرایەوە. منیش دەرفەتم لەدەست نەداو لە تەکسییەکە خۆم هەڵدایە دەرێ.

تەکسییەکی دیکە هات.

- دەچیتە سەرێ؟

- فەرموو!

فەرمووکردن ئاسان بوو، بەلاَم دەبوایە چۆنی بفەرمووم؟ دەسکەکەم گرت. بۆ سەرێم بەرز کردەوە، بێفایدە بوو، بۆ خوارەوەم راکێشا، بێ سوود بوو، بەچەپ و بە راستدا بامدا، هەرچییەکم کرد هەر بێ ئەنجام بوو. دەرگاکەی نیازی ڤەبوونی نەبوو. هەموو هێزم دایە بازووەکانم،و دەستم بە راکێشانی دەرگاکە کرد. دەنگی شوفێرەکە بەرز بووەوە:- بۆ لای خۆت رایکێشە.

ئەمەش دەرگای لەم جۆرە! دەبێ بۆ لای خۆم رایکێشم. شوفێرەکە خەریك بوو لە تایمی خۆی دەردەچوو، لێ من چیتر حەوسەڵەی ئەو هەموو تانەو سەرکۆنەکردنەم نەبوو. گوتم: " تاوانی ئێمە چییە کاکی بەرێز؟ هەردەرگایەك بۆ خۆی خوویەکی هەیە. دەسکی یەکێکیان دەبێ بەلای چەپا بای بدەی، یەکێکی تریان بەلای راستا بابدەی، هی ئەوی تریان دەبێ بۆ سەرێ رابکێشیت، ئەمی تریان دەبێ بۆ خورەوە رای بکێشیت، دوگمەی یەکێکیان دەبێ پاڵیدەی بۆ ناوەوە و دەرگاکە بۆ دەرەوە رابکێشیت، ئاخر مەگەر ئێمە..."

شوفێرەکە تورە بوو و گوتی: " ئاخر بنیادەم ئەگەر ئەم شتانە نەزانێ ، بە کەڵکی چی دێت؟ دەسکی ئوتومبیلی فۆرد دەبێ بەلای چەپا بابدەی، ئەگەر ویستت سواری ئوتومبیلی شۆفرلێت بی، دەبێ دوگمەی دەرگاکە بۆ ناوەوە پاڵبدەی، ئەگەر ویستت سواری ئوتومبیلی هیلمن ببی، دەبێ دەسکەکە بۆ لای خۆت رابکێشیت، ئەگەر ویستت دەرگای ئوتومبیلی فیات بکەیتەوە، دەبێ هەوەڵجار دەسکەکەی بۆ لای چەپ راکێشیت و ئەوجا بۆ لای خۆتی راکێشیت. دەرگی

ئوتـومبیلی بیـوك لـه هـەموویان ئاسـانتر دەکریتـەوە: دەبیَ یەکـەمجار بـۆ لای چـەپ رایکێشـیت پاشان کەمێك بۆ لای راست و ئەوجا بە ئاستەمێك بۆ لای خۆتی رابکێشیت و دواتـر تۆزێك بـۆ سەرەوەی رابکێشیت و ئەوجا بە تۆبزی بۆ خوارەوە پـاڵی بـدەیت و بـۆ لای خـۆت رای بکێشـیت، ئاوها و ئیدی وەکو ئاو خواردنەوە دەکرێتەوە.

شـوفێرەکە مـژوڵی باسـکردنی هـەموو جـۆرە ئوتومبیلێـك بـوو وبونیـادی دەرگـاو دەسـکی هـەر یەکێکیان بوو، قسەکانیشی زۆر بەتام و خۆش بوون. منیش زۆر بەوردی گوێم دەگرت:

– دەرگـای هـیچ ئوتومبیلێـك عـەیبی نییـە، بـەڵام خـەڵکی ئێمـە، ماشـەڵلا، تـا حەزبکـەی خۆهەڵکێشن، کەچی ئەوەنـدەیان ئـەقڵ نییـە دەرگـای تەکسییەکی پێبکـەنەوە.... خـۆ لـە دنیادا هەزار مۆدێلە ئوتومبیل نییە... زۆر زۆر سی چل مۆدێل هەیە. بەشەریَ کە لەشـارا بژی، دەبیَ هەموو ئەمانە بزانیَ و شارەزای کردنەوەو داخستنی دەرگاکانیان بـیَ. ئەگـەر نەتوانیَ دەبیَ رەوانەی پشتی چیایان بکریَ."

نەفەرەکانی دی پشتیوانیان لە شوفێرەکە دەکرد:

– ئەم جۆرە بنیادەمانە بەکەڵکی هیچ کارێك نایەن.

– ئەمانە نانخۆری جێگرن.

– ئاخر، هەندیَ کەس لە شاخەوە هاتوون و...

ئەو نەفەرەی کە بەوجۆرە سوکایەتی بەمن کردبوو، لە ویستگەکەی دواتر دابەزی، بەڵام هەرکە ویستی دەرگاکە دابخاتەوە، هاواری گەیبە ئاسمان.

– ئاخ. وای! کەڵەموستم، کەڵەموستم داغان بوو.

دڵـم فێنـك بـووەوە. کەڵەموسـتی بەردەرگاکـە کـەوتبوو. نەفەرەکـە هـاوارو فیغـانی دەکـرد، شوفێرەکەش پێی بەگازا دەنا... دوو ویستگە دواتـر یـەکێك لەنەفەرەکان دەیویسـت دابـەزیَ، لیَ هەرچی دەکرد، دەرگا نەدەکرایەوە. شوفێرەکە بە توندی گوتی:

– پاڵیدە کاکە گیان ! کەمێك پاڵی دە!

– ئاخر کوێی پاڵدەم؟

– دوگمەکەی... چما جاری یەکەمە کە سواری تەکسی بووی؟

– دوگمەکەی کوا؟

– مەگەر کوێری برادەر؟ لەوێیە!

وئاماژەی بۆ شوێنێکی قەد دەرگاکە، لە نێوان دەسکەکەو شووشـەی پەنجەرەکە کرد. ئـەنجام من پاڵم بە دوگمەکەوە ناو ئەو نەفەرەش دەسکەکەی بادا.دەرگا کرایـەوە. منـیش بەفرسـەتم زانـی کـە دابـەزم. هەرواشـم کـرد. بڕیـارم دا تـا شـوێنی مەبەسـت بـەپێیان بـڕۆم و کەوتمـە ریَ، بـەڵام تەکسییەك لە بەردەممدا رایگرت:

– بۆ کویَ؟

– دەچیتە سەریَ؟

روانیمە شوفێرەکە ،پیاوێکی بەتەمەنی بە ویقار بوو. وا نەدەهاتە بەرچاو کە ئەهلی بۆڵە بۆڵ و جنێوان بێ. سێ نەفەریش لە تەکسییەکەدا بوون. دوودڵ بووم.د ە ترسام نەتوانم دەرگاکە بکەمەوە. ئاخر هەردەرگایەك تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەر لەوەی دەسکەکە بگرم ،لە شوفێرەکەم پرسی:

- ببورە ئوتومبیلەکەتان چییە؟
- دوسوتس.
- دوسوتوس؟ ببورن، دەرگای دوسوتوس چۆن دەکرێتەوە؟

سەیر بوو ، لەوە دەچوو ئەم ئوتومبیلە دەسکی نەبێ. ئەنجام دەسکەکەیم دۆزییەوە.

- پاڵیدە بۆ ناوەوە.
- پاڵمدا، بەڵام نەکرایەوە.
- قایمتر پاڵیدە.

قایمتر پاڵمدا، بەڵام نەکرایەوە.

- بۆ لای خۆت رایکێشە.

رامکێشا، بەڵام بێفایدەیە.

- بایدە!
- چەندجار؟
- دوو چەل.
- نەبوو. لە هەوەڵەوە دەست پێبکە و سێ کەرەت بایدە. دەرگاکە نەدەکرایەوە. شوفێرەکەش نەیدەتوانی لە ژوورەوە دەرگاکە بکاتەوە. ئەنجام بە هاوکاری شوفێرەکەو نەفەرەکانی ناوەوەو من کە لەدەرەوە بووم، دەرگاکە کرایەوە. سوار بووم. ئەمجا دەرگاکە دانەدەخرا. هەرچی من گوشارم دەکرد و هەرچەند شوفێرەکە یارمەتی دەدام، فایدەی نەبوو. بە زۆر دەرگاکەمان راکێشا. ئوتومبیلە فریشقەکە لەرزی و دەنگە دەنگێك بەرز بووەوە. شوفێرەکە گوتی:"ئێستا داخرا."

کەوتینە رێ، شوفێرەکە کەوتبووە باس:

- ئەم ئوتومبیلەم پارەکە بە پەنجا هەزار لیرەی کاش کری، بەڵام نەفەر بەساڵێك رۆژیان گەیاند بەم رۆژە. خەڵکی هێشتا فێر نەبوون کە چۆنی دەبێ سواری تەکسی بن و چۆنی دەرگای تەکسی بکەنەوەو دایبخەن. مانگی جارێك دەرگای ئۆتومبیلەکەم دەدەمە چاککردن.

گەیشتینە ویستگەی دواتر، یەکێك لە نەفەرەکان دەیویست دابەزێ، منیش بە فرسەتم زانی و لە تەکسییەکە دابەزیم و بە پێیان بەرەو مەبەست وەرێکەوتم و تۆبەم کرد کە چیتر سواری تەکسی نەبم.

---

سەرچاوە: برەای کە گرگ شد....از: عزیز نسین /ترجمە: تمین باغچەبان..چاپ دوم: ١٣٦١

## چیرۆکی ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ

چیرۆکی: عەزیز نەسین                                    و: حەمەکەریم عارف

رۆژگارێك لەو شوێنەی کە خۆرهەڵات و خۆرنشینی بەیەك دەگەن و باکور و باشوری بەیەك ناگەن، شوانێك لەگەڵ پەزو سەگەکانیدا دەژیا.ئەوێ وڵاتێ بوو لەو دیوی وڵاتانی دی: ئاوی وەکو گوڵاو بوو،و خاکی مینا تەلاّ بوو، چیاو دەشتی گوڵاڵەو چیمەن بوو، دەشتی گوڵ و گوڵزار بوو. باغەکانی وەکو باغی بەهەشت بوو،و هەوای تا حەزبکەی سوك بوو، روناك بوو وروناك...لێ چ فایدە؟.. چ فایدە کە شوانەکەی ئەوێندەر لە شوانانی دی جیاواز بوو: دڵی نەبوو تا بەزەیی هەبێ، بەزەیی نەبوو تا مروەتی هەبێ، نە ئاه کاری لە دڵەی بەردی دەکرد و نە ناڵە، و نە دەنگی گریان و زاری دەژنەت... ئەگەر بشیژنەوتایە لەم گوێیەوە دەچوو و لەو گوێیەوە دەردەچوو..شوانی ئەو دەڤەرە نە وەکو شوانانی دیکە نەی حەوتبەندی هەبوو و نە گۆپاڵی شوانی. لە جیاتی نەی حەوتبەندی، شاوری شکارەوانی هەبوو و لەبری گۆپاڵی شوانی قامچی دڕکاوی بەدەستەوە دەگرت...شوانی ئەو دیارو دەڤەرە شیری پەزەکانی دەدۆشی، کەوڵەکەی دەکردن بە پوستین، خورییەکەی دەبڕینەوەو دەیفرۆشت، گۆشتەکەی دەکوڵاندن و دەیخوارد، دڵ و جگەرەکەی لە شیش دەدان، مۆخی ناو ئیسقانەکانی دەمژین، پشقلەکەی دەسوتاندن، ئیسقانە رووتەکانیشی فڕێ نەدەدان و بەکەڵك دەهاتن... خۆلاسە، دارو نەدارو بوون و نەبوونی شوانە لە پەزەکانی بوو، لێ شوانەی بێمیهرو بەزەیی پەزەکانی خۆشنەدەویست،، نەقەدری دەزانین و نە دڵە بەردەکەی بۆیان دەسووتا. بەیانی و نیوەرۆ و ئێوارە، رۆژی سێ کەرەت مەڕە بەرخدارەکانی دەدۆشی، بەڵام هەر چەندی دەدۆشی هەر پێی کەم بوو. مەرە بەستزمانەکانی تا رادەی ئەوەی کە لەبری شیر خوێن لە گوانیان بێ ، دەدۆشی، و پەزە بەستزمانەکان کە لە جیاتی شیر خوێن لە گوانیان دەهات، لە تاو ئازار فرمێسك لە چاویان دەهات و دەیانناڵاند. لێ شوانەی دڵڕەق ئەم قسانەی بە گوێدا نەدەچوو، قامچییە دڕکاوییەکەی هەڵدەگرت و بە هاتو هاوارەوە بەردەبووە گیانی پەزە بەستزمانەکان، کە:– مردارەوە بووانی توخمە حەرام، دەبێ بتان دۆشم، دەڵە زاوانی تۆو تاعون. هەر دەبێ بتان دۆشم..

شـوانەی دڵـرەق، کـە نەشـاوری شـکارییەکەی لـە دەم دەکـەوت و نـە قامـچـییە دڕکاوییەکـەی لەدەست دەکەوت، دەیویست لە هەر کەرەتێکا لە مەڕێکا کە سەنگی دە مەن نەدەبوو، دوانزە مەن شیر بگرێ...

***

پەزەکان بەرگەی ئەم هەموو زوڵم و دڵرەقییەیان نەدەگرت و یـەك یـەك مرداردەبوونەوەو ڕۆژ بـە ڕۆژ ژمارەیـان کـەمتر و کـەمتر دەبـوو. خـەنی لەوانـەی کـە دەمـردن، چونکە ئەوانـەی کـە دەمـردن ئیسـراحەتیان دەکـرد. بـەڵام وای بـەحاڵی ئەوانـەی کــە دەمــان، ناچــار بــوون زوڵمــی ســەر مردووەکانیش هەڵبگرن. ..شوانەی بێرەحم دەیویست ئەو شیرو گۆشتەی کە لە مێگەلە پەزێك بەدەستی دێنا، لەوانە بەدەستی بێنێ کە هێشتا نەمردبوون، و ئەگەر هەموو پـەزەکانی مردبـان و تەنیا یەك مەڕی بۆ مابایـە تـەوە، شـوانەی بێبـەزەیی دەیویسـت شـیری یـەك مێگەلـە مـەڕ لـەو تاقـە مەرە بگرێ... مەرەکان لێکدا لێکدا دەمردن و دەمردن، پەیتا پەیتا کەمترو کەمتر دەبوون، تـا وای لێهات جگە لە چـەند مـەرێك پتری بۆ نەمایـەوە، و چـونکە لـەم چـەند سـەرەمەرەش شـیری کـەمتر، گۆشـتی کـەمتر، خـوری کـەمتر بەدەسـت شـوانە دەهـات، شـوانە ڕۆژ بـە ڕۆژ پـتر دەهـری دەبـوو و شـێتتر و بێـرەحمتر دەبـوو....شـوانەی دڵـرەق قامچـییە درکاوییەکـەی بەدەسـتەوە دەگـرت، سەگەکانی دەبرد و پەزە بەستەزمانەکانی لەم چیاوە بۆ ئەو کێو، لەم دۆڵەوە بۆ ئـەو شـیو ڕادەدا. بـەرخێکیش لـە نێـو مەرەکانـدا بـوو. شـوانە ئـەم بەوسـتەزمانەشـی دەدۆشـی و دەیویسـت شـیری بیسـت دانـە گامێشـی لێبگـرێ. بـەڵام دەبـوو؟ چـونکە ئـەو بەسـتەزمانە بـەرخ بـوو، یـەك دڵۆپـە شیریشی نەدەدا، و شوانە لە هەموویان زیاتر لـەو نیوبسـتە بەرخـە تـوڕە بـوو... ڕۆژێك شـوانە بـە تــەواوی لــە بەرخەکــە تــورە بووبــوو و قامچــییەکەی هــەڵگرت و کەوتــە دوای، بەرخەکــە کــە نــە دەیتـوانی رابکـات و نـە تەحـەمولی ئـەو هـەموو لێدانـەی هـەبوو، بـە زمـانی بـەرخان و بـەدەنگی بەرخانـەی بـە شـوانەکەی گـوت: – شـوانەی مـن، مـن بـەرخێکم و هیچـی دی، چیـت لـە مـن دەوێ؟ بەرخان ناتوانن غار بدەن، خۆ مەرانیش ناتوانن رابکەن... پێی پەزان بـۆ ڕاکـردن نـەخوڵقاوە، خـۆ من پەز نیم و بەرخم.. من بەرخم شوانەی من، تکا دەکەم: لێم مەدە، ڕاوم مەنێ...

لێ شوانە ئەم قسانەی بە گوێدا نەدەچوو. و وایـدەزانی ئـەو پەزانـەی کـە لـە ژێـر قامچییەکەیدا دەمـرن، بـە ئانقەسـت دەمـرن تـا خیانـەتی لێبکـەن، بۆیـە گـڕی دەگـرت و قامچـییە دڕکاوییەکـەی لێدەخستنە کار کە: – مردارەوەبووانە نمەك حەرامینە...، واهـی هـەقم دەدەنەوە دەستم؟ چەندم بردنـە دەشـت و لەوراندمن، ورگـی سـاحێب مردووتـان پـڕ کـردو زگ وزاتـانکرد، زسـتان و هـاوین تەڕو وشکم کـردن تـا تۆزقاڵێك گۆشـت و دوگتـان گـرت...، ئێسـتا لـە جیـاتی بڵێن دەسـت خـۆش شوانە، خۆتان دەمرێنن تا هەقم لە دەستم بنەن ها؟

***

....و شوانەی دڵرەق، لـە هـەمووان زیـاتر زۆری بەسـەر بەرخەکەدا دەشکا و تـا دەیتـوانی دیقـی دڵـی خـۆی بەسـەر بەرخەکـەدا دەڕشـت: قامچـییەکەی هەڵـدەگرت و دەکەوتـە گیـانی بەرخەکـە، بەرخـەی داماویش لـە ترسا پێـی وەغـارێوە دەنـاو تـا دەیتـوانی بـە نێـو بیابـانی بەردەڵانـدا غـاری

دەدا. بەرخـەی بەسـتەزمان هێنـدە بـە دەشـتانی بـەردانی و چـیاو گردانـدا رایکـرد، وردە وردە پێیەکانی گۆڕان: لاقەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ درێژ ترو باریکتر دەبوون، وەختـێ کە لاقەکانی درێـژ تـرو باریکتر بوون، دەیتوانی خێراتر رابکات، دەیتوانی باشتر هەڵێت...بەڵام تا بەرخە کە خێراتر غاری دەدا، شوانەش خێراتر غاری دەداو دەستبەرداری نەدەبوو. ..بەرخـەی بەسـتەزمان بەسـەر تاوێرانی تیـژدا بازی دەدا، بەسـەر خرکـە بـەردا غـاری دەدا،و هێنـدە لـەم تـاوێرەوە بـۆ ئـەو کـەڤر بازیداو بەسەر خڕکە بەردو دڕك و داڵدا رایکرد، سمە دوو فلیقانەکانی پارچە پارچە بوون،و هـەر سمێکی بوو بە پێنج پارچە... بەڵام شوانە هەر دەسبەردار نەبوو وبەرخـەی داماویش هێنـدە لـەم کێو و ئەو کێوی دا، هێندە بەسەر بەردو دڕك و داڵـدا غـاری داو لـەم تـاوێرەوە پازیدایـە سـەر ئـەو تاوێر، سمە پێنج فلیقانەکانی سوانەوەو تیژ بوون، تا ئەو چوار سمە دوو فلیقانانە ی بوون چوار چنگی نینۆکداری تیـژو درێـژ..شـوانە هـەر بەڵایـەکی بەسـەر بەرخـەدا دێنـا ، دڵـی فێنـك نەدەبووەوە،و بەرخەی بەستەزمان بەزمانی بەرخان و دەنگی بەرخانـەوە دەپاڕایـەوە:- شـوانەی من...، من بابایەکی بەرخم، بۆ حاڵی نابی؟ من بەرخێکم و هیچی دی، و هـەرکاریێ بکـەی نـاتوانم لە بەرخێك زیاتر بم...

بەڵام ئـەم قسـانە دادی شـوانەی نـەدەدا و نەدەدا،دیسـان قامچییە دڕکاوییەکـەی هەڵـدەگرت و دەکەوتە گیانی بەرخەکە.. بەرخەکە تا هێزی تێدا بوو غاری دەدا، و هێنـدە غـاری داو غاریـدا ڕۆژ بـەرۆژ ورگـی بچـووك و بچـووکتر و قەدیشـی درێـژو درێـژ تـر بـوو، و ئەوەنـدە لەسـەر دڕك و داڵـی زەوی لـەوەڕی و هەسـتا و تلیشـە دارو درەخـت ئەوەنـدە لەشـیان برینـدار کـرد، تـا بەرەبـەرە ئـەو هەموو خورییە مەخمەلی و بەرخانەیـەی بـەرداو لـە جیـاتی ئـەوە تـوکێکی زبـرو زەرد، و خـاکی لـە هـەموو بـەدەنی ڕووا.. ئیـدی شـوانە پێیـا نەدەگـەیی، نـەك هـەر شـوانەکە بـە پێـی بەرخەکـەدا نەدەگـەیی، سەگەکانیشـی بـە تـۆزی پێیـدا نەدەگـەیین. بـەڵام شـوانە دەسـبەردار نـەبوو و نـەبوو. سـەگەکانی بەردەدایـە بەرخەکـەو دووی دەکـەوتن تـا ئـەو بەسـتەزمانەیان لـە سوچێکی بنبەسـتا بەگیر دێناو دەکەوتنە گیانی. بەرخە کە نە ڕێی پاشی هەبوو ونـە ڕێـی پێش، بەزمانی بـەرخان و بە دەنگی بەرخانەی دەپاڕایەوە:- شوانەی من..تۆ چیت لە من دەوێ؟ من بەرخێکم و تەواو..

بـەڵا م شـوانە لـەجیاتی هۆشـی بێتـەوە، شـێتتر دەبـوو و بـە قـامچی دڕکـاوی دەکەوتـە گیـانی بەرخـەو دەی لێبـدە. .. بەرخـەی دامـاو بـۆ ئـەوەی دەنگـی پێـی شـوانەو سـەگەکانی لـە دوورەوە بژنـەویێ و زوو هـەڵێت، بەردەوام گوێیـەکانی قوڵاغ دەکـرد، و تـا هێـزی تیـا بـوو گوێیـەکانی قـوت دەگرت، وئەوەندەی ئەم کارە کرد، ئەو گوێچکە نـەرم و بەرخانەیـەی تیـژو ڕەق بـوون، و بـوون بـە گوێچـکانێك کـە دەیـانتوانی بەهەرلایەکـدا خـوارو راسـت بـن و هـەر دەنگێـك لـە هەرلایەکـەوە کـە دەهـات لـە دووری دوورەوە بژنـەون. . غـارکردنی بەرخەکـە تیـژ بووبـوو، گوێچکەکانیشـی هـەر دەنگێکیان لە هەر لایەکەوە کـە دەهـات لـە دوورەوە دەژنـەفت، بـەڵام فایـدەی چـی؟.. هێشـتاش لـە دەستی شوانەی دڵڕەق نەخەلەسی بوو، چونکە چاوی بەرخان، شەوانە باش نابینیێ، شوانەش شـەوان،هەرکە دنیـا تاریـك دەبـوو، بەرخەکـەی غـافڵگیر دەکـرد و تـۆڵـەی لێـدەکردەوە. بەرخەکـە

بەدەنگی بەرخانە دەگریاو بەزمانی بەرخان دەپاڕایەوە کە:– شوانەی من .. من بەرخم، من تەنیا بەرخم و هیچی دی، کارێك مەکە کە ببمە شتێکی دی...

لێ شوانە گوێی لێ نەبوو،و بەرخی بەستەزمان، لە ترسی قامچی، شەوانە چاوی لێك نەدەناو برژانگی نە دەجولاّن تا خەو نەیباتەوە. تا دەیتوانی چاوی دەبڕییە تاریکی و ئەوەندەی ئەم کارە کرد کە چاوەکانی درشت ترو سور بوون، و ئەو چاوە رەش و بەرخانەیە بوون بە جووتێ چاوی وەك کاسەی خوێن و ئەم چاوانە شەوان وەکو دوو شولەی گۆگرد دەستیان بە درەوشین کرد و بەرخەکە بەم جووتە چاوە شولە ئاسایەوە، شەوانیش هەموو شتێکی دەبینی. ئیدی شەو و رۆژ بۆ ئەو فەرقی نەبوو، بەلاّم کاتێ پێی وەغارێوە دەنا، دووگی لە دەست و پێیەوە دەئالاّ و قورسی دەکرد، ئەگەر دووگی وا قورس نەباو بەمجۆرە دەست و پێی نەدەگرت، نە شوانە بە تۆزی پێیدا دەگەیی و نە سەگەکانی، بەرخەی تایین هێندە بە شەوو رۆچ غاریدا، دووگیشی کەوتە بچووك بوونەوەو درێژ بوون، تا ئاقیبەت دووگی بەرخە گۆڕاو بوو بە کلکێکی رێك وەکو قامچی،و لەوە بەدوواوە، کاتێ بەرخە پێی وەغارێوە دەنا، کلکە قامچی ئاساکەی دەکرد بە حەوادا و بە ئیسراحەت غاری دەدا، و لە کاتی غاردانا هێندە ملی دەبردە پێشەوە کە بەرە بەرە گەردنیشی درێژ بوو... بەلاّم لەگەلّ ئەمەشا هێشتا لە دەستی شوانە نەخەلەسی بوو، چونکە شوانە خڕکە بەردی تێ دەسرەواند. بەرخە بەدەنگی بەرخانەی خۆی و بەزمانی بەرخان دەپاڕایەوە:– شوانی من، من بەرخم، من بەبەرخی هاتوومە دنیاوە، دەمەوێ بەمەڕی لە دنیا دەربچم، بۆ نە؟ لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ببم بەچی وا دەست لە من هەلّناگری؟ ...دە تەوێ ببم بەچی شوانە؟

لێ شوانە گوێی لێ نەبوو.بەرخەی لە سوچێکا بە گیر دێناو دەکەوتە گیانی. بەرخە لە ترسی گیانی خۆی پەنجەکانی بەکار دێناو سەروچاوی شوانەی دەڕوشان. شوانە بە تەواوی لەم کارەی بەرخەکە تورە دەبوو و پتری لێدەدا،و بەرخە چ چارەیەکی نەبوو جگە لەمەی ددانەکانیشی بخاتە کار. بەلاّم چەناگە خڕو بێهێزو ددانە گیا خۆرەکانی بە کەلّکی ئەم کارە نەدەهات، بەلاّم هێندەی ئەم کارە کرد بەرەبەرە شێوەی قەپۆزی گۆڕاو ددانەکانیشی رۆژ بە رۆژ تیژ ترو درێژ تر بوو و دوای ئەوەش کەمە کەمە درێژ ترو تیژ تر بوو، و هێندە باعە باعی کرد بوو و پاڕابووەوە، بەرەبەرە دەنگیشی جۆرێکی دیکەی لێهات، ئەو دەنگە ناسك و بەرخانەیە، بەرەبەرە بوو بە دەنگێکی قەبەو منگ...

***

شوانە سەگەکانی بەردەدایە بەرخەکە... لێ سەگەکانیش چیتر دەرەقەتی نەدەهاتن، ئیدی نە شوانە حەریفی بوو و نە سەگەکانی، بەرخەکە یەکێك لە سەگەکانی بەر چنگ دەداو بە زەویدا دەکوتی و ئەوی تریانی بە ددان دەگرت و توڕی دەدایە ئەولاوە. ..شوانە خەریك بوو لە حەژمەتانا شەق ببات، هەزار فێلّ و کەلّەکی دەکرد تا بەرخەکەی دەخستە تەنگانەیەکەوەو دەکەوتە گیانی. بەرخە زمانی هەلّدەهێناو دەهاتە قسە، بەلاّم نەك بەو دەنگە ناسك و بەرخانەیە، بەلّکو بە دەنگێکی وەکو هاڕە..و دەیگوت:– مەکە شوانە...، دەست لە گیانم هەلّگرە شوانە... ئاقیبەتی ئەم کارە دەگاتە جێیەکی خراپ شوانە.

لێ شوانه گوێی لێ نەبوو،و لە حەژمەتاندا رۆژبە رۆژ شێت و هارتر دەبوو. رۆژێکی فرە ساردی زستان بوو. شوانە وەکو هەموو رۆژێك لەگەڵ سپێدەی شەفە قدا لە خەو ڕابوو. بەفرێکی فرە باری بوو، هەموو شوێنێ کەوتبووە ژێر بەفرەوە. شوانەکە بۆ ئەوەی لە هەریەکێك لەو چەن سەرەمەڕەی کە بۆی مابووەوە شیری جووتێ چێڵ بگرێ، قامچییە دڕکاوییەکەی بەدەستەوە گرت و بەرەو ئاغەڵەکە وەڕێکەوت. بەڵام لە پڕ چ ببینێ؟.. بینی لاشەی خنکاو و لەتو پەتی مەڕەکانی لێرەو لەوێ لەسەر بەفرەکە کەوتووە... ئەو چەند سەرەمەڕەی کە بۆی مابوونەوە یا خنکابوون، یا لەتوپەت بووبوون، لەو مێگەلە پەزە گەورەیە تاقە یەك مەڕیشی بۆ نەمابووەوە..شوانە دەستی کرد بەسێبەری سەرچاوەکانی تا هەتاو لە چاوی نەدات و دەستی بە تەمەشاکردنی ئەملاو ئەولا کرد و، لەنکاو چی ببێنێ؟ بینی بەرخەکە لەو دوورە بەبەدەنی گەورەو درێژییەوە لەسەر بەفرەکە وەرکەوتووە، دەستەکانی درێژ کردووەو بەزمانە درێژو تیژەکەی خەریکە ئەو خوێنەی سەر قەپۆزی و پەنجەکانی دەلێسێتەوە،و لاشەی لەتوپەتی هەردوو سەگەکەی شوانەش، درێژاو درێژ لەملاو لەولای بەرخەکە لەسەر بەفرەکە کەوتبوو. بەرخەکە لە شوێنی خۆی هەستاو هێدی هێدی و بە مڕەمڕ بەرەولای شوانە هات. شوانە لە ترسا کەوتە لەرزین و پاشەکشێ،و دەیگوت:- وەرە بەرخەکەی خۆم.. وەرە وردیلەی فیسقە گولە، وەرە ئەی جوانی جوانکیلە...، وەرە قوربانی نازت بم. بەرخەکە دەیمڕاند:- شوانە قسەی خۆت بزانە من ئیدی بەرخ نیم.

شوانە هەمدیس کەوتە قوربان بەساقەی کە:- وەرە وردیلە، وەرە ناز نازی، وەرە جوانی جوانکیلە..وەرە قوربانی پشقلەکەت بم.

بەرخەکە نەڕاندی:- هەوەڵجار بەرخ بووم شوانە، بەڵام ئیتر بەرخ نیم. لە سایەی تۆدا بووم بە گورگ.

شوانە بە هەمان شێوە کە لە ترسا وەکو بی دەلەرزی و وردە وردە دەچووە دوواوە، دیسان دەستی بە قوربان وبە ساقەبوون کرد کە:- تۆ بەرخە جوانەکەی خۆمی، وەرە جوانی جوانکیلە، وەرە قوربانی چاوت بم.

بەرخەکە نەڕاندی: - تازە درەنگە شوانە.

و بەرەو شوانە پەلاماری دا، شوانە ویستی هەڵێت، بەڵام نەیتوانی، ئەو بەرخەی کە بووبوو بەگورگ بە بازێك ددانە تیژو درێژەکانی لە گەرووی شوانە رۆکرد

***

بەفری ساردو سپی خوێنی گەرم و سووری شوانەی هەڵمژی، ئەوانەی کە ریگەیان بەو ناوەدا بوو و توانای خوێندنەوەی نووسراوە سوورەکەی سەر بەفرەکەیان هەبوو، چیرۆکی ئەم شوان و ئەم بەرخەیان خوێندەوەو لەوە بەدوواوە ئەم چیرۆکە دەماو دەمی کردو پشتاو پشت گێڕدرایەوە، تاوەکو گەییە رۆژو رۆژگاری ئێمە.

---

سەرچاوە: برەای کە گرگ شد..از: عزیز نسین /ترجمە: تمین باغچەبان - چاپ دوم: ١٣٦١

# سوارەو پیادە

چیرۆکی: عەزیز نەسین                                        و: حەمەکەریم عارف

لەگەڵ دۆستێکمدا لە "کادیکوی" سواری تەکسی بووین، شوفێرەکە بەدەم ئارەقە رشتنەوە تەکسییەکەی داژۆت، دۆستەکەم ئاماژەی بۆ پیادەکان دەکردو دەیبۆڵاند: – توخودا سەیری ئەم جماعەتە بکە! هێشتا فێر نەبوون چۆنی لە شە قامدا رێبکەن!.

منیش قسەکەیم سەلماند:– بەڵێ...مەرجی یەکەمی شارستانییەت ئەمەیە کە خەڵکی بتوانن لە جادەدا بە دروستی ڕێبکەن.

چەند دەقیقەیەك بوری. یەکێك لە نەفەرانی ترامۆای، لە کاتی دابەزین لە ترامۆایەکە چیوای نەمابوو بکەوێتە ژێر تەکسییەکەی ئێمەوەو بپلیشێتەوە. شوفێرەکەمان ستۆپێکی وەهای گرت کە منو دۆستەکەم، یەکسەر لە جێی خۆمان راپەرین و وەستاین و چەند جارێك خوار بووینەوەو راستبووینەوە، و ئەنجام لە شوێنەکەی خۆمان گیرساینەوە. دۆستەکەم لەو کابرایەی کە خە ریك بوو بکەوێتە ژێر تەکسییەکەی ئێمەوە، تورە بوو کە:– بۆ تەمەشای بەردەم خۆت ناکەی؟

شوفێرەکەش دوا بە دوای قسەی دۆستەکەم:– بارگێرررر..

کەوتینەوە رێ. دۆستەکەم دەستی پێکرد کە:– بنیادەمێ کە هێشتا رێکردن بەڵەد نەبێ...

من قسەکەم بۆ تەواو کرد:– دەتەوێ چ خێرێ بۆ وڵات بداتەوە..؟

شوفێرەکە درێژەی بە رێگەی خۆی دا، دۆستەکەم دەستی بە بۆڵاندن کرد:– ژن و پیاوی ئەم وڵاتە رێکردن بەڵەد نین..ئاخر شەقامیان گوتووە، شۆستەیان گوتووە.. کەسێك نییە بەم خانمە بڵێ:– ئاخر خانم تۆ کە پیادەی بۆچی بە شۆستەکەدا نارۆیت؟..بۆچی رێگەی خۆت بەرداوەو بەناوەراستی شەقامەکەدا دەرۆی؟

منیش هەڵمدایێ کە:– ئێمە پێش هەموو شتێك دەبێ فێری رێکردن ببین.. بەم وەزع و حاڵەمانەوە، هێشتا بە فەرسەخان لە دیموکراسیەتەوە دورین..

نەفەرێکی دیکەی ناو تەکسییەکە قسەکەی منی سەلماند:– زۆر راستە.. فەرموودەکەتان زۆر بەقوەت بوو قوربان ئێمە لە کوێ و دیموکراسیەت لە کوێ؟..ئێمە هێشتا رێکردن نازانین کەچی باسی...

نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات، دووبارە لە تەکسییەکەدا وەك بڵێی بوومە لەرزە روویدا، شوفێرەکە بۆ ئەوەی ئەو پیاوەی کە بە پانی شەقامەکەدا تێدەپەڕی، نەکات بەژێرەوە، لەپڕ پێی بە ستۆپدا نابوو. سەرمان لە پەنجەرەوە هێنایە دەرێ و کەوتینە تەشەر لەو پیاوەی کە بە کۆمە کۆم خەریك بوو دوور دەکەوتەوە:– حەیوان.

– بارگیر.

– مەگەر کوێری خوێڕی؟..

– بۆ تەمەشای بەردەمت ناکەی کەرە؟..ئەوەی راستی بێ ئەگەر پیاو چەند تانەو تەشەرێك لەم جۆرە کەسانە نەدا لە داخا دەتەقێ. ئاخر بۆچی دەبێ ئێمە تا ئیستا نەزانین لە جادە بپەڕینەوە؟

دۆستەکەم دەستی پێکرد:– بۆ ئەوەی خەڵکی فێری پەڕینەوە ببن، تەنیا یەك چارە هەیەو وەسەلام:– نابێ ئەو شوفێرەی خەڵکی دەکاتە ژێرەوە سزا بدرێ... چارە هەرئەمەیە کە عەرزم کردی. کە دە–پانزەیەکیان بوونە ژێر ئوتومبیلەوە، پان و پلیش بوونەوە، هەنگێ ئەوانی دی دەزانن دەبێ چۆن رێبکەن.

یەکێکی دی لە نەفەرەکان:– خەڵکی شار زۆر زۆرن. باشتر کە ئەم جۆرە ناحاڵیانە بکەونە ژێر ئوتومبیلەوەو شار تۆزێ چۆڵ بکەن..

منیش کەوتمە قسان: – ئەسڵەن دانی ئازادی بە خەڵکانێك کە هێشتا بەڵەد نین لە جادەدا رێبکەن، یەکێکە لەو کارە هەڵنەسەنگێنراوانەی...ئاخر گیانەکەم، ئازیزەکەم، ئەم شۆستەیە...هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو، یەکێکی دیکە لە نەفەرەکان هاواری کرد:– حەیوان..

وامزانی لەگەڵ منیەتی، خێرا وەڵامم دایەوە:–وڵاخ..

دوایی زانیم کە لەگەڵ منی نەبوو، لەگەڵ رێبوارێکی پیادەی بوو کە خەریك بوو لە شەقامەکەوە رەت دەبوو. کە بینیم واهییە، بۆ ئەوەی یارۆ وا نەزانێ کە لەگەڵ ئەوم بوو، سەرم لە پەنجەرەکەوە دەرهێنا و رووەو رێبوارە پیادەکە لەسەری رۆییشتم:– وڵاخ لەگەڵ تۆمە.

ئەوانی دیکەش رێبوارەکەیان کە لەسەر عاردەکە کەوتبوو، بەر تانەو تەشەر دا:– بارگیری گیا خۆر.

– ورچە زلە.

لە چوار ریانەکە رەت بووبووین. شوفێرەکە خەریك بوو منالێك بکاتە ژێرەوە. یەکێك لە نەفەرەکان:– ئەمەش منالی هەمان بابایە.

من:– ئەسڵەن ڕێکردن... بەڵێ عەرزی بە حوزورتان کەم کە ڕێکردنی هەرکەسێك، پێناسەی ئەو کەسەیە.

من و دۆستەکەم گەیی بووینە مەقسەدو دابەزین. ماڵی ئێمە چەند سەد هەنگاوێك لە ولاترەوە بوو. هێشتا دە پانزە هەنگاوێك نەرۆییشتبووین لە پڕ وەکو دۆستەکەمیان لەسەر دەست بەرزکردبێتەوەو بە زەویاندا دابێ، پەرتی سەر زەوییەکە بوو. من گێژو مەنگ دانەوی بوومەوەو ژێر باڵی هاوڕێکەم گرتبوو و خەریك بوو هەڵم دەستاندەوە کە شەپەزللەیەکی توندم پێکەوتوو ئوتومبیلێك بە خێرایی با، بەپەنا گوێما ڕەت بوو. ئەو کابرایەی کە شەپەزللەکەی وەشاندبوو، بەدەم دوور کەوتنەوەی ئوتومبیلەکەوە، دەستی لە پەنجەرەکەوە هێنابووە دەرێ و ڕای دەوەشاندو پێدەکەنی. دۆستەکەم کە هەستابووەوە بەدەم ئاخ و ئۆفەوە گوتی:– بنیادەم نین.

من درێژەم دایێ:– بریا هەر بنیادەم نەبوایەن ، شوفێر نین.. ئەمانە هێشتا زۆر زۆریان ماوە کە ببنە سایەق... ئەمانە خۆشیان بکوژن هەر عەرەبانچین... لە پشت سەرمەوە گوێم لە دەنگێ بوو:– هۆی.

ئاوڕم دایەوە. ئوتومبیلێکم لە پشتەوە بوو:– هۆی لە خۆت و قوزەڵقورت! مەگەر ناتوانی کەمێك لەولاترەوە بازۆی؟ ئەم شەقامە پانەت بەجێ هێشتووەو خەریکە سواری سەری من دەبیت؟ .. باش بوو شوفێرەکە بە ڕێی خۆیدا ڕۆیی، دەنا نیازم وابوو بگەمە خزمەتی. دۆستەکەم گوتی:– بەراستی سەیرە ! ئەم شەقامە پان و بەرینە بەجێدێڵن و ڕێك دێنە سەرسەری بنیادەم

گوتم:– ئەمانە خەتایان نییە... ئەوانەی کە گەواهینا... بەمانە دەدەن.

نەمتوانی وشەی گەواهینا... تەواو بکەم، چونکە لە دواوە جەزرەبەیەکم خواردو، بەدەما کەوتمە سەر زەوی، کوڵە مستم گوشی و چەند تەشەرێکم لەو ئوتومبیلە دا کە خەریك بوو دوور دەکەوتەوە.

دۆستەکەم گوتی:– هێشتا زۆری ماوە ببین بە بنیادەم.

ئوتومبیلێك بە خێرایی مەرگ لە بەردەممانەوە هات. من بۆ ئەوەی نەکەومە ژێر ئوتومبیلەکەوە بەدەستی چەپا هەلاتم و هاوڕێکەم بەلای ڕاستدا ڕایکرد. ئوتومبیلەکە بەرەو من هات. من بۆ لای ڕاست گەرامەوە، ئوتومبیلەکەش بە دواما بەلای ڕاستا پێچی کردەوە. ئەوجا دووبارە بەرەو چەپ غارم دا، ئوتوبیلەکەش بەرەو چەپ پێچی کردەوە. ڕێك وەکو دوو نەفەری ڕێبوار، کە لە شەقامێکی قەرەباڵغ دا بەرانبەر بە یەك بێن و ماوەیەك هەردووکیان بە چەپ و بە ڕاستدا ئەم پێ وئەو پێ بکەن و ئەنجام یەکێکیان جێگە چۆڵ بکات و ئەوی تریان ڕەت ببێ.. وەزعی ئێمەو ئوتومبیلەکە بەو جۆرە بوو. ئێمە بە چەپا غارمان دەدا، ئوتومبیلەکەش بە چەپا.. بە ڕاستا ڕامان دەکرد، ئوتوبیلەکەش بەراستا... نەفەرەکان و شوفێرەکەش کوڵەمستیان گوشی بوو و لێکدا لێکدا جنێویان دەدا، ئێمەش ڕامان دەکرد و کوڵەمستمان گوشی بوو و وەڵامی ئەوانمان دەدایەوە:

- تەمەشای بەردەمت بکە.
- تەمەشای پشتەوە بکە..

- بۆ بەرێی خۆتدا نارۆی؟..
- حەیوان.
- حەیوان خۆتی.

***

سوارە پێیان وایە پیادە نازانن برۆن. پیادە پێیان وایە کە سوارە شوفێری نازانن. قسەی کێ راستە؟ ئەگەر سوارە بن هەڵبەتە قسەی ئێوە دروستە و پیادەکان قسەی خۆرایی دەکەن. ئەگەر پیادەبن دیسان قسەی ئێوە دروستە و سوارەکان قسەی بەلاش دەکەن.

سوارەو پیادە دوو تاقمی رەقیب و نەیاری یەکترن، یەکێکیان تاقمی براوەن یا سوارەکانن و ئەویتریان تاقمی دۆڕاون یا پیادەکانن ، بەلاّم هەق هەمیشە بە هەردوو تاقمەکەیە، چونکە هەر ئەم دۆراوانە کاتیّ کە دەبن بە براوە،رەخنە لە پیادەکان دەگرن و براوەکانیش هەر کاتیّ کە دەدۆرێن، رەخنە لە سوارەکان دەگرن جا بەم پێیە هەق هەمیشە بە ئێوەیە. چونکە هەر ئێوەن کە جاریّ سوارەن و جاریّ پیادە.

---

سەرچاوە:برەای کە گرگ شد- از: عزیز نسین...ترجمە:تمین باغچەبان- چاپ دوم: ١٣٦١

---

## له ناوەندەوە بڕۆ

چیرۆکی:عەزیز نەسین                                        و:حەمەکەریم عارف

یەکێك لە دواوە گازی کردم:دەنگەکە زۆر ئاشنا بوو، بەڵام هەرچیم کرد خاوەنی دەنگەکەم نەناسییەوە. تەوقەمان لەگەڵ یەکدیدا کرد.گوتی:

– له "ناوەند گەرەکەوە "دێم. چووبوومە دکتۆر .

گوتم:– سەلامەتە!

–زیپکەیەك لە ناوەندی سەرم هاتبوو، زیپکەیەکی...

– پەنا بەخوا چاك دەبێت، هیچ نییە.

له ناوەندی ڕێگەدا پێشنیازی کرد کە لە چاخانەیەك لابدەین و قاوە بخۆینەوە. قاییل بووم، پێشخزمەتەکەی گاز کرد:– دوو قاوەمان بۆ بێنە.

– تاڵ بێ یا شیرین.

– هی من مامناوەندی بێ..نە تاڵ و نەشیرین، ناوەند...

دۆستەکەم زۆر بێتاقەت بوو:– لە چی بێتاقەتی؟ گوتی:

–لە دەستی کوڕە ناوەنجییەکەم... دەرنەچووە...مامۆستا لێی پرسی بوون:–سەدەکانی ناوەند چییە؟ نەیتوانی بوو وەلاڕم بداتەوە.

– پۆلی چەندەمە؟

– پۆلی دووی ناوەندییە...تاقیکردنەوەکانی دیکەی خراپ نەبوو بوو.. هەمو نمرەکانی مامناوەندی بوو، بەڵام لەسەر سەدەکانی ناوەند نمرەی نەهێنابوو..و

– خەمت نەبێ ئەمساڵ دەردەچێت.

– بەڵام کوڕە گەورەکەم تا حەزبکەی حەزی لە مێژووە، بەتایبەتی مێژووی سەردەمانی بەر لە سەدەکانی ناوەند و مێژووی سەردەمانی پاش سەدەکانی ناوەند.

من ئەم دۆستەم نەناسیبووەوە. بۆ ئەوەی بیناسمەوە ناچار دەستم بە هەندێ پرسیاران کرد:

- ئێستا لە کام گەڕەکە دادەنیشن؟
- لە گەڕەکی" ناوەند ئاوا"... ڕۆژێ گەورەمان بکەن.. کە لە ناوەند گەڕەکەوە تەشریف بێنن، دەبێ بە ناوەندی پارکەکەدا ڕەت بن، ڕاست دەکەونە ناو " ناوەند ئاوا" پاشان کە گەیینە ناوەندی مەیدانەکەی "ناوەندئاوا"ڕێك لە بەرانبەرتان، لە ناوەندی درەختەکاندا ماڵێکی دارین دەبینن... ئەوە ماڵی بەندەیە.. ماڵێکی خراپیش نییە، لێ مەخابن ژوورەکەی ناوەندی دڵۆپە دەکات...
- ئەدی کاروبارت چۆنە؟
- خراپ نییە ، مامناوەندییە... بەڵام لە ناوەندی مانگی ڕابردوودا معامەلەیەکمان کرد کە دەڵاڵەکەمان کڵاوی لەسەر ناین، ئامان لە دەست ئەم دەڵاڵانە ، خوا نەکا بنیادەم گرفتاریان ببێ...

با لەمە گەڕێین.. قوربان بە باوەڕی جەنابتان کە لەناوەندیچاڵەکەدای ، وەزعی دنیا بە کوێ دەگات؟ئاخر ئەمە نەبوو بە وەزع، دەبێ ئاستێکی مامناوەندی ڕەچاو بکرێت... دەبێ هەردوو لا دانیشن، جوان پێکەوە قسەی خۆ بکەن، ئاستێکی مامناوەندی ئەوتۆ قبوڵ بکەن کە وەزعی دنیا کەمێك ئارام بێ!... ئەم وەزعە لە بنچینەدا بە زەرەری چینی ناوەندییە... چینی باڵا ئاسودەن، چینی خوارەوە لە هیچ حاڵی نین، بەڵام وای بەحاڵی داماوی چینە ناوەندییەکان.. ئاخر سەروەری من، گیانی من، سەرداری من، دنیاو خەڵکی لەم ناوەندەدا گاڵتەچی نین، ئاخر... خۆم بەناوەندی قسەکەیدا کرد:

- مەبەستی ئێوە...
- نەخێر، نەخێر... بەندە هیچ مەبەستێکم نەبوو، پێی ناوێ لەناوەندی شەڕا نرخ دیاری بکەی... بەندە کەسێکم ناوەندی حاڵ، کارم بە کاری کەسەوە نییە، بەڵام لەم ناوەندەدا دڵم بە حاڵی خەڵکی دەسووتێ!..
- ئێ، خۆشحاڵم کە کاروبارتان باشە، پەنا بەخوا باشتریش دەبێت..
- شوکر بۆ خوا کە شەریکەکەم بنیادەمێکی باشە، نەزۆر پیرەو نە زۆر گەنجە، تەمەنی مامناوەندییە، باڵای ناوەندییە، وەزع و حاڵی ناوەندییە، خۆلاسە هەموو شتێکی ماشەڵڵا ناوەندییە.
- ئێ، بەیارمەتیت من دەبێ بڕۆم.
- منیش کارم هەیە، دەخازم بچمە موغازەی گوڵفرۆشی، دەمەوێ چەند شەتڵە گوڵێك بکڕم ولە ناوەندی باخچەکەمان بیڕوێنم....

دەمویست ئەوەتان عەرز بکەم: یەکێك لە بەدبەختییەکانی ئێمە ئەوەیە کە وڵاتەکەمان بە ئەندازەی پێویست ناوەندییەتی (وەسەتیەتی) نییە...

- چیت فەرموو؟

- عەرزم کردیت ئێمە تا دەتوانین دەبیٚ بۆ وڵاتەکەمان ناوەندییەت پەروەردە بکەین... ئاخر بۆ دەبیٚ زانکۆ کۆرسی ناوەندۆلۆژی نەبێت؟ بۆچی ژمارەیەك لە ناوەندولۆگانی پسپۆڕ ناوەندولوژیستێکی شایستە بۆ وڵات پەروەردە نەکەن؟

گوتم:- هەقتە ، زۆر راستە.

دەستی یەکترمان گوشی و لێکدی جیا بووینەوە. لە دواوە گازی کردم. گوتم:- بەڵیٚ.

- لە ناوەندەوە برۆ، لە ناوەندەوە بڕۆ...پێش بکەوی لە ژێر دەست وپێدا دەپلیشێیتەوە، دوا بکەوی دەست لە بنی هەمبانەوە دەردەچێت... تا دەتوانی لە ناوەندەوە بڕۆ، لە ناوەندەوە بڕۆ...

---

رونکردنەوەی وەرگێڕی فارسی:

---

بەرەزامەندی عەزیز نەسین گۆڕانکارییەکی زۆر لەم نووسینەدا کراوە تا وەرگێڕانەکەی نامەفهوم نەبێت..

سەرچاوە:

---

برەای كه گرگ شد.. از: عزیز نسین- ترجمه: تمین باغچەبان- چاپ دوم: ١٣٦١

# خەڵکێکی وەرزشکارین و بڕایەوە

چیرۆکی :عەزیز نەسین                                                  و: حەمەکەریم عارف

لە ئەستەمولدا، تەنیا ئەوانەی لە سەرەتای هێڵەکەدا سواری تراموای دەبن، شوێنی د انیشتنیان دەستدەکەوێ. ئەو رۆژە من لە وێستگەی مەجیدییە، واتە لە سەرەتای هێڵەکەدا سوار بوو بووم. بەلاّم دوای سێ چوار وێستگە، شوێنی بە پێوە وەستانیش نەمابوو. ولە زۆر قەرەباڵغیدا نەدەکرا هەناسەی ئاسایی بدرێ، یەکێك لە نەفەرەکان کە لەسەرەتای هێڵەکە سوار بوو بوو دانیشتبوو و خەریکی رۆژنامە خوێندنەوە بوو،و چەند نەفەرێکیش کە لە تەنیشت و پشتی ئەوەوە دانیشتبوون، وەکو زەرافە ملیان درێژ کردبووەوەو تەمەشای رۆژنامەکەی ئەویان دەکرد. لاوێکی لاوازو رەنگ زەرد کە لە کورسییەکەی پشتەوە چاوی بڕی بووە ستونی هەواڵە وەرزشییەکانی رۆژنامەکە، لەپڕ وەکو تەرەقە تەقییەوە: "تەمەشای نەگبەتی؟ بەخودا ئەگەر "تیپی فەنەر" نەگبەتی نەبوایە، بەم ئاسانییە بە "بەشیکتاش"ی نەدەدۆڕاند!"

رۆژنامە بەدەستەکە کە پیاوێکی خەپەتۆڵە بوو ئاوڕی دایەوەو بەباشی دیقەتی لاوەکەی داو گوتی:"ئەمە عاجزی ناوێ! ئەگەر بیان توانایە ، گۆڵەکانیان نۆشی گیان نەدەکرد!"

پیاوێکی قەڵەو کە لە قەڵەوی دا هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو هەڵیدایێ: "ئەگەر شەعبان لە "سەنتەرا" یاری بکردایە ئەوسا مەعلوم دەبوو کێ براوەیەوکێ دۆڕاو!"

لاوێکی دیکە کە ئەویش لە لاوازیا فووت لێکردبا با دەیبرد، وەکو گوێرەکە بۆڕاندی: "هە ربژی بەشیکتاشی لە شکست نەهاتوو!"

یەکێك لە نەفەرەکان، کە خانمێکی یەجگار رێکپۆش و رەزا سووك بوو، خۆی پێنە گیراو گوتی: "بەشیکتاش ناکامی چاندووە!"

یەکسەر، منداڵێکی چکۆلە، قیژاندی و خۆی لە قسەی خانمەکە هەڵقورتاند، کە: " خۆت ناکامیت چاندووە!"

وەزعەکە گەن بوو. چیوای نەماوە کار بگاتە کوتەککاری، و لایەنگری هەردوو تیپەکە بە مست و لەقە وەلامی یەکدی بدەنەوە. کابرای بلیت بڕ خۆی لە هەرایەکە هەلقورتاند: "حەیفیٚ کە حەبیب "دیفاع" نەبوو، دەنا تۆڕی گۆلەکەمان ونجڕ ونجڕ دەکردن!"

پیاوێکی دیار، بە دەنگێکی نزم و گڕ وەلامی بلیت بڕەکەی دایەوە: "هەر بەو خەیالە بژی! بەزاتی خوا دە دانە حەبیبتان هەبیٚ رێك قووتی دەدەین، پێی ناویٚ ئەوەندە حەبیب حەبیب بکەی، بەخودا رێك دەیخۆین، حالی بووی؟ رێك!.

ویەکسەر وەلامی خۆی وەرگرتەوە: "دەترسم ژانە سك بگری مامە حاجی! هەوەلجار بیجووە ئەوسا قووتی بدە تا نە لە گەرووت گیر بیٚ و نەسك یەشە بگری!"

خاوەنی رۆژنامەکە هاتە ناو گفتوگۆکەوە: "حەبیب هەڤرکی نییە! بە وەحدانییەتی خوا هەرکە دەرپەڕیٚ بە دە نەفەران ناتوانن تۆپەکەی لیٚ بسەنن! پێرار چووبووم بۆ پێشبڕکیٚ، لە سەنتەرەوە کە پاسێکی گرتەوە، یەکسەر بردی تا بەر گۆلەکەو بە شووتێك تۆڕەکەی دراند."

یەکێك لە نەفەرەکانی ریزی پێشەوە، کە یەك دەستیش بوو، لە جێی خۆی هەستا کە: "دەبیٚ شوکری خوا بکەن کە بایەکە روو لە گۆلەکەی ئێمە بوو، د ەنا وەکو لۆکە هەلاجیمان کردبوون!"

- با و ما لە ئارادا نەبوو. ئەو بایەی کە باسی دەکەی، هی راکردنی یاریچییەکانی ئێمە بوو.
- حەبیب باوکی سیٚ کوڕە، بەلام ماشەللا هێشتا هەر مەیدانی چۆل نەکردووە. بەزاتی خوا تاژیش بە تۆزی پێیدا ناگات! بەزاتی خوا هێشتاش شوتی وەها لێدەدا کە گۆلەکەتان لە بنەوە هەلدەتەکێنیٚ!
- سەهوی جەنابی ئاغا. حەبیب سیٚ منالی نییە و دوانی هەیە.

بلیت بڕەکە دەهری بوو و گوتی: " یانی دەتەویٚ بلێی تۆ لە من باشتری دەزانی؟ حەبیب سیٚ مندالی هەیە: دوو کوڕ،و یەك کچ."

– من حەبیب ناناسم؟ من و حەبیب هەموو شەوێك تا بەیانی لە کافەی چین چین پێکەوەین.

– تەمەشای ئەمە! من سیٚ دانە سالٚ لە یانەی وەرزشی "تەختە قەلا" لەگەلٚ حەبیب دا شەو ورۆژ پێکەوە بووین.

نەفەرێکی دی هاتە ناو گفتوگۆکە: "هەردووکتان سەهوون، منالەکان هی حەبیب نین."

- ئاگات لە دەمت بیٚ! قسەی خۆت بزانە!
- تۆ قسەی خۆت بزانە!
- بۆ دەی بەیتە سەرخۆت؟ پیاو لە قسەکردنا هەزار شت دەلێت... باشە ئەگەر بۆ نموونە بە بنیادەم بلێن ولاخ، ئیدی ئەو بنیادەمە بەڕاستی کلك دەردێنیٚ و دەبیٚ بە ولاخ؟

پیرەمێردێك کە لە پیری دا تاقە دانێك لە زاریا نەمابوو هەلیدایی: – ئەسلەن پەروەردەی وەرزشی لە بەین چووە. لە زەمانی ئێمەدا هەزار شتمان بە یەکدی دەکوت، کەریشمان دەگوت، خراپتریشمان دەگوت، بەلام گالە گالٚ رووی نەدەدا... ئیٚ، ئیدی ئەمە قسەیە.. پیاو نابیٚ ببیاتە

سەر خۆی و شەڕ هەڵگیرسێنیٚ... بەڕاستی دەورو زەمانەیەکی سەیرە، ئەگەر لە دڵی خۆتا بڵێی ولاٚخ سەد نەفەرت لیٚ دەگەڕێنەوە کە : "لەگەڵ منت بوو؟"

باوکە گیان تۆ راست دەفەرموی بەلاٚم ولاٚخ گوتن تا ولاٚخ گوتن تەفاوتی هەیە، من هیچ سوعبەت و رەفاقەتێکم لەگەڵ ئەم برادەرەدا نییە، ئەگەر بە سوعبەتەوە خراپترش بە پیاو بڵێن، هەڵبەتە کە پیاو لە دڵی ناگرێت. بەلاٚم یارۆ قسەی خۆی نازانیٚ و دەڵیٚ مناڵەکانی حەبیب هی خۆی نین و هێشتاش...

– ئاخر تۆ نەت هێشت قسەکەم تەواو بکەم، مەبەستم ئەمەیە کە ئەو مناڵانە لە مێردە هەوەڵینەکەی ژنەکەی حەبیبن.

بلیتبڕەکەو چەند نەفەرێك لە رێبوارەکانیش خەریك بوو لەسەر ژمارەی مناڵەکانی حەبیب لێیان دەبوو بە دەمە قاڵ، و هەندێکیش هۆی دۆڕانی تیپی فەنەریان شیدەکردەوە.

– ئەگەر لوتفی لە "ئۆفتایم"ی دووەمدا نەکەوتبوایەو لە پێشبڕکێیەکە دەر نەچوبایە دەرەوە، ئەوسا دەتان بینی چۆن پشتمان شکاندبوون.
– نەیخۆی تاڵە! مرتەزا دەناسیت؟ بەخودا مرتەزا سەد دانە لوتفی دەخاتە گیرفانی!
– ئەریٚ بە گیانی تۆ دەیخات!
– ئەگەر زیاد لەسەری بڕۆیت کەللەیەك دەدەم بە ژێر چەنەتا کە لە هاتنە دنیات ژێوان ببیتەوە.
– هێواش لێیدە.

بلیتبڕەکە بەجۆریٚ سەرقاڵی سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی بوو دەربارەی ژمارەی مناڵەکانی حەبیب کە هەر بیری نەمابوو کە بلیتەکان کەلبکات،و هەر لەبیری نەمابوو کە بلیت برە،و هەر بەو دەقەوە بەزاری کەفکردووەوە قسەی دەکرد، چونکە پتر لە نیوەی ددانەکانی کەوتبوون، لیکاوەکەی دەمی بەردەوام دەپرژا بەسەروچاوی ئەم و ئەودا.

– دەتەویٚ من نەزانم حەبیب چەند مناڵی هەیە و تۆی مناڵی دوێنیٚ بزانی؟
– هە،هە، هە... دە ختوکەم مەدە پێکەنین دەمگریٚ....
– هە، هە، هەی ناویٚ..

لاوەکە بەرەو بلیت بڕەکە پەلاماری دا. بەلاٚم قەرەباڵغییەکە نەیدەهێشت بیگاتیٚ، و نەراندی: "شوکری خوا بکە کە قەرەباڵغە و ناتوانم بتگەمیٚ، دەنا یەك کەللەم بە ورگتا دەکێشا کە وات زانیبا گا قۆچی لێداوی."

– تۆ شوکری خوا بکە قەرەباڵغە، دەنا خراپ بە خزمەتت دەگەییم.
– ئەگەر ئەو پیاوەی دابەزە.

نەفەرەکانی تراموایەکە بووبوون بە چەند دەستەیەکەوەو گەڕیان بە یەك دەکرد. لەم بەینەدا پیرەمێردێك کە لەزۆرهانیدا تاقە دانێك لە زاریدا نەمابوو، و ملی هێند چرچ بوو لە تۆ وایە ملی کیسەڵە،و لە توڕەییدا هەموو لەشی دە لەرزی، هەڵیداییٚ:"ئەسڵەن ئێوە مانای شەرم و حەیا نازانن."

له دڵی خۆدا گوتم بێگومان ئەم پیرە مێردە دنیا دیدەیە دەمە قاڵەکە دادەمرکێنێتەوە، بەڵام ئەو لەسەری رۆیی: "گۆڵی دووەم بێ چەندو چوون "پەنەرتی" بوو، بەڵام کە داوەر نەبێ، ئەنجامەکەی واهی دەبێ!"

- باوکە گیان باسی داوەرەکە مەکە چونکە هاوتای نییە.

منداڵێکی دوانزە ساڵان روویکردە پیرەمێردەکەو گوتی: " باوکە تۆ پیری، ببورە، کاك بەها یەکێکە لە باشترین داوەرە نێو نەتەوەییەکان.

پیرەمێردەکە بەتەواوەتی کەللەیی بوو و گوتی: " باسی داوەری نێونەتەوەیی بۆ من مەکە! هێشتا تۆ لە دایك نەبووبووی کە من "هافبەکی" یەکەمی تیپی ئەیوانسەرا بووم. ئیستا زانیت کە کێم؟

- بەڵێ بە گەدگ و گیپاڵت دا دیارە.

گەیی بووینە گاتا سەرا. بلیت بڕەکە هێشتا هەر خەریك بوو باسی منداڵەکانی حەبیبی دەکرد. باسەکە گەرم بووبوو، بەجۆرێ کە شوفێرەکەش ،لە نێو ژووری سوکانەکەوە روویکردە بلیت بڕەکەو هاتە ناو گفتوگۆکەوە. من هەوەڵجار وام دانابوو کە شوفێرەکە بلیت بڕەکە ئاگادار دەکاتەوە کە فریای کاری خۆی بکەوێ، بەڵام ئەو وەکو ئەوەی هەڤرك بخوازێ، دەستی پێکرد: "ئەوە کێیە لەسەر فەنەر دەکاتەوە؟"

یەکێك لە نەفەرەکان گوتی: "منم تۆ ئەلاقەت چییە؟"

شوفێرەکە کە لەم گوساخییە توڕە بوو بووگوتی:"من لە ترامواێەکەمدا فەنەریان سوار ناکەم، یاڵڵا دابەزە!"

نەفەرەکە گوتی: "ئەسڵەن خەتای منە کە سواری ترموای تۆی بەشیکتاشی بێشعور دەبم." ولە ترامواێەکەوە خۆی هەڵدایە خوارێ.

لە ویستگەی تەپەباشی، موفەتیش سواری ترامواێەکە بوو .من گوتم کە ئیستا موفەتیشەکە، بلیت بڕەکە کە لە سەرەتای هێڵەکەوە تا ئێرە تاقە یەك بلیتی کەل نەکردووە، غەرامە دەکات و خەریك بوو دڵم فێنك دەبووەوە.

یەکێك لە نەفەرەکان درێژەی بە قسەکانی دا: "بەڵێ، بەشیکتاشی سەگی کێیە تا فەنەر ببەزێنێ!ئەگەر فیڵیان نەکردبوایە ئەوسا دەمانبینی براوە کێیە."

شوفێرەکە وەڵامی دایەوە: "غەڵەت نەکەی بەدفەنەری!"

نەفەرە لە ترسی ئەمەی کە نەبادا ئەویش لە ترامواێەکە بکەنە خوارەوە، خۆی لە قەرەباڵغییەکەدا ونکرد.

- هەموو تیپەکەتان نەیانتوانی تۆپەکە لە پێی مەستان دەربکەن، ئەگەر بیان توانیبا ئەو گۆڵە عەنابییە بە گۆڵەکەتانا نەدەچوو.
- باشە لە پێشبڕکێی داهاتوودا نیشانتانی دەدەین.
- سەد کەرەتم گوت کە حەبیب سێ منداڵی هەیە،دوو کوڕ، یەك کچ، بەڵام بە گوێتا ناچێت...

- تۆ لە ژیانتا حەبیبت دیوە کە حەبیب حەبیبت لێ گرتوینەتەوە؟
- برادەران بە شایەد بن، بە من دەڵێت درۆزن! برادەران هەمووتان دەبێ شایەد بن کە سوکایەتی پێکردم، من شکات دەکەم.

موفەتیشەکە گوتی: " ئیستا چی بووە؟ ئەگەر فەنەر تا ئەمرۆ دوو گۆڵی بەشیکتاشی خواردبێ، ئەوا پەنجا گۆڵی لێکردووە."

تێگەییشتم کە موفەتیشەکەش لایەنگری فەنەرە. شوفێرو بلیت بڕەکە لە لایەک، وموفەتیشەکە لە لایەکی ترەوە کەوتنە گیانی یەکتری. شوفێرەکە نەراندی: وادەزانی من لە وەرەقەی غەرامە دەترسم! بنووسە هەرچەندت پێخۆشە بینووسە، بە قوربانی سەری بەشیکتاش! بژی بەشیکتاشی لە شکان نەهاتوو!"

لە چاو تروکانێك دا بلیت بڕەکە بە جانتای بلیتەکانی، نەفەرێك بە جانتای دەستی و موفەتیشەکەو ئەوانی دیکە بە مست و لەقە کەوتنە گیانی یە کتر. ترامواییەکە وەستاو پۆلیس گەیینە جێ و خەڵکیش دەوری ترامواییەکەیان دا.

یەکێك لە پۆلیسەکان رویکردە موفەتیشەکە کە : " چی بووە؟"
- دەڵێن گۆڵی دووەمی فەنەر " ئۆف ساید" بووە!
- چ ئەحمەقێ ئەم قسەیەی کردووە؟

یەکێك لەو خەڵکانەی لە دەوری ترامواییەکە خڕ بووبنەوە گوتی: "ئۆف ساید نەبوو و "هاند" بوو!"

نەفەرێکی دیکە گوتی: "تۆ ئەسڵەن دەزانی فەرقی ئۆفساید لەگەڵ هاندا چییە کە خۆت لەمە هەڵدەقورتێنی؟"

یەکێك لە پۆلیسەکان کە لایەنگری بەشیکتاش بوو گوتی:" یاڵڵا هەمووتان دابەزن، دەبێ بێن بۆ پۆلیسخانە."

هەر هەموویان لەگەڵ یەکا شەڕیان بوو. منیش وەکو شایەد جەلبکرام. چووین بۆ پۆلیسخانە.
ئەفسەری نیگابان بەر لە هەموویان لە منی پرسی: "تۆ کوێندەری؟"
گوتم: " ئەرزرۆمی قوربان."
- نەمگوت خەڵکی کام شاری، سەر بە کام تیپی؟"
- من ئەندامی  هیچ تیپێك نیم قوربان.
- باشە ئەندامی کام یانەی، لایەنگری کام یانەی؟

من نەمدەزانی جەنابی ئەفسەر ئەندام یان لایەنگری کام یانەیە، بەڵام تەوەکەل بەخوا گوتم: "فەنەر!"

گوتی: " ئافەرین! تۆ وەرە ئەم بەر."

پاشان هەمان پرسیاری دووبارە کردەوەو هەمووانی بە گوێرەی لایەنگری و ئەندامیەتی لە یانەکاندا بەسەر چەند دەستەیەکدا دابەشکردو ئەوجا رویکردە یەکێك و پرسی: ئێستا بڵێ بزانم چی بووە؟

- جەنابی ئەفسەر بەندە لە مەجیدییە سوار بووم. دەمویست لە مەیدانی تەقسیم دابەزم.
- ئیێ. بۆ دانەبەزیت؟
- نەکرا دابەزم.باس باسی پێشبڕکێیەکان بوو، ئەم ئاغایە دەڵێت کە مەزڵوم "گۆلەر"ی تیپی فەنەر بێ بەڵگەنامە لە پێشبڕکێیەکەدا بەشداری کردووەو تیپی بەشیکتاش دەبێ لە یەکێتیی فوتبۆڵی نێونەتەوەیی شکات بکات.

جەنابی ئەفسەر زۆر توڕە بوو و گوتی: " من قەبوڵ ناکەم هیچ کەسێك قسەی زیاد دەرهەق بە مەزڵوم بکات!"

سەیرم کرد کەس ئاگای لە من نییە. سوکێ بۆی دەرچووم..خەڵکێکی وەرزشکارین، و بڕایەوە

---

سەرچاوە:

برەای کە گرگ شد.

از: عزیز نسین

ترجمە: تمین باغچەبان

چاپ دوم: ١٣٦١

## تەشریفاتكاری

چیرۆكی: عەزیز نەسین          و: حەمەكەریم عارف

كـەمال، دۆسـتی منداڵیمـە. قـەرار بـوو بـۆ دیتنـی كتێبخانەكـەی بـۆ ماڵیـان بچـم.ماڵیـان كۆشكێك بوو لە یەكێك لە باخە گەورەكانی "ساری- یر" گوتم:

- كەمال، چ كۆشكێكی جوانە!...گوتی:
- هی "پورە نوسرەت گیان"مە. چووینە ژوورێكی گەورەی پڕ لە رەفەی كتێبان. ..كـەمال گوتی:
- چۆنە چایەكەمان لێرە بخۆین؟

خـەریك بـوو كتێبـێكم لـە رەفەیـەك دەردێنـا كـە لـەپڕ دەنگێكـی گـڕو لـەزۆك و كـز لـە یـەكێك لـە ژوورەكانەوە بەرز بووەوە:

- گروهاااااان.. بڕۆ.. یەك-دوو، یەك _دوو...

راچڵەكیم و بـۆ سـاتیٚ گـوێم هەڵخسـت... چونكە ئیتر هیچ دەنگێك نـەهات ، سـەرلەنویٚ مـژوڵی كارەكەی خۆم بوومەوە، لیٚ كە هاتم كتێبەكەی دەستم بكەمەوە، دیسان هەمان دەنگ بەرز بووەوە:

- گروهااان، سەرباز بەراست، یەك، دوو، یەك- دوو...

ویستم مەسەلەكە لە كەمال بپرسم، بەڵام دەست بەردار بووم. ئەگەر دەنگەكە دەنگێكـی منـاڵانـە بوایە، مەسەلەكە رون دەبووەوەو دەمگوت:

- بێگومان یەكێك لە مناڵەكان مژولی "عەسكەر بازییە"

بـەڵام دەنگەكە زۆر سـواوو كز بوو. لەسـەر قەنەفەكان دانیشـتبووین و چاییمان دەخـواردەوە كـە دیسان هەمان دەنگ لە نزیكترەوە بەرز بووەوە:

-گروهاااان، لە جێی خۆ، بڕۆ، یەك- دوو، یەك- دوو...گروهااان.. بوەستە...، ئازاد.

ویستم لە كەمال بپرسم "مەسەلە چییە" كە لەپڕ دەرگا بەتوندی كرایەوەو بوونـەوەرێكی سـەیر- كە نە لەپیاو دەچوو نە لەژن- هاتە ژوورەوە. پرچەكانی سـپی و درێـژ بـوون و كڵاوێكـی قـەدیمی سوپاییشـی لەسـەر بـوو. بـە گێسـووە سـپی و درێژەكـەیا ژن بـوو، هەیكـەل و داروبـاری ژن بـوو، چاكەتێكی كۆنەو قەدیمی سوپایی و پانتۆڵێكی پیاوانەی لەبەر بوو. بەرۆكی چاكەتەكەی پڕ بوو لـە میـدال و نیشـانانی سـوپایی. هەركە چاوم بـەم بوونـەوەرە كـەوت، هەسـتامە سـەر پـیٚ. كـەمال دەستی گرتم پێی ناساندم:"لالۆ نوسرەت گیان"م.

دەرکەوت کە پیاوە... بەرەو لای من هات و دەستێکی بە شانمدا داو گوتی:
– ئەحواڵت چۆنە لاوۆ؟ گوتم:– مێرسی..
یارۆ گوتی:مێرسی چییە!..چما ئێرە ماڵی پورتە؟ ئێرە قۆشەنە!...سەرباز بە گروبانەکەی ناڵێ"مێرسی" دەبێ بڵێ: "مەمنونم سەرکار سەرگروبان."...
وئەوجا روویکردە کەمال و گوتی
–ئالیکی بارگیرەکان خەریکە تەواو دەبێت... زوو مشوری بخۆ.
ئەوجا بە هەمان دەنگی لەرزۆکەوە فەرمانی "گەرانەوە"ی داو بەدەم گوتنەوەی "یەك–دوو، یەك–دوو"ەوە لەژوورەکە وەدەرکەوت. من بە واقی وڕمەوە نیگای کەمالم دەکرد. کەمال گوتی:– لەوە دەچێت هیچ شتێك دەربارەی "پورە نوسرەت گیان"م نەزانی؟
گوتم:– نە...، جارێ پێم بڵێ "پورە نوسرەت گیان" یا "لالۆ نوسرەت گیان"ە؟
گوتی: – هەردووکیانە..، هەم پورە گیانەو هەم لالۆ گیانە. دانیشە با حیکایەتەکەیت بۆ بگێڕمەوە: "پورە نوسرەت گیان"م لەم کۆشکە گەورەیەدا بەتاقی تەنیا، تەنیا لەگەڵ دوو دانە بەناو زڕکچیدا دەژیان. لە کۆنا عادەت وابوو، دوو کچی چکۆلەی هەتیویان هەڵدەگرتەوەو بەخێویان دەکرد. هەرکە یەکێکیان پێدەگەیی یەکسەر بە شویان دەداو یەکێکی تریان لە جێگەی دەهێنا، ئەمانەش هەم کاریان بۆ دەکردن و هەم سەرگەرمیان دەکردن و لە تەنیایی دەریان دێنان. هەڵبەتە ئەو زەمانە ئێمە لە " ئەنقەرە " بووین...پاشان بابم بوو بە مامورو هاتین بۆ ئەستەمبوڵ. چەند رۆژێك بوو لە ئوتێل بووین و بابیشم بە دوای خانوودا دەگەڕا، کاتێ پورێ گیان زانی و هات بە دوامانا،و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پێکەوە بژین. دەیگوت: – لەم کۆشکە گەورەیەدا خەریکە لە تەنیاییدا دیق دەکەم... پورێ گیانم زۆر لە دایکم بە تەمەنترە، بۆیە دایکم و هەموو خێزانەکە بە گوێمان دەکرد...، خۆلاسە قاییل بووین و لەو رۆژەوە لەم کۆشکەدا گیرساینەوەو تا ئیستا پێکەوە دەژین. ئەوساکە کوڕە گەورەکەی پورم لە ئەمریکا بوو، کچە پورەکەشم کە تەقریبەن هاوسونحی دایکمە، لەگەڵ مێرد و مناڵەکانیا لە "ماچکا" دادەنیشتن.
...دوو ساڵێك بەو شێوەیە بوری..، رۆژێك بەیانی من لە رارەوەکەدا پێڵاوەکانم لەپێ دەکرد تا لەگەڵ بابمدا بچینە دەرەوە، لە دەرگایاندا. من دەرگام کردەوە. پاسەوانێکی جانتا بەدەست لەبەر دەرگا بوو، کە دەرگام کردەوە گوتی:– نوسرەت لە ماڵە؟
لە بێنەزاکەتی و تۆنی تانەئامێزی پاسەوانەکە پەست بووم. "پورە نوسرەت گیان"م ئەو زەمانە نزیکەی هەفتاو چوار ساڵ بوو. لە هەموو "ساری_ یر"دا کەس نەبوو نەیناسێت، گەورەو بچووك هەر هەموو رێزیان دەگرت. هەمووان یا بە "خانمی گەورە" یا "خانم نوسرەت خانم" یا هەر بە "خانم" بانگیان دەکرد. ئەگەر کەسێك بیویستایە ئەدرەسی شوێنێك بدات، بەس بوو بۆ نموونە بڵێ "لە بەرانبەر کۆشکەکەی خانم..." یا " کۆڵانی پشت باخەکەی خانم نوسرەت خانم..." یا "پێش کۆشکەکەی..." یا "پشت کۆشکەکەی خانمی گەورە..." بەڵێ...،لە "نوسرەت" گوتنەکەی پاسەوانەکە تەواو دڵگیر بووم، گوتم:– ئەمرکە؟
گوتی:– پێی بڵێ بێتە بەر دەرگا.

پورێ گیانم ماشەڵلاّ ئەو زەمانە زۆر قەڵەو بوو، نەیدە توانی لە جێی خۆی ببزوێ. هەڵبەتە ئیفلیج نەبوو، بەلاّم لە پیری و قەڵەوی دا تەقریبەن زەمینگیر بووبوو .

گوتم: ناتوانێ بێت. هەر کارێکت هەیە بەمن بڵێ.

بابیشم بەدەنگی ئێمەوە هاتە بەر دەرگا و گوتی:- ناتوانێ بێ..، ئەمرێکتان هەبوو؟

پاسەوانەکە گوتی:- ئێمە فێری دەکەین کە بتوانێ.

بابم گوتی:- باشە فەرموو فێری بکە..

پاسەوانەکە گوتی:- یانی زۆرتان لە قانون زۆرترە؟

بابم گوتی:- نە...،زۆری کەس ناگاتە قانون..، بەلاّم ئەو چونکە زۆر قەڵەوە ناتوانێ لە جێی خۆی ببزوێ.

پاسەوانەکە گوتی:- یانی لاوێك دەبێ چەند قەڵەو بێ تا نەتوانێ چوار دانە پلە بێتە خوارەوە.

گوتمان:- زۆریش لاّو نییە، حەفتاو چوار ساڵانە.

پاسەوانەکە ڕاچڵەکی، نیگایەکی کاغەزەکانی دەستی کردو گوتی:-لێرە نووسراوە تەمەن: بیست و پێنج، ئەوجا بیرێکی کردەوەو گوتی:-ئەگەر هەفتاو چوار ساڵانە، چۆنە تا ئیستا نەچووەتە سەربازی.

گوتمان: - کێ؟

گوتی:- نوسرەت.

گوتمان:- ئافرەتە.

پاسەوانەکە لە فکرانڕا چوو و گوتی:- ئافرەتی چی؟ دایەرەی سوپا کون بە کون بە دوایا دەگەڕێ، فیرارە.

پاسەوانەکە بە وردی تەمەشای کاغەزەکانی کرد، ئەوسا ژێراو ژێر هەڵپڕوانییە ئێمەو گوتی:- بەخۆڕایی ماتەڵم مەکەن، پێی بڵێن بێت. ئەمە خزمەتێکی نیشتمانییە، هیچ کەس ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێ... ئەگەر لە کونی مشك و هێلانەی ماریش دا خۆی قایم بکات قانون دەیگرێ و دەی هێنێتە دەرێ. دەستی قانوون دەگاتە هەموو جێیەك..

پاسەوانەکە دەستی بە ڕێنوێنی و ئامۆژگاری کردبوو کە بابم هەڵیدایێ وگوتی:- ناتوانێ تەشریف بێنێتە خوارێ، ئەگەر حەزدەکەی سەرکار فەرمووە سەرێ.

دایکیشم گوتی:- بێزەحمەت چەکمەکانت دابکەنە، خانمی گەورە زۆر وەسواسە ئەگەر کەسێك بە پێلاّوەوە بچێتە ژوورەکەی تووڕە دەبێت.

پاسەوانەکە چەکمەکانی داکەندو بردمانە سەرێ. کاتێ چووینە ژوورەوە، پورێ گیان وەکو هەمیشە، لە سوچێکی ژوورەکەدا لەسەر دۆشەکەڵەکەی دانیشتبوو و پەتۆیەکیشی‌د ابوو بەسەر ئەژنۆکانیدا، پاسەوانەکە ڕاچڵەکی..ئێمە وامان دانابوو ئەگەر پورێ گیانم بزانێ کە وەکو فیرار هاتوون بە شوێنیا زۆر تووڕە دەبێت..، لێ خۆشبەختانە پورێ گیانم خۆی شێلو نەکرد، بزەیەکیشی بۆ کرد. پاسەوانەکە تەمەشایەکی کاغەزەکەی دەستی کرد و گوتی:- ناوت؟

پورێ گیانم گوتی: - نوسرەت.

پاسەوانەکە گوتی:- دروستە! ناوی شۆرەتت؟

پوریّ گیانم گوتی:- حیلمی زادە.

- ئەمەش دروستە.. ناوی بابت؟
- رەحمەتی حیلمی پاشا، جەنەراڵی جارانی سوپا.
- بەڵیّ، ئەمەش دروستە.. باشە ، ناوی دایکت؟ پوریّ گیانم گوتی: رەحمەتی عالیە بەگم خانم.

پاسەوانەکە لە فکران راچوو و گوتی:- هەموو شتەکان دروستە، ئەو گرفتانەی دەمێنێتەوە، یەکێکیان تەمەنە، یەکێکیانش رەگەزە... ئەوسا کاغەزەکانی قەد کرد و نایە ناو جانتاکەی و گوتی:- کەواتە دەبیّ بە زووترین کات بە نوسخەیەکی ناسنامەکەیەوە تەشریف بێنیّ بۆ پۆلیسخانە، ئێمەش راپۆرێك ئامادە دەکەین و لەگەڵ نوسخەی ناسنامەکەیدا بۆ دایەرەی سوپای دەنێرین.

بەو جۆرەی کە پاسەوانەکە گوتبووی نوسخەیەکمان لەبەر ناسنامەکە گرتەوەو چووین بۆ پۆلیسخانە. هێشتا دە پانزە رۆژ بەسەر ئەم مەسەلەیەدا نەرۆیی بوو کە دووبارە سەرو کەللەی هەمان پاسەوان لەگەڵ پۆلیسی گەرەکدا لەبەر ماڵماندا پەیدا بووەوە. سەرۆکی پۆلیسخانە کە لە دایکبوو و پەروەردەی "ساری _ یر" بوو "پورە نوسرەت گیان"ـی باش دەناسی و گوتی: - بەیارمەتی خانمی گەورە دەبیّ کۆنووسی کۆبوونەوەیەك ئامادە بکەین.

پوریّ گیانم گوتی:- ئەیەرۆ خۆ تۆ مناڵی هەمان گەرەکی و من د ەناسیت..

پۆلیسەکە گوتی:- هەڵبەتە خانمی گەورە، کیّ هەیە کە تۆ نەناسێت، بەلاّم رواڵەت و تەشریفاتکارییەکەی واهییە.

کۆنووسی کۆبوونەوەیەك ئامادەکرا کە گەواهی دەدا پوریّ گیانم پیاو نییە و ژنە. پۆلیس و پاسەوانەکەو هەموو ئێمە یەك یەك ژێرەکەیمان ئیمزا کرد. هەفتەیەك بەسەر ئەم مەسەلەیەشدا نەبووری بوو کە دوو ئینزیبات و مامورێکی پۆلسخانە هاتنە ماڵەوە. سەرۆکی پۆلیسخانەکە لە رێگەی مامورەکەیەوە پەیامی ناردبوو کە "بێزەحمەت خانمی گەورە تەشریف بەرن و سەرێکی دایەرەی سوپا ، دایەرەی ئیجباری بدەن.."

گوایە دیتنی پوریّ گیانم لە لایەن بەرپرسانی دایەرەی سوپاوە زەروری بووە. هەرکە هاتین بڵێین "ئاخر بۆچی" رووی ماموری پۆلیسخانە گەشایەوەو بە بزەیەکی نەرمەوە هەوڵیدەدا کە قەناعەتمان پێبکات. دەیگوت:- بۆ نارەحەت دەبن ئەمە کارێکی تەشریفاتییە، گرنگ نییە، بەخۆرایی خۆتان نارەحەت مەکەن.

لە سیماو بزەکەی ماموری پۆلیسخانە و بەکارهێنانی زاراوەی "تەشریفاتی" واتە کارێك کە هیچ زەرورەتێکی نییە بەلاّم ئەنجامدانی زەرورییە و لەبەر ئەوە نابیّ نارەحەت بی، خۆشبەختانە پوریّ گیانم خۆی شێلو نەکرد و بەکاوە خۆ گوێی گرت و گوتی:- زۆر باشە. مادامێکی تەشریفاتەکەی واهییە لە خزمە تاین. ئەوان رۆییشتن و " پورە نوسرەت گیان"مان بەهەزار حاڵ لە پە تۆوە پێچاو هێنامانە خواریّ، بە هەزار زەحمەت سواری ئوتومبیلمان کردو بۆ دایەرەی

سوپامان برد. لەوێش بەهەمان زەحمەت دامانبەزاند و بۆ دایەرەی ئیجباریمان برد. سەرۆکی دایەرەی جەلبی ئیجباریان جەنابی سەرهەنگێك بوو، دەستی بە پرسیاران کرد. پوریێ گیانم توڕە بوو وگوتی:- جەنابی سەرهەنگ، رەحمەتییەکەی مێردم جەنەراڵ بوو، گەلێك لەو سەرهەنگانەی ئەمرۆ پەروەردەی دەستی مەڕحومن، خۆزیا ئیستا زندوو دوبووەوەو دەیبینی بیست ساڵ دوای مردنی، دەیانەوێ ژنە هەفتاو چوار ساڵییەکەی بەرن بۆ عەسکەی. ئاخر مێردەکەم خاوەن پایەیەکی لەشکری بوو، ئێوە بە چ هەقێ ئەوەندە زەحمەتم دەدەن. من بێوەژنی مەڕحوم "مەمدوح پاشا"م.

هەرکە ناوی "مەمدوح پاشا" بەر گوێی جەنابی سەرهەنگ کەوت هەستاو ڒور حورمەتی نواند، دوای چایی کردو گوتی:- "مەمدوح پاشا"ی رەحمەتی سەروەری بەندە بوو، وەلی نیعمەتی بەندە بوو، بەندە ئەلفبای سەربازی لەو رەحمەتییەوە فێر بووم و...

ئێمە خۆشحاڵ بووین. چونکە بەم حیسابە دەبوایە مەسەلەی ئیجباری پوریێ گیانم روون ببێتەوەو ئیدی وازمان لێ بێنن.

جەنابی سەرهەنگ دوای هەزار وێڵ و ماریفەت و رێز گرتن گوتی:- هیچ گرفتێك نییە خانم، لە تۆماری ئاماردا هەڵەیەك بووە. دەبێ لە رێگە قانوونییەکەیەوە بۆی بچی، ویەکسەر لادەبرێ.. جارجار ئەم جۆرە هەڵانە روودەدەن. جا قوربان دەبێ زەحمەت بکێشیت و تەشریف ببەی بۆ دایەرەی ئامارو...

پوریێ گیانم، ئیعارازی گرت و گوتی:- ئاخر جەنابی سەرهەنگ، ئەمە وانابێ، پۆلیسی گەرەك دەمناسێت و بۆ ئێرەم دەنێرێ، تۆش لە وەزع و حاڵی من ئاگاداری و رەحمەتییەکەی مێردم دەناسیت و دەڵێیت برۆ بۆ دایەرەی ئامار، ئاخر...

جەنابی سەرهەنگ کەوتە دڵدانەوەی پوریێ گیانم کە: - نارەحەت مەبە خانم .. ئەمە کارێکی تەشریفاتییە. ئاخر هەر کارێك رێیەکی هەیە.. تۆ تەشریف بەرە بۆ ئەوێ یەکسەر چاکی دەکەن.

روانیمە سیمای جەنابی سەرهەنگ، کاتێ زاراوەی "کاری تەشریفاتی" بەکار دێنا، رووی دەگەشایەوەو میهرەبان دەبوو!

لە دایەرەی سوپا هاتینە دەرێ و لەو رۆژە بە دواوە، لە لایەکەوە بەم دایەرەو بەو دایەرەدا بە دووی کاری تەشریفاتی دا غارمان دەدا و لە لایەکی ترەوە ماموران و ئینزیباتانی دایەرەی جەلبی ئیجبارییان بەر ماڵی ئێمەیان بەر نەدەدا، هەر دوو سێ رۆژ جارێك سەرو کەللەی ماموری پۆلیس، ئینزیبات و پاسەوان لە ماڵی ئێمەدا پەیدا دەبوو کە:- نوسرەت لە کوێیە؟ نوسرەت کوا؟ یا:- ئەگەر فلاُن نامە بە فلاُن جێ نەگات مەجبورین بیبەین...

رۆژ بە رۆژ کارەکان ئاڵۆزتر دەبوون ئەوەندە لەم دایەرەوە بۆ ئەو دایەرە، لەم مێزەوە بۆ ئەو مێز چووین و هاتین، ئەوەندە نامە هێنراو براو ژمارەی نامەمان نووسی کە تەواو گێژو وێژ بووین. ترسمان لێهاتبوو کە ئەم تەشریفاتکارییە بیانوو بێ، دەتگوت بە تایبەتی دەستی دەستیمان پێدەکەن تا غافڵگیرمان بکەن و پوریێ گیانم بەرن.

کچە پورەکەم کە بەکارەکەی زانی بوو لەگەڵ مێردەکەیدا هات، بە کۆمەڵ چووین بۆ دایەرەی تۆماری ئامار. خۆشبەختانە سەرۆکی دایەرەی ئامار ناسراو دەرچوو. لە هاودەورەکانی مێردی کچە پورەکەم بوو و گوایە یەك دوو جاریش بۆ دەسومۆچی پورم چووبووەماڵیان. ئێمەخۆشحاڵ بووین،

وئەویش بە دیتنی ئێمە و بەتایبەتی پوریٚ گیانم چاورروونی و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و گوتی:- من لە خزمەتی خانمی گەورەدام، خانمی گە ورە وەکو دایکی منە وشێلە و بێلە...

پشوویەکمان پێدا هات. جەنابی سەرۆك بەخۆی کارەکەی لە ئەستۆ گرت وگوتی چایان بۆ هێناین وفەرمانی دا تۆمارو دەفتەرەکانیشیان بۆ ژوورەکەی خۆی هێنا و بەکاوە خۆ دەفتەرەکانی ژێرو ژوور کردو گوتی: - بەڵێ... هەڵە بووە. مێژووی لە دایکبوون لە جیاتی ١٣٠١-، ١٣٥١ نووسراوە، هەڵەیەکی دیکەش ئەمەیە کە وایان زانیوە "نوسرەت" ناوی کوڕە.

هەموومان پێکەنین، ئاخر هەڵە کرابوو، و چاککردنی هیچی نەدەویست. کاتیٚ خواحافیزیمان کرد، جەنابی سەرۆك گوتی:- ئیٚ.. کە هەڵەکە دۆزرایەوە چاککردنی ئاسانە.

چارەی ئەمەیە کە خانمی گەورە تا زوورە تەشریف بەرنە دادگاو...

پوریٚ گیانم دەهری بوو کە:- چ دادگایەك؟ چ دادگایەك؟

جەنابی سەرۆك دەستی بە دڵدانەوەی کرد کە:- ئەمە نارەحەتی ناویٚ خانمی گەورە، دادگایەکی تەشریفاتی دادەنریٚ وکارەکە دەبڕێتەوە . دادگا بۆ ئێمە دەنووسێت. ئێمەش بە پێی حوکمی دادگا هەڵەکە لادەبەین. ئێمە بە بیٚ حوکمی دادگا ناتوانین دەسکاری دەفتەرەکان بکەین.

گوتمان:- ئاخر هەڵەکە لە خانمی گەورەوە نییە تا هەستیٚ بچیٚ بۆ دادگا، کیٚ هەڵەکەی کردووە با ئەوە بڕوات.

جەنابی سەرۆك دووبارە بە دەنگێکی میهرەبان دەستی پێکرد کە:- بەخۆرایی نارەحەت مەبن، هەر کارێك ڕێگەیەکی هەیە، ئەم دادگایە لایەنی جدی نییە، بەخۆرایی خۆتان نیگەران دەکەن، دادگایەکی تەشریفاتییە.

گەراینەوە بۆ ماڵەوە. ئەم کەرەتە مامورانی دادگاش هاتنە سەر ئەوانی دیکەو ڕۆژ نەبوو کە نەیەنە سەرمان. ئینزیبتان بەر ماڵیان بەر نەدەداین، ئێمە زاتمان نەدەکرد ماڵ چۆڵ بکەین و بچین بە دووی کارماندا، هەر غافڵ باین پوریٚ گیانیان دەبردین. سەیرمان کرد بە تەنیا دەرەقەتی ئەم هەموو ماورو دایەرانە نایەین. نامەمان بۆ کورە بچووکەکەی پورم کە لە "ئەزمیر" بوو نارد کە:- بە پەلە بگە ئێرە، خەریکە خانمی گەورە بۆ عەسکەری دەبەن.. کورەکەی پورم بە ژن و مناڵەوە بۆ ڕۆژی دوایی هات، ئەویش لە قۆڵێکەوە دوای کارەکە کەوت.

ئێمە لە سەرێکەوە کەوتبووینە ناو پێچ و پەنای کارە تەشریفاتی و بڕیارە کارگێڕییەکان و وێڵ و سەرگەردان لە دەرگای ئەملاو ئەولامان دەدا و لەسەرێکی دیکەوە پوریٚ گیانمان لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ دەبردو دەمان شاردەوە. ..شەوێك "پورە نوسرەت گیان"م هەموو خێزانەکەی لە دەوری خۆی خڕ کردەوەو گوتی:- کارەکە پشت گویٚ نەخەن، دەست لەسەر دەست

دانەنیشـن. ئـەم تەشـریفاتکارییە هـەمووی بیـانووە. دەیانـەوێ بمبـەن، پەلـە نەکـەن کـار لـەکار دەترازێ ، کاتێکتان بەخۆزانی بردیانم و..

پاشان پوریێ گیانم دەستی بە بەڵگە هێنانەوە بۆ ئێمە کرد، کە پیاو نییە و ژنە، گەنج نییەو پیرە...

دوو دانیشتنی دادگایان سازدا، لە دانیسشتنی دووەمدا بریار درا لە دانیشتنی داهاتوودا شایەت بێنن و دادگا گوێ لە شایەتی شایەدەکان بگرێ.

هەموو رامانکرد بۆ ماڵی سەرۆکی دادگا کە بەسەر دەست و داوێنی دا بکەوین. سەرۆکی دادگا کە لە ناسراوانی خێزانەکە بوو کەوتە سەر دەست و پێی پورە گیانم، داوای بووردنی کرد و دڵسۆزی خۆی نواند. لێ پورە گیانم بوو بوو بە بەرمیلێك باروت و تاقە پزیسکێکی بەس بوو، کە بتەقێتەوە. کەوتە تانەو تەشەر لە سەرۆکی دادگا کە:– ئاخر تۆ کە من دەناسیت، تۆ کە ئاگاداری سەرجەلەی منی، ئیتر تۆ بۆچی... تۆ کە هەم باوکم و هە مێردەکەمت دەناسی، ئیتر شایە تت بۆچییە؟

سەرۆکی دادگا بە میهرەبانی و دڵسۆزی دەستی پێکرد :– هەڵبەتە رێزو حورمەتم بۆ تۆو ماڵباتە بە رێزەکەتان هەیە، خەجاڵەتم، بەڵام تەشریفاتی قانوونی ئەم کارە واهییە، ئێوە تە نیا دوو شایەد پەیدا بکەن، دوو کەلیمە شایەدی دەدەن و کارەکە تەواو دەبێت. دادگا ناتوانێ بێ گوێگرتن لە گەواهی شایەدان بڕیار دەربکات و...

کاتێ بینیمان بە هەموو خێزانەکە دەرەقەتی ئەم هەموو کارو تەشریفاتکاری وبڕیارانە نایەین و ئەمە جگە لەوەی تا کارێکمان دەبردە پێشێ لەوەبوو پورە گیانم ببەن، ناچار بووین تەلەگرافمان بۆ کوڕە گەورەکەی پورم کە لە ئەمریکا بوو کرد:– دایکت بۆ خزمەتی ئالاّ بانگ کراوە. بەپەلە وەرە.

رۆژی دوایی وەڵامی تەلەگرافەکە هاتەوە کە:– مەگەر شێت بوون!

تەلەگرافێکی دیکەمان نارد کە:– مەسەلەکە جدییە. خانمی گەورو مەشمولە، بە پەلە فریاکەوە.

کوڕە پورەکەم بەسزمانە لەگەڵ ژن و مناڵەکانیا سواری فرۆکە بوو وهات. کاتێ بە شتە کە ی زانی دەهری بوو، هاواری کرد کە: – هەی بێغیرە تانە..

خۆلاسە، هەموو کەوتینە گەران بە دووی شایەدا، مەگەر شایەد دەست دەکەوێ؟ ئەوانە ی کە دەبوایە شایەتی دەربارەی تەمەنی پورێ گیانم بدەن، بەلای کەمەوە دەبوو نەوەد ساڵ بوایەن. بۆ لە شارا خەڵکی نەوەد ساڵ پەیدا دەبوو؟

دوای سۆراخ و تاقیب، بە هەزار زەحمەت یەك –دوو کەسی نەوەد ساڵەمان دۆزییەوە. ئەوانیش تەمەنی خۆیان پێ قەبوڵ نەبوو. تەنانەت هەندێکیان پەست بووبون و گوتیان:– نەوەد ساڵ بەر لە ئیستا نەك ئێمە، باوکیشمان نەهاتبوونە دنیاوە... هەندێکیان دەیانگوت:– ئێمە شایەدی درۆ نادەین...!

هەرچەند دەمانگوت: – بابە، ئەمە شایەدییەکی تەشریفاتییە، خێرە..

دەیانگوت:– شایەدی درۆ گوناهە... لە رۆژی قیامە تا چ وەلاَمێکی خودا بدەینەوە؟.

هەندێکیش لە سەریەشەکە دەترسان و عوزرخوازیان دەکرد. خۆلاسە دوای ماوەیەك راکە راك دوو پیرەمێردی پەنجا–شەست ساڵە ئامادەبوون بێن شایەتی بدەن. دادگا پێك هات و شایەدەکان شایەدی خۆیان دا. ئێمە وامانزانی کارەکە تەواو بوو کەچی گرفتێکی تازە هاتە پێشێ: دەبوایە یەکێك لە خەستەخانە دەوڵەتییەکان راپۆرێکی پزیشکی لەمەر ژن بوونی پورە گیانم بدات... ،گوایە دوای ئەمە کارەکە تەواو دەبوو. هەرچەند گوتمان:

– ئاخر خانمی گەورە دوو کوڕو کچێك و هەشت نەوەی هەیە، بە گوێی کەسا نەچوو.

دەیانگوت:– کارەکە دەبێ رەوتی قانوونی خۆی بڕێ.

سەرلەنوێ رامان کردەوە بۆ ماڵی سەرۆکی دادگا و گوتمان:– ئاخر جەنابی سەرۆك چ پێویست بە فەحسی پزیشکی دەکات، خانمی گەورە دوو کوڕو کچێکی هەیە، باشە ئەم منالاَنە لە کوێوە هاتوون؟

سەرۆکی دادگا کەوتە سەر دەست و پێی خانمی گەورە، وهاوخەمی خۆی دەربڕی، دڵی دایەوە و گوتی:– هەڵبەتە کە خانمی گەورە خانمە، من بە مندالی هاووازی کوڕەکەی بووم، لە باخەکەیاندا یاریم دەکرد، بەلاَم ناتوانم بڕیارەکان بخەمە ژێر پێ، دادگا ناتوانێ بە بێ راپۆرتی پزیشکی بڕیار دەربکات. ئاخر خانمی گەورە بۆچی بەخۆڕایی ئەوەندە نارەحەت دەبێت، ئەمە فەحسێکی جدی نییە،تەنیا فەحسێکی رواڵەتی تەشریفاتییە، زوو تەواو دەبێت.

لە لایەکەوە ئێمە هەڵپەمان دەکرد کە کارەکان تەواو کەین، لە لایەکی دیکەوە پۆلیس و جەندرمان دەرگای ماڵەکەیان لە بنەوە دەردێنانین کە:– نوسرەت کوا؟ ..نەسرەت لە کوێیە؟

تکامان دەکرد کە:– چەند رۆژێکی تر لێمان بوەستن، مەسەلەکەتان پێ رادەگەیەنین.

جەندرمەکان دەیانگوت: بە چەند رۆژ ، چەند رۆژ سێ مانگە ئێمە دێنن و دەبەن.

دەزانی لە ولاَتی ئێمەدا ئەم جۆرە کارانە چەند درێژە دەکێشێت، ئێمە دەست و داوێنی پورە گیانم کەوتبووین کە قاییلی بکەین بۆ فەحس. پورێ گیانم هەردوو پێیی کردبووە تاکێ کەوشەوە کە:– بەم تەمەنەوە ناتوانم خۆم نیشانی چەند دکتۆرێکی گەنج بدەم.

– خانمی گەورە بۆ بەخۆڕایی خۆت نارەحەت دەکەی ،ئەمە فەحسێکی تەشریفاتییە... جدی نییە، هەمووی یەك دەقیقە نابات.

پورە گیانم شێلگیرتر دەبوو کە:– من خۆم نیشانی هیچ کەسێك نادەم .

ئەنجام بڕیار درا لە یەکێك لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکان فەحسی بکەن و خۆشبەختانە دکتۆری پسپۆری نەخۆشخانەکەش، ئەوەی کە دەبوایە پورێ گیانم فەحس بکات ناسراو دەرچوو. لە هاودەورەکانی کوڕە گەورەکەی پورم بوو. بەهەزار زەحمەت پورێ گیانمان بۆ نەخۆشخانە برد. دکتۆری پسپۆر پاش رێزو حورمەتگرتنێکی زۆی پورێ گیان ،داوای بوردنی کرد گوتی:– بەداخەوە ئەمرۆ نابێ، چونکە دەبێ ئەنجومەنی پزیشکی نەخۆشخانەکە راپۆرت بدات و ئەنجومەنیش سبەینێ دادەنیشێت.

کورەکەی پورم کەللەیی بوو هاواری کرد کە:- ئەنجومەنی چی؟... ئاخر تۆ ئێمە ناناسیت، چما تۆ نازانی من کوڕی ئەم خانمەم..، ئیدی ماتەڵی چیت، راپۆرتی خۆت بدە..
دکتۆرەکە گوتی:- هەڵبەتە دەتانناسم، هەڵبەتە دەشزانم، بەڵام بۆ ئەوەی راپۆرتەکە فەرمی بێ، دەبێ ئەنجومەنی پزیشکی دابنیشێت، راپۆرتی من بەتەنیا فەرمییەتی نییە، دەبێ ئەوانی دیکەش ژێرەکەی ئیمزا بکەن.

خۆلاسە، لەوە دەچوو کە هەموو دایەرەکان بە بڕیارو تەشریفکارییەکان دەستیان تێکەڵ کردبێ تا ئێمە سەرقاڵ بکەن و پوریێ گیانم ببەن.

بوونی کچ و کوڕەکانی پوریێ گیانم بۆ سەلماندنی ڕەگەزی ئەو بەس نەبوو، ئاقیبەت بۆ خەستەخانەمان برد. ئەنجومەنی پزیشکی پێکهات و فەحسێکی تەسشریفاتی (نەك واقیعی) کراو راپۆرتێك بە ئیمزای حەوت دانە دکتۆر دەربارەی ژنبوونی پوریێ گیانم ئامادە کرا. ئیدی کارەکان تەواو بوو ،و تەنیا دەبوایە دانیشتنی دادگا بکرێت و دوای دوایەمین تاو توێکردن ئیدی بڕیار دەردەچوو.

ڕۆژی دادگا بوو . کاتێ چەند کەسێك ژێر باڵی پوریێ گیانمان گرت و چووینە ناو دادگا، هۆڵەکە پڕ بوو لە خەڵکی، چی قەوم وقیلە و خێزان و کەس و کارمان هەبوو، هەرچی دۆست وناسراومان هەبوون لە هۆڵەکەدا کۆ بوو بوونەوە و جگە لەوان ژمارەیەك لە خەڵکانی نەناس کە سەربورەکەیان لە رۆژنامان‌دا خوێند بووەوە وحەزیان لە بیستنی بڕیاری دادگا بوو لە هۆڵەکەدا خڕ بوو بوونەوە، کاتێ چووینە ژوورەوە، هەوەڵجار بێدەنگییەك دروست بوو،و ئەجا خەڵکی کەوتنە چپە چپ وسەرکێشان. پورە گیانمان بردە شوێنی تایبەتی و دانیشت. خەڵکەکە بێدەنگ بوون. سکرتێری دادگا لەناو بێدەنگییەکەوە دەستی بە خوێندنەوەی بڕیاری دادگا کرد. خەڵکەکە سەراپایان بوو بوو بە گوێ. بڕیاری دادگا بە قازانجی پورە گیانم خوێندرایەوە... هەرکە سکرتێرەکە کارەکەی تەواو کرد، پوریێ گیانم لەپڕ وەکو سپرینگ لە جێی خۆی راپەڕی و هاواریکرد کە:

- خۆت ژنی...

هەرچەندمان گوت:- پوریێ گیان... پوریێ گیان.. چی بوو.. پوریێ گیان دانیشە... فایدەی نەبوو.
هاوای کرد کە:-من دەبێ بچم بۆ سەربازی...، من پیاوم...
هەمدیس تکامان لێکرد کە:- پوریێ گیان دانیشە...پوریێ گیان بۆ وات لێهات؟ فایدەی نەبوو... ئیدی لەو رۆژە بە دواوە پوریێ گیانم وەك بڵێی شتێکی لێهات.. هەردوو پێی کردنە تاکێ کەوشەوە کە: - من گروبانم... و دەستی بە تفەنگ بۆ سەرشان، تفەنگ بۆ بەردەم کرد...و لەو رۆژە بەدواوە ئیدی کەس زات ناکات پێی بڵێ "خانم" یا "خانمی گەورە"...ئێمەش بە "لالۆ: بانگی دەکەین. ئیستا ساڵانێکە جلە عەسکەرییەکانی مێردە رەحمەتییەکەی لە سەنوق دەرهێناوەو لەبەری دەکات، شمشێرەکەشی لە خۆ دەبەستێت و دەست بە مەشقدانی گروهانەکەی دەکات، لە بەیانییەوە تا ئێواری ئەمە کارێتی..

کەمال قسەکەی تەواو نەکردبوو کە دیسان هەمان دەنگی گڕ و لەرزۆك بەرز بووەوە:

سەرچاوە: برەای کە گرگ شد /از: عزیز نسین--- ترجمە: تمین باغچەبان/چاپ دوم: ١٣٦١

## حیکایەتێکی چینی

چیرۆکی: عەزیز نەسین                    و: حەمەکەریم عارف

تێبینی:

ئەم حیکایـە تـە لـەو زنجیرە نووسینانەیە کـە عـەزیز نەسین لـە سـاڵانی ١٩٥٥- ١٩٥٧دا دەینووسین و بەزۆری بەناوی خوازراوەوە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بلاّوی دەکردنەوە.
نەسین دەڵێت: ئەم حیکایەتە پەیوەندی بە وڵاتی خۆمەوە بوو ،و گۆڤارەکان خۆیان لە بلاّو کردنـەوەی نـەدەدا... جـا نەسـین بـۆ ئـەوەی بتـوانێ ئـەم نووسـینە بـلاّو بکاتـەوە، بـەناوی نووسـەرێکی خـەیاڵکردی چـینییەوە ،و وەکـو وەرگێـڕان دایـە گۆڤارێـك و بـلاّو بـووەوە،و پاشـان بەناوی وەرگێڕان لە بەرهەمی هەمان نووسەری خەلقی خەیاڵی نەسین-ەوە لـە گۆڤـارانی دیکـەش دا بلاّو کرایەوە.

"کونك –سو"گوندێکی بچووکە لـە دەریـای چینی باشـور. هـەموو خـەڵکی ئـەم گونـدە کاریـان ماسیگرییە.
رۆژێـك بـەیانی، لـە چاخانـەی "پـونگ- چیانگ"- کـە بارەگـای ماسیگرەکان بـوو- قیـژە قیـژی بێچـووە پشـیلەیەك بـەرز بـووەوە. کـەس نـەیزانی ئـەم بێچـووە پشـیلەیە لـە کوێـوەو چـۆن لـە گوندایەیدا بوو. هاپۆ پونگی پیر بێچووە پشیلە لەڕولاوازو خۆش خـەت و خاڵەکـەی خسـتە سـەر دەسـتی ،و روانییـە چـاوە شـینەکانی و لەبـەر خـۆوە گـوتی:"خـوا تـۆی بـۆ مـن نـاردووە." و شاگردەکەی بانگ کرد:- ئەم چکۆلەیە ناوی "چونگ- بان"ە، باش ئاگاداری بکە...
"چونگ-بان"ی زرینگ، دوای چەند رۆژێك بوژایەوەو گەورە بوو. چونگ-بان نـەك هـەر هـۆگرو ئازیزی هاپۆ پونگ بوو، بەڵکو هەموو مشتەرییەکان خۆشیان دەویست. "چونگ"ی نازەنین هـیچ عـەیبێکی نـەبوو جگـە لەمـەی کـە دزبـوو... و هەڵبەتـە هـەموو پشـیلەیەك کـەم و زۆر دزە، بـەلاّم لـە تەڕدەستی و چاپکی دا، دایکی زەمانە دزی وەکو ئەوی نەهێنابوو، لەمەودواش نەیدەهێنا...
هێشـتا شـەش مـانگی تـەواو نـەکردبوو کـە هـەموو دەرو دراوسـێکان هاواریـان لێ هەسـتا. "چونگ- بان"هەموو رۆژێ بەیانی بەر لە هەتاو کەوتن، وەکو فەرمانبەرێکی دڵسۆز لە ماڵ وەدەر دەکـەوت و بـەرەو شـوێنی فەرمانەکـەی دەرۆیـی و تـا نیـوەرۆ هـەموو گـەرەکی دەماشـییەوەو دەگەڕایـەوە. ئاشـخانەو کۆمەڵییـەك نـەبوو کـە دەسـتی ئـەوی نـەگاتێ. رۆژێ نـەبوو کـە سـەری مەنجەڵێك لانەدات،و پارچە ماسی لە ناو ئاوی کوڵە کوڵ دەر نەیەنێ.

ئەگەرچی زەرەری "چونگ" بە هەمووان دەگەیی، بەڵام هەمووان خۆشیان دەویست، چونکە ئەو کارەی بە تەڕدەستی و چابکی ئەنجام دەدا،و بە تەڕدەستی و چاپکییەکی وەهاوە کە تەنانەت ئەوانەی زەرەرمەندیش دەبوون، نەیان دەتوانی ستایش و ئافەرینی نەکەن،و دزییەکەیان بە شیرینکاری و هونەرنمایی ئەو لە قەڵەم دەداو گوێیان نەدەدایێ.

"چونگ" وەکو بەشەر، بەبێ خشپە و بە هێواشی، ئەڵقەرێزی دەرگای ئاشخانەی دەکردەوە،و هەر کە ژنەی کەیبانو سەری وەردەگێڕا، لە چاو تروکانێکدا ئەو ماسییەی کە لەناو تاوەو رۆنی داغدا چزەچز سور دەبووەوە، دەریدێناو بۆی دەردەچوو. ئەو ژنانەی کە فریا نەدەکە وتن شێو بۆ مێردەکانیان ئامادە بکەن، کاسەو گۆزەکانیان لەسەری "چونگ"دا دەشکاند،و بیانوویان دێنایەوە کە:- باشە چی بکەین؟.."چونگ" ماسییەکەی لەسەر وەجاخەکە فڕاندووە...

وهەرکە ناوی "چونگ" دەهاتە ئاراوە، توڕەترین مێردانیش نەرم دەبوون،و برنجاوەکەیان بە رووتی هەڵدەقوڕاند، بێ ئەوەی فزە بکەن.

رۆژێك مشتەرییەك چووە چاخانەکەی هاپۆ"پونگ" زەرفێکی پڕ لە ماسی بەدەستەوە بوو لەسەر رەفەکە دایناو کەوتە کاغەز بازی. دوای یەك -دوو سەعات کە وازی تەواو بوو، هەستاو دەستی برد کە زەرفە ماسییەکە لەسەر رەفەکە هەڵگرێ. بەڵام هەرکە دەستی بەر زەرفەکە کەوت لە سەرسامیدا وشك بوو. زەرفەکە لە جێی خۆی نەجولا بوو ،دەمەکەشی نەکرابووەوە، شێوەی زەرفەکەش نەگۆڕابوو، بەڵام لە جیاتی ماسی، پڕبوو لە هەوا. تەنیا لە ژێر زەرفەکەوە کونێکی بچووك کرابووەوەو بەس...و ئەم چاپکی و تەڕدەستییە، کە "چونگ" لە ناو ئەم چاخانە قەرەباڵغەدا، لە بەینی ئەم هەموو مشتەرییەدا، بێ ئەوەی رۆحی کەسێك بێداربێتەوە، بنی زەرفەکەی کون کردبوو ،وئەو هەموو ماسییەی یەکە یەکە دەرهێنابوو و بردبوو، بووە مایەی ستایش و سەرسامی هەمووان.

ستایشی گشتی خەڵکی گوندەکە، لە چاپکی و تەڕ دەستی "چونگ" لە کاری دزیدا هۆیەکی گرنگی هەبوو: کەسێك کە لە گوندی "کونگ- سو"دا دزی نەکردبا، ئیحتوباری پوڵێکی قەڵبی نەبوو. لەو گوندەدا دزی عەیب نەبوو، ئەوەی بە عەیب دەژمێردرا، خوێڕێتی و بێ باشاری و بەگیرهاتن بوو لە دزیدا. لەو گوندەدا هەرکەسێك بە دزییەوە گیرابا وەکو بنیادەمێکی دەست و پێ سپی و بێدەسەڵات و بێ غیرەت ریسوای ناو خەڵکی دەبوو. لەو گوندەدا هیچ بابێك ئامادە نەبوو کیژی خۆی بە پیاوێك بدا کە دزی نەکردبا، یا لەم کارەدا لێهاتوو و تەڕدەست نەبووایە.."چونگ" کە رەمزو نیشانەی ئەو گوندە بوو، بەرەبەرە شێوەی بوونەوەرێکی ئەفسانەیی وەرگرت.. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا چاوانی "چونگ"ی نازەنین ئاویان داهات، بەڵام ئەو بەم وەزعەشەوە تا ماوەیەك هەر ئەرکی خۆی ئەنجام دا، تا رۆژێك جەستەی بێ گیانیان لە بن دیوارێکی بەرزدا دۆزییەوە. "چونگ"ی بەستەزمان بەدەم ئەنجامدانی کارو ئەرکی خۆیەوە گیانی بە گیانبەخش سپاردبوو. هەموو خەڵکی گوند فرمێسکیان بۆ رشت و تازێیان گرت،و بە رێو رەسمێکی کەم وێنەوە "چونگ"ی مەرحومیان بە خاك سپارد. پیاوو ژن، گەورەو بچووك لە رێو رەسمی کفن و دفنی دا بەشداریان کردو خاکی گۆڕەکەیان بە ڕوندکی چاو ئاودا.

له پرسەی "چونگ"دا گوند دوو دانە مانگ چووە پرسەو بێدەنگییەوە. بەڵام دوای دوو مانگ پەڕجوویەك رووی دا: لەسەر گۆڕەکەی "چونگ"ی بەستەزمان تەلارێکی گەورە چووبوو بە ئاسماناو لەسەر دەرگاکەی ئەم تابلۆیە نووسرابوو: "بەڕێوەبەرایەتی باج..." خەڵکی گوندی "کونگ-سو" بەرێوەبەرایەتی باجیان بە یەکدی نیشان دەداو دەیانگوت:- رۆحی "چونگ"ی رەحمەتی بۆ دنیا گەڕاوەتەوە...

---

سەرچاوە:

برەای کە گرگ شد..از: عزیز نسین/ ترجمە: تمین باغچەبان/ چاپ دوم: ١٣٦١

## شەش پاسەوانی سواری چەرخ و فەلەك

چیرۆکی: عەزیز نەسین                    و: حەمەکەریم عارف

لە ولاّتی مندا ژیان هی پارەدارانە، ژیان بە نەوبەهاری منداڵییەوە، ژیان بە بەهاری لاوی و پاییزی پیرییەوە.

لە ولاّتی مندا تەنیا پارەدارانن کە دەژین... لە ولاّتی مندا ژیان بە نەوبەهارییەوە، بە بەهارو پاییزییەوە هی پارەدارانە.

***

عەزرەتەکانی سەردەمی منداڵیم هێشتا لە دڵمدا باڵ دەکەنەوە، من لە نەوبەهاری ژیانمدا نەژیاوم، من لە منداڵیمدا تاقە یارییەکم نەبوو، هیچ یارییەك... نە ترومبێلی بە قوڕمیشم هەبوو، نە بەلەمێك کە بیخەمە لەگەنی ئاوەوە- و نە قیتارێکم هەبوو کە یاری پێبکەم.. من کەلا شووشەم نەبوو، من قاقەزقوشیم هەڵنەستاندووە.

رۆژێکی جەژن بوو . لەگەڵ دایکمدا بۆ جەژنە پیرۆزە چووبووینە ماڵی پارەدارێك..."منالّەکەیان ئەوەندەی یاری هەبووووو، یەك دنیا.. دەمویست دەس، دەس، ،دەس لە قیتال، لە قیتال... لە قی- تالەکەی بدەم..."

دایکم مۆڕەیەکی لێکردم گووتی:- دەستی لێ مەدە خراپی دەکەیت...و یەکسەر دەستم کێشابووەوە...

***

وەختێ منالّ بووم دەمگوت:- کە گەورە بووم پارەدار دەبم، زۆر- زۆر پارەدار، کاتێ کە زۆر زۆر پارەدار بووم، یاری، یاری دەکرم.. یەك دنیایەك، لێراااااوە تا ئاسمان...

....ئاخر خەڵکانی گەورە بە یاری وازی ناکەن، ئەگەر خەڵکی بیانبینێ گاڵتەیان پێدەکەن. من ئەسبابی یارییەکانم لە ژوورێکدا دادەنەم و دەرگاکەی قفڵ دەدەم، رۆژانی هەینی، رۆژانی پشوو، کاتێ ناچمە سەر ئیش، شەوانە.. شەوانە کاتێ کە هەمووان دەنوون، دەچمە ژووری یارییەکانم، دەرگاکە لە ناوەوە قفڵ دەدەم، دەرگاکە لە ناوەوە قفڵ دەدەم تا هیچ کەسێك نەمبینێ...،دەبێ ترومبێلی قورمیشدار بکرم، یەك دنیا، لە ناو ژوورەکەم قوڕمیشیان بکەم، دید دیید،دید، دیییید، بکەونە رێ، بەلەمە ماتۆڕییەکانم پت، پت لە نێو لەگەنەکەدا بسورێنەوە، قیتارەکارەباییەکەم لە نێو پاکەتەکەی دەربێنم و بیخەمە سەر رێڵەکەی، لەسەر رێی قیتارەکەم، لە کەناری سکەکە داو سەوزایی و خانووی کارتۆنی رەنگاو رەنگ ریز بکەم، لە سێڕیانەکەیا پرد دادەنێم، قیتارەکەم شووت لێدەداو بەلای درەخت و خانووەکاندا رەت دەبێت، چیف چوف، چیف چوف، چیف چوف، بە ژێر پردەکەدا رەت دەبێت، شووووو. لێدەدا تووت، توووووت...

دەبێ ئەوەندە کەلا شوشەی ڕەنگاو ڕەنگم هەبێ،یەك، لێرەوە تاااااا ئەوێ. دەبێ هەزار دانە دەبدەبەم هەبێ، نە... زیاتر، سەد دانە.. قاقەز قوشییەکانم دەبێ ڕەنگاو ڕەنگ بن، دەبێ فیقەنەیان هەبێ. قاقەزقوشییەکەم...، دەبێ ئەوەندە گەورە بێ.. هەڵیدەم و بفڕێ، بفڕێ بۆ ئاسمان.لە ولاٌتی مندا ڕۆژی ٤/٢٣ ڕۆژی دامەزراندنی ئەنجومەن، ڕۆژی "جەژنی منداڵە"

* * *

ڕۆژی " جەژنی منداڵ" بوو. لە ماڵەوە تاقەتم چوو بوو. عەسرەکەی لە ماڵ وەدەرکەوتم و چووم بۆ لای یەکێك لە دۆستەکانم. دۆستەکەم دکتۆرێك بوو.. ئەویش بێتاقەت بوو.. لە پاڵ پەنجەرەکەدا دانیشتین و تەمەشای شەقامە کەمان دەکرد. ترومبێلان بە شەقامەکەدا هاتو چۆیان دەکرد. لەم قەرەباڵغییەدا، دەبدەبەیەکی شین کە نەمانزانی لە کوێوە بەر بووبوو، یەك دوو جار بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە، ئەوجا بە هەڵبەزو دابەز هاتە سەرشۆستەکە، شۆستەکە چۆڵ بوو، بۆیاخچییەك خەریك بوو بێ خەم لەسەر شۆستەکە پیاسەی دەکرد. بۆیاچییەکە پیاوێکی لاتی ٣٥-٤٠ساڵە بوو، سمێڵەکانی بۆ خوارەوە شۆڕ بوو بووەوە، قژی ئالۆسکاو، پێیەکانی پەتی، بە خۆیشی چڵکن و کراسێکی لەبەر بوو، تا حەز بکەی شڕ..، کاڵەوە بوو. دەبدەبەکە چل پەنجا شەقاوێك لێوەی دوور بوو و هەرکە چاوی بە دەبدەبەکە کەوت، سەندوقەکەی لە عاردی داناو بەرەو دەبدەبەکە رایکرد. دەبدەبەکەی هەڵگرت، باش تەمەشای کرد. ڕووی گەشایەوە...، دەستی کرد بە وازی، بەلاٌم نەك بەوجۆرەی کە بە دەبدەبان گەمە دەکرێت... دەستی بە فوتبۆڵن کرد بوو، پەیتا پەیتا شوتی لێدەدا، دەبدەبەکە دەکەوت بە دیوارێکدا و دەگەڕایەوە.. دووبارە لێی دەدایەوە، دەبدەبەکە هەمدیس دەرۆیی و دەگەڕایەوە... ئەوجا تێی هەڵدا بۆ حەوا، کە دەهاتەوە کەللەیەکی... ،دووبارە بۆ ئاسمان، دووبارە کەللە..، شوتێکی دیکە، کەللەیەکی دیکە، کەللەیەکی دی...، دەبدەبەکە ترق تەقی. خەیاڵ و خەوی بۆیاخچییەکە ڕەوییەوە، دەبدەبە تەقیوەکەی هەڵگرت و بەرەو سەندوقەکەی چوو، سەندوقەکەی دا بە کۆڵیاو وەرێکەوت.. بەدەم ڕێگاوە پارچەکانی دەبدەبەکی دەبرد بە دەمیاو دەیمژی، هەوڵیدەدا دەبدەبەی چکۆلەی لێ دروست بکات، و بەو دەقەوە غەرقی ئەم گەمەیە بوو، لۆش لۆش بە بن پەنجەرەکەدا ڕەت بوو و ڕۆیی.

دۆستەکەم پێدەکەنی، لە پێکەنینا بورابووەوە... گوتم:- بەچی پێدەکەنی؟...بەلاٌم پێکەنین بواری نەدەدا کە وەلاٌمم بداتەوە، خەریك بوو دەبورایەوە...منیش پێکەنین گرتبوومی، بەلاٌم نەك بە ئەندازەی ئەو، بەرە بەرە قاقایەکەی ئەو بۆ منیش سیرایەتی کرد، بە دوو قۆڵی هەرکە چاومان بە یەکدی دەکەوت لە پێکەنین دەکەوتین، ئەوجا بۆ چەند ساتێك ئارام دەبووین، دووبارە کە چاومان بە یەکدی دەکەوتەوە، سەرلە نوێ پێکەنین دەیگرتین. دۆستەکەم گوتی:- لە "بورسا" دکتۆری خەستەخانەی دەوڵەتی بووم، شەوێك درەنگانێ چوومە جێگاوە بخەوم...، تازە خەریك بوو بەیانی دەدا کە خەبەریان کردمەوە .گوتم:-چ خەبەرە؟.. گوتیان:-شەش نەخۆشیان هێناوە.

یەکسەر جلەکانم لەبەر کردو ڕۆییشتم، شەش دانە پیاو بە جلی پاسەوانییەوە لە عاردی کەوتبوون و هێلنجیان دەدا..، نازانم چ بەڵایەکیان بەسەر هاتبوو، چونکە زۆر ڕشابوونەوە، هیچیان هەڵنەدەهێنایەوە، تەنیا وشکە هێڵنج... گوتم:-چیتانە؟ چی بووە؟

بەڵام شتاقیان توانای وەڵامدانەوەیان نەبوو، وشکە هێڵنجش بواری هەناسەدانی نەدەدان. هەوەڵجار وامزانی کە ژەهراوی بوون، یا خواردنی خراپیان خواردووە، یا لە قاپی مسی سپی نەکراوەدا شتێکیان خواردووە، بەڵام کەمترین شوێنەوارو نیشانەی ژەهراوی بوون لە ئارادا نەبوو، کەوتبوونە حاڵی مردن. سەرو شرینقەمان لێدان. هەرکە شرینقەکانمان لێدان هەر شەشیان خەویان لێکەوت، جا چ خەوێك... دیار نەبوو چ بەڵایەك بەسەر ئەم داماوانەدا هاتبوو، پاسەوانی خەستەخانەکە دەیگوت:

– لەگەڵ گەردی بەیانیدا پاسەوانێك بە ئامبولانسی تەندروستی هێنانی و لێرە هەڵیڕشتن و ڕۆیی...

پانزە دانە سەعاتی خشت خەوتن، جا چ خەوێکی قووڵ، دوای پانزە سەعات یەکێکیان چاوی هەڵێنا، ئەوانی دی هێشتا لە خەودا بوون...، گوتم: – چی بووە؟ دەستی کرد بە باسکردن و گوتی:– بەندە پاسەوانی "لۆنا پارك"م ئەو باخە گەورەیەی کە لەپشت پۆلیسخانەکەو ماڵی جەنابی ستانداره(پارێزگار).. ئەوە سێ دانە ساڵە کە بەندە پاسەوانی ئەوێم. هاوینان" لۆناپارك" تا نیوە شەو، هەندێ جار تا دوای نیوە شەویش کراوەیە.. کاتێ کە پارك دادەخرێ و خەڵکی دەڕۆن، کرێکارانی پارکەکە شەوێ لەوێندەر دەمیننەوە، دەمێننەوە تا ئاگایان لە ئەسباب و شتەکانیان بێ، بۆیە هاوینان کاری بەندە ئاسانە، بەڵام زستانان.. هەقم لێدەکاتەوە تا بڵێی کارەکەم زەحمەتە، زۆربەی کات پارکەکە چۆڵ وهۆڵە، خەڵکی کە نایەن هیچ، کاتێکیش کە بەفر بکەوێ یا سەرما بێ دایدەخەن، هیچ یەکێك لە کرێکارانی پارکەکە لەوێ نامێنێ..، خۆ باخەکەتان دیتووە، پەنا بەخوا زۆر گەورەیە، هەر سوچێکی پڕە لە کەلوپەل و کەرەستەی خەڵکی، ماشەڵڵا لە حنذر حۆپ و جۆلانەو خلیسکانەوە بیگرە تا چەرخ و فەلەك، هەرچییەك بڵێی تیایەتی. ئەگەر یەك دەقیقە غافڵ بم، هەرچی دوور لە رووت لات و لەوێرو هەتیو وتواڵ هەیە دەڕژێنە ناو باخەکەو ئەمانەتی خەڵکی هەڵدەکەنن، ئەمەش هەر نەیسە، لەوەیە خوانەخواستە منالی خەڵکی بێنن و سواری حنذر حۆپ یا جۆلانە بێن و بکەون و شەل و شیت بێن، یا خوا نەکردە بچنە سەر چەرخ و فەلەك و لەوسەرەوە بکەون و بەڵایەکیان بەسەر بێ..، ئاخر کێ وەڵامی خەڵکی بداتەوە؟ یانی مەبەستی بەندە ئەمەیە کە زستانان کاری بەندە زەحمەتە، ئەمە جگە لەوەی کە عەرزم کردن، پارکەکە ڕێك رووبەرووی ماڵی جەنابی پارێزگارە، دوو هەنگاو لەولاتریشەوە پۆلیسخانەیە. ئەگەر بڵێی بەندە بتوانم یەك دەقیقە خۆ بدزمەوە، ناتوانم. بەڵام هاوینان تا بڵێی باخەکە خۆشە، هەر هەموو باخەکە بە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ دەکەن بە چراخانێ هەر سەیری بکەی، لەبەینی درەختەکانەوە تا پۆپەیان کارەبا ڕادەکێشن، کە شەو دادێ باخەکە ئەوەندە روناك دەبێ هەر دەڵێی ڕۆژە. کە عەسر دادێ خەڵکی لە پیرو لاو، گەورەو بچووك، لەهەر گروپ و جماعەتێك بڵێی دەڕژێنە ناو باخەکە، هەراو زەنایە پەیدا دەبێت هەر

مەپرسە.. هەندێك سوای حندرحۆپ دەبن، هەندێ جۆلانە دەكەن، منالاَن دەچنە سەر خلیسكانەكان و خۆ دەخلیسكێنن، هەندێكیش سواری چەرخ و فەلەك دەبن كە بەراستی هەر زینەتە تەمەشای بكەی... كە لەخوا شاراوە نییە چ بیٚ لەتۆ نهێنی، لە دەڤەری ئێمە نە لەم باخانە هەیە و نە لەم یارییانە... بەندە لەم هەموو یاریانە، زیاتر حەزم لە چەرخ و فەلەكە تا لەوانی دی. كە دەكەوێتە گڕ، وەها دەسوڕێتەوە عەینی فڕفڕۆكە. جا عەرزی باخزمەتتان بكەم كە گوڕ دەبەستێتەوە، كورسییەكانی دەخولێنەوەو دەچن بە ئاسماندا، عەینی فڕۆكە، بەخۆڕایی پێی نالێن "چەرخ و فەلەك"

سەرم یەشانی، راستییەكەی ئەمەیە كە بەندە زۆرم دڵ پێوە بوو ئەگەر بۆ تاقە جارێكیش بووە سواری چەرخ و فەلەك ببم.. بەلاَم نابیٚ، هەرچییەك بیٚ جلكی دەوڵەتیم لەبەرە، دەوڵەت متمانە ی پێمە ،ئەمە جگە لەوەی دەمگوت:"هیچ باشییەكی نییە..."دڵخۆشی من تەنیا ئەمە بوو كە چەرخ و فەلەكەكە دەكەوتە ئیش، لە سووچێكا دانیشم و تەمەشا بكەم، كاتیٚ چەرخ و فەلەكەكە گوڕی دەبەستەوە بچووك و گەورە لە خۆشیا دەیان كرد بە هەرایەك هەر تەمەشا بكەی.. منیش كە تەمەشای ئەو خەڵكەم دەكرد، دڵم دەفڕی.. حەزم دەكرد، كە هەرچۆنیٚ بووە، منیش سەرێك سوار بم، دەمگوت: زستان.. خوا یاربیٚ زستان كە چۆڵ بوو سوار دەبم. بەلاَم زستانیش– خوا لە دۆستایەتیان كەم نەكات– هاوكارانی خۆمان باخەكەیان چۆڵ نەدەكرد. مەبەسم ئەم برادەرانەیە كە هێناویننەتە خزمەتتان. شەو كە خەڵكی دەرۆییشتن و پارك دادەخرا، پاسەوانانی گەرەكەكانی دەورو بەری باخەكەش دەهاتنە ناو باخەكە، هەرچەندیٚ پێم دەگوتن: –بەخوا باش نییە، وەڵلاَ باش نییە، ئاخر بۆ ناچنە سەر كارەكانتان.. بەم سەرمایە بۆچی بۆ ئێرە هاتوون؟ ئاخر دەوڵەت ئەم جلانەی لەبەر كردوون تا ئاگاتان لە ماڵ و ناموسی خەڵكی بیٚ، بە گوێیاندا نەدەچوو، دەرۆییشتن بەلاَم نیو سەعاتی نەبرد كە دیسان سەروكەللەی یەك بە یەكیان پەیدا دەبووەوە.

– عەولاَ خان، وەڵلاَ باش نییە.. تازە ئێمە لەرێزەی ئەمەدا نەماوین.. فایدەی نەبوو.

دەیگوت:–هەر یەك كەڕەت، چدەبیٚ ئەگەر ئێمەش چەلێك سواری چەرخ و فەلەك بین.

ئەوانی دیكەش بە هەمان شێوە، لەدەركەوە دەرت دەكردن، دوای تۆزێك لە دیوارەوە دەهاتنەوە. من دەمزانی نیازیان چی بوو.. هەموویان بەتەمای سواری چەرخ و فەلەك دەهاتن بۆ باخەكە... بەلاَم من خۆم لە گێلی دەدا..، ئاخر كام ئاقڵ لە سۆزو سەرمای شەوی زستانا، لەبەر مەقەڵی چاخانە هەڵدەستیٚ و دیٚ بۆ باخ، باخەكە بووبوو بە زیارەتگای ئەمانە، هەرچەندم پێدەگوت، گوێیان لیٚ نەبوو.عەوڵلاَ خان بەردەوام دەهاتە بن كلێشەمەوە كە:– هیچ نابیٚ. تەنیا سەرێك.. دەمگوت:– عەوڵلاَ خان شەرم لە سمێڵەكانت بكە.. مەگەر بوویتەوە بە منالٚ.. ئەحمەد خۆی لە قسەكەم هەڵدەقورتاند كە:– ئیدی ئارەزووە، با سوڕێك سوار بین بزانین چۆنە.

ئەحمەدیش پاسەوانی هەمان گەرەكە، هێشتا خەوتووە، ئەوانە... لەویٚ خەواندیان.. ئەم عەوڵلاَ خانەی كە هێناویانەتە خزمەتتان، كە هێشتا لە خەودایە، شوێنی كارەكەی یەك فەرسەخ لە پاركەكەوە دوورە، وەكو ئەوەی شتێكی لە باخەكەدا ون كردبیٚ، خێرا دەرۆیی سەرێكی

شوێنی کارەکەی دەداو زوو دەگەرایەوە. ئەگەر بڵێم شەوی بەلای کەمەوە دەکەڕەت سەری باخەکەی دەدا هێشتا کەمم گوتووە. هەرچەندم پێ'دەگوتن.. خۆلاسە دەرەقەتیان نەدەهاتم.. چی بێ لەتۆ نهێنی، خۆیشم لە خوام دەویست، بەلأم لەبەردەم ئەوانەدا خۆم لە سالوزی دەدا.. ئاخر هەرچییەك بێ بەندە پاسەوانی ئەوێم..، مەسئولیەتم لەسەرە، ئەرکم ئەمەیە کە نەیەڵم چ کەسێك دەست لە ئەمانەتی خەڵك بدات..

یەکێکی دی لە پاسەوانەکان گوتی کە: ئاقیبەت چووینە بن کلێشەی عارفەوە- عارف پاسەوانی لۆنا پارکە قوربان، کە دڵی شێواوەو هێناویانەتە خزمەتتان- بەڵێ..چیم عەرز دەکردی؟ بەڵێ ئاقیبەت چووینە بن کلێشەی عارفەوەو رازیمان کرد، رازیمان کردبوو بەلأم زاتی نەدەکرد، دەیگوت:- ئەگەر بزانن دار بە رۆحمانا دەدەن. بەرانبەرمان ماڵی جەنابی پارێزگارە، پشتمان پۆلیسخانەیە... بەندە پێم گوت:- کێ لەم تاریکییەدا دەمان بینێ؟ ئەوانی دیکەش دڵیان دایەوەو گوتیان:- کەس نازانێ..،ئێمە لەو سەرەوە جارجارێ شاور لێدەدەین، پۆلیسخانەکە وادەزانن کە هەمووومان لەسەر کاری خۆمانین و خەریکی شەوگەڕین.
ئاقیبەت قاییل بوو ،گوتی:- بەمەرجێ هەر ئەم کەڕەتە بێ..
گوتمان: -باشە.

بەندەش هەم زۆرم حەزدەکرد سوار بم، هەم زۆریش دەترسام. چونکە وەختێ دەستی بە سورانەوە دەکرد، کورسییەکانی گوڕیان دەبەستەوەو دەچوون بە حەوادا، هەرچی پتر دەسوڕایەوە، کورسییەکان زیاتر گوڕیان دەبەستەوە. تا کورسییەکانیش پتر گوڕیان دەبەستەوە زیاتر بەحەوادا دەچوون... نازانم چیم عەرز دەکردی؟... بەڵێ ئاخرییەکەی عارفمان رازی کرد و سوار بووین بەلأم نەجولأ، دیار نە بوو چۆنی کار دەکات، کارەباکەی لە کوێیە، سویچەکەی کامەیە... یوسف وتی- یوسفیش جەنابی دکتۆر یەکێکە لە ئێمە، هێشتا بێدار نەبووەتەوە بەڵێ یوسف گوتی:-با یەکێکمان پاڵی بنەین و ئەوانی دی سواربن..
عارف گوتی: -کارەباییە... بەدەست پاڵ نانرێ، دوگمەی هەیە بەلأم من نازانم لە کوێیە، بەم تاریکیەش نادۆزرێتەوە.
تۆزێ بە دووی دوگمە کارەباییەکەیدا گەڕاو نەیدۆزییەوە، گوتی: -من سبەینێ بەرۆژی روناك دوگمەکەی دەدۆزمەوە.. سبەی شەو وەرن سوارببن.
یەکێی دیکە لە پاسەوانەکان گوتی کە:-بەندە ئاگاداربووم کە قەرار بوو ئەو شەوە سەرۆکی موفەتیشان تەشریف بێنن بۆ تەفتیش... هەڵبەتە قەرار بوو دەمەو بەیانی تەشریف بێنن..، چونکە دایەرەکان بیستبوویانەوە کە پاسەوانەکان شەوانە کارەکانیان بە جێدێڵن و دەچن بۆ چاخانان یا نانەواخانە.. بۆیە جەنابی سەرۆك لێبڕا بوو تەشریف بێنن بۆ تەفتیش..،بەلأم تا تەشریف هێنانەکەی ئەو وەختێکی زۆر بەدەستەوە بوو..،سپێدە لە کوێیە؟ بۆیە بڕیارمان دا دوا چەرخ و فەلەك سواری هەرکەسە بچینەوە سەر کاری خۆمان و ئامادەبین بۆ تەفتیش، هێشتا زۆری مابوو بۆ سپێدە.. عەرزی با حوزورتان بێ کە عارف گوتی:-دوگمەکەیم دۆزییەوە..ئێوە سواربن، من دەیخەمە ئیش و پاشان خۆم غار دەدەم و سوار دەبم.

ئێمە سواربووین و عارف دەستی بە دوگمەدا ناو چەرخ و فەلەکەکە کەوتە سوڕانەوە..، عارف غاری داو خۆی هەڵدا سوار بێ و بە دیواری کورسییەکەوە گیرسایەوە، بەلاّم نەیتوانی سەربکەوێتە سەرەوە.. بەو کورسییەوە هەڵواسرابوو کە بەندە سواری بووبووم..، سەیرم کرد ئەگەر نەتوانێ سەربکەوێتە سەرەوە هاکا بەر عاموودەکە بکەوێ و هەپروون بە هەپروون ببێ، دەستیم گرت وبەهەزار زەحمەت رامکێشایە سەرەوە... چەرخ و فەلەکەکە دەستی بە خولانەوە کردبوو..، چی بێ لە تۆ نهێنی، بەندە کەیفی وام بە حەیاتم نەکردبوو.. نازانی چ حاڵێك لە بنیادەم دێ.. هەرچی دەسوڕایەوە خێراتر دەبوو، کورسییەکانی زیاتر گوڕیا دەبەستەوەو دەچوون بە حەوادا، بەجۆرێ بەرز بووەوە کە باس ناکرێ..بنیادەم لە ناویا دەتگوت هەڵۆیە.. جەنابی دکتۆر بێ ئەدەبی نەبێ لە رووتانا، نازانم چەرخ و فەلەکت دیوە یان نا..، ئەگەر نەتدیوە:میاێکی ئاسنینی ئەستورە، بە ئەستوری و درێژی عاموودێکی کارەبا. بازنەیەکی ئاسنینی گەورە کراوە بەسەری ئەم عاموودەدا،و دەپانزە زنجیری ئەستوریش بەم بازنە گەورەیەوە هەڵوسراوەو کورسییەکیش بەسەری هەر یەکێك لەم زنجیرانەوە بەستراوە..،کاتێ چەرخ و فەلەکەکە دەست بە سوڕانەوە دەکات، زنجیرەکان گوڕ دەبەستنەوەو دەچن بە حەوادا، ئەوانەش کە لە ناو کورسییەکان دانیشتوون، عەینی وەکو فڕۆکەبن دەچن بە حەوادا، ئیدی تا سوڕانەوەی چەرخ و فەلەکەکە زیاتر بێ ، کورسییەکان پتر دەچن بە ئاسماندا ... ئێمەش لە ناو کورسییەکاندا چووبووین بە حەوادا، چەرخ و فەلەکەکە پەیتا پەیتا خێراتر دەسوڕایەوەو ئێمەش لێکدا لێکدا بەرز دەبووینەوە. هەموو لە کەیفاندا دەستمان کردبوو بە پێکەنین. . گوتم:-کوڕینە ئەوەندە قسە مەکەن و پێ مەکەنن.. ماڵی جەنابی پارێزگار لەم بەرانبەرەیە، پۆلیسخانەکەش دوو هەنگاو هێوەترە.. ئەوندە دەنگە دەنگ مەکەن. بەلاّم جەنابی دکتۆر دەکرێ پێنەکەنی؟.. بنیادەم خۆشییەکی وەهای پێدا دێت، ناتوانێ جڵەوی خۆی بگرێ. چەرخ و فەلەکەکە بەجۆرێ گوڕی بەستبووەوە کە عەینی فرفرۆکە، ئێمەش شەشمان هەر دەچووین بە ئاسماندا...

یەکێکی دی لە پاسەوانەکان گوتی:-جا قوربان کورسییەکان بە جۆرێ چووبوون بە ئاسماندا، سەیرمان کرد هاکا پەڕین و ... بەندە لە ترسانا پێکەنینەکەم نەماو توند خۆم بە کورسییەکەوە قرساند..، هیچ کارێکی دی نەدەکرا، تا _عەرزی بەحوزوری گەورەی خۆمی بکەم- لەپڕ حەواسم جەم کردو گوتم:-عارف بابە گیان خولانەوەکەی کەم بکەوە، کاتێکت زانی کەوتین و هەپروون بە هەپروون بووین.

عارف گوتی:-خولانەوەی چی کەم بکەمەوە؟

گوتم: -خولانەوەی ئەم خێو مردووە.

عارف گوتی:- من چوزانم خولانەوەکەی چۆن کەم دەکرێتەوە؟

هیچ ... جا گەورەم ، عارف ئومێدبڕی کردین..، ئێمە شەش دانە پاسەوانی دەوڵەت دەتگوت باڵمان دەرکردبوو، بووبووین بە شەش دانە هەڵۆ و ، لە ئاسماندا دەسوڕاینەوە.. هەر بسوڕێوە، تا ئەوانی دیکەش وەئاگا هاتنەوە وگوتیان:-عارف، دایك چاك، باوك چاك، بەسە ئیدی، رایگرە با دابەزین.

عارف گوتی:- چی ڕاگرم..
گوتم:-ئەم خاوەن مردووە...
عارف لەولاوە هاواریکرد:-من چوزانم چۆن رادەگیرێت.
گوتم:- ئاخر ماڵوێران ئیستا ئێمە چ گویەك بخۆین...،دەستمان نەدەگاتە عاردی و نە دەگاتە ئاسمان؟.. هەموو دەستمان کرد بە هاوار کردن کە:-هۆی رایگرررره...
-رایگرررره...
عارفیش لەو بەرەوە هاواری دەکرد کە:- من چوزانم چۆن رادەگیرێت...، من تەنیا وەگەڕخستنەکەی فێر ووم..
جەنابی دکتۆر ، ملاحەزە دەفەرمووی کە چۆن گیرمان خواردبوو. دیسان دەستەودامێنی عارف کەوتین کە....
یەکێك لە برادەرەکان کە حەواسی جەمتر بوو هاواری کرد و گوتی:-دوگمەکەی لە خوارەوەیە، راناگیرێت.
عەرزی جەنابی گەورەم ئاغای دکتۆر بێ، من سەرەگێژکەم پێکەوت وچاوانم ڕێشکەو پێشکەیان دەکرد. عەوڵاڵ خان لە کورسییەکەی پشت منەوە دانیشتبوو، هاواری کرد...، گوتم: "هاوار مەکە ماڵکاول...پۆلیسخانەکە دوو شەقاو لێمانەوە دوورە...، دەژنەفن..." گوتی:-ئەم خاوەن مردووە بەکارەبا دەسوڕێ..
گوتم:- نەمان گوتووە بە با دەخولێتەوە، ئیستا چارچییە، چۆنی دەبێ رای بگرین؟
عەوڵاڵ خانی بەسزمان لەوە دەچوو لە گێژو وێژیدا نەزانێ چ دەڵێت... بەردەوام دەیگوت:- بەکارەبا کار دەکات...
گوتم:- ئەدی چی.. ئێمەش دەزانین کە بە کارەبا ئیش دەکات.
عەوڵاڵ خان گوتی:-چارەی هەر ئەوەیە کە کارەبای شار بکوژێتەوە..هیچ چارەیەکی دیکەی نییە..، ئەگەر کارەبای شار نەکوژێتەوە ئەم خێو مردووە تا رۆژی قیامەت هەر بەمجۆرە دەسوڕێتەوە. دوعا بکەن کارەبای شار بکوژێتەوە، چارەی ئێمە هەر ئەمەیە..
عەوڵاڵ خان هێشتا لە قسەکەی نەبووبووەوە کە دیتم شتێك لە کورسییەکەی بەرانبەر بەنەوە کەتە خوارەوە، لە تاریکییەکەدا نەمزانی چی بوو یان کێ بوو.
گوتم:- ئەرێ ئەمە چی بوو...، دەڵێی یەکێك کەوتە خوارەوە.
ئەحمەد خان کە حەواسی جەمکتر بوو گوتی:-کەس نەکەوت.. شتێك ڕژا.. ئوەتا هەمدیس خەریکە دەڕژێ، یەکێك خەریکە دەرشێتەوە.
بێ ئەدەبی نەبێ ، بەندەش هێڵنج گەرووی گرتبووم، خەریك بوو ورگ و ریخۆڵەم بێتە دەرێ.. ئاخری نەمتوانی جڵەوی خۆم بگرم، بێ ئەدەبی نەبێ هەرچیم لە ورگدا بوو هەڵمهێنایەوە...،لەناو هەر کورسییەکدا هەمان وەزع بوو..،لەم حاڵ وبارەدا دەنگێك هاتە گوێم، دەنگی یەکێك لە برادەرەکان بوو، بەڵام نەمزای کامیان بوو، هاواریکرد کە:- گەردنم ئازا کەن...

بەندە دەستم بە شایەتمان هێنان کردبوو... جەنابی ئاغای دکتۆر، ئەگەر بڵێم بە ئەندازەی پێنج نارە بەرز بوو بووینەوە، هێشتا کەمم گوتووە، بێ حەدو حیساب گوڕی بەستبووەوە، دەسوڕایەوە...، خودا پێی هیچ کافرێکیش لە عاردی نەبڕێ، چونکە هیچ بەڵایەك لەمە خراپتر نییە. یەکێك لە هاوەڵەکانمانیش لە لایەکەوە دەڕشایەوەو لە لایەکی تریشەوە مردووی داهێنەری چەرخ و فەلەکی لە قەبر دەردێنا. یەکێك لە هاوەڵەکان هاواری دەکرد کە:- ئاخر بۆچی ماتۆڕی نییە..، ئەگەر ماتۆری هەبووایە ئاقیبەت بەنزینەکەی تەواو دەبوو و دەوەستا.

جا قوربان، ئەگەر چی بێئەدەبیشە، هیچمان لە ورگا نەما، ریخۆڵەکانمان خەریك بوو دەرژایە دەرەوە، من بە خۆم جگەرم خەریك بو دەئاوسا.

عارف گوتی:-کورینە با هەموو پێکەوە هاوار بکەین،داوای کۆمەك بکەین.

دیار بوو ئەویش نەیدەزانی چی دەڵێت، ماڵی پارێزگار لە بەرانبەرمان بوو و پۆلیسخانەکەش لە پەنا گوێمان. مەگەر دەکرا هاوار بکەین..

چەندمان گوت گوێی لێ نەبوو، لەپڕ هاواری کرد:-ئەی هاااواااار...ودەنگی بڕا. چیتر گوێمکان لە دەنگی نەبوو وچی بەسەر هات... بەئەقڵم بورابووەوە... ئەوجا یوسف دەسی کرد بە شاور لێدان، دوای یەك دوو شاور دەنگی ئەویش بڕا...بەدەنگی هاوارەکەی عارف و شاورەکەی یوسف، پاسەوانەکان لەناو پۆلیسخانەکەوە رژانە دەرێ و هاتن بۆ ناو باخەکە... هەر شاوریان لێداو لایتیان لە بن درەختەکان دا... باشە ئەو فەقیرانە لە کوێ بە ئەقڵیاندا بێ کە سەیری ئاسمان بکەن ئێمەش کەسمان توانای جووڵەو هاوار کردنمان نەبوو، دەتگوت مردووین.. جا گەورەم لەوە بە دواوەم لە یاد نییە، چەنێك لە ئاسمان بووین و تا کەی خولاینەوە دیار نییە، بورابووینەوە تا ئێستاکە چاوم کردەوە لە خزمەتی جەنابتام.. ئێستاشی لەگەڵدا بێ وەکو ئەوە وام کە بە ئاسمانا بفڕم.

دکتۆرەکەی دۆستم قسەکەی بەمجۆرە تەواو کرد:- ... دەمەو بەیانی، سەرەك موفەتیش دەست دەکات بە تەفتیش، کە دەگاتە دەڤەری پارك دەبینێ هیچ یەکێك لە پاسەوانەکان لە جێی خۆیان نین. بەرەو لای پۆلیسخانەی پارك دێ - کە پاسەوانانی ئەم شوێنە سەر بەو پۆلیسخانەیەن- لە نزیکی پۆلیسخانەکەدا گوێی لە هەندێ دەنگی عەجیب دەبێ کە لەو ناوەو لە بەینی دارەکانەوە دێت. دەنگەکانی زۆر بە لاوە سەیر دەبێت، شتێك دەبێ لە بابەتی دەنگی قەلەڕەش...، یا دارکونکەرە، حەز دەکات بزانێ ئەمە دەنگی چ مەلێکە... کە سەر بەملاو بەولادا دەکێشێت دەبینێ کە چەرخ و فەلەکەکە دەسوڕێتەوەو شەش دانە پاسەوانیش هەر یەکەیان لە نێو کورسیەکدا لە هۆش چوون، یەکێ سەری لە دەرەوەیە یەکێ لاقی، یەکێ دەستی.

* * *

بوو بوو بە شەو، بۆ ماڵ گەڕامەوە.. سەیرم کرد منداڵەکان نا رەحەتن.... گوتیان:- دەزانی چی بووە؟

گوتم:- نە..چی بووە؟

گوتیـان:– قاقـەز قوشـییەك، نـازانین لـە کـوێ بـەر بـوو بـوو، هـاتوو لـە تـەلی کارەباکـە گیرا..مێردمناڵێك لە درەختەکەوە سەر کەوتە سەرێ، دەیویست قاقەز قوشییەکە بکاتەوە... بەڵام بەستەزمانە کە ویستی لەسەر درەختەکەوە رەت بێ بۆ سەر عامودی کارەباکە...

هاوارم کرد:– بەسە...پێویست ناکا باقییەکەی بڵێن.

لـە پەنجەرەکەوە نیگای دەرێم کـرد. ئەو قاقەز قوشییەی کە پاشماوەکەی لە تەلی کارەباکە ئاڵابوو، هێشتا هەر بەدەم بایەکەوە دەجوڵایەوە.

* * *

کاتێـك منـاڵ بـووم دەمگـوت:– .... دەبـێ قاقـەز قوشـییەکانم قاقـەز قوشـییەکانم، قاقـەز قوشییکانم ئەمە ـە ـە ـە ـە ندە گەورە بن...، کلکەکانیان ئەمە ـە ـە ـە ندە... درێژایی....، هەڵیان فڕێنم....، قاقەز قوشییەکانم.... قاقەز قوشییەکانم بفڕن.... بفڕ ر ر ر رن، بببببفڕرررن بچن بۆ ئاسمان.

* * *

لە وڵاتی مندا ژیان هی پارەدارانە...، ژیان بە نەوبەهاری منداڵییەوە....، ژیان بە بەهاری لاوی و خەزانی پیرییەوە....

لە وڵاتی مندا.... تەنیا پارەدارانن کە دەژین....

---

<u>سەرچاوە:</u>

برەای کە گرگ شد

از:عزیز نسین/ ترجمە:تمین باغچەبان چاپ دوم:١٣٦١

# کورسی

# "خانه نشین"

چیرۆکی: عەزیز نەسین                    و: حەمەکەریم عارف

- کا رەحیم، شەش قاوە، بێزەحمەت.
- بەسەرچاو" بابۆ"

فەخری خانم،- تاقە ئافرەتی تایپیستی ئەم دایەرەیە کە دوو مانگ پتر بەسەر بەرواری دامەزراندنەکەیدا نەبوری بوو- گوتی:- سوپاس بابۆ من حەزم لێ نییە.

پیرە مێردێکی عەینەك لە چاو-کە لای راستی هۆڵەکەوە، لە پشت مێزێکی گەورەوە دانیشتبوو گوتی:- نابێ فەخری خانم... ئەگەر حەزت لە قاوە نییە، بڵێ با چای یا نۆشابە بێنێ، ئاخر دەبێت شتێ بخۆی.

-بەسەر چاو" بابۆ"..کەوایە بفەرموون با نۆشابە بێنێ.

-کا رەحیم، پێنج قاوەوە یەك نۆشابە بێزەحمەت.

ئەو پیرەمێردەی کە لە دایەرەکەدا،لە سەرۆکەوە تا پێشخزمەتەکان هەموو بە "بابۆ" بانگیان دەکرد، گوتی:-بەڵێ ..ئیدی چیوای نەماوە.. تەنیا دوانزە رۆژی دیکە..

جگە لەو، شەش فەرمانبەری دیکە لەم ژوورەدا بوون کە "بابۆ" سەرۆکیان بوو. خانمێکی فەرمانبەر کە کۆمەڵێ کاغەزو دۆسییەیەکی بەدەستەوە بوو وەژوور کەوت."بابۆ" بە بێ موبالاتی و بێ تاقەتییەوە نیگایەکی دۆسیەکەو کاغەزەکانی کرد و گوتی:

-مێزی بەرانبەر.

خانمەکە بەرەو مێزەکەی ئاغای سامی(یاریدەدەری"بابۆ" )کاتێ ئاغای سامی دۆسیەکەی هەڵدەدایەوە، "بابۆ" درێژەی دایێ:- ئێ..ئیشەڵڵا ب نسیبی هەمووتان دەبێت...

گەنجترین فەرمانبەر کە قژی رێك خستبوو و کرێمی لێدابوو،و یاخەکەی دەقدابوو وبۆینباخێکی شیك و جوانی لە مل بوو_ گوتی:-"بابۆ"(ئەگەر بێ ئەدەبی نەبێ) چەند ساڵ خزمەتت هەیە؟

- رێك لە هەڤدەیەمی ئابی ئەمساڵدا بیست و نۆ ساڵ پڕ دەکەمەوە..، هەڵبەتە ئەگەر خوا حەزبکات.

ئەو خانمە فەرمانبەرەی کە کاغەزەکانی هێنابوو، بە ئیمزای گەیاندن و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. بابۆ لەسەری رۆیی:-بەڵێ، رێك بیست و یەك ساڵ بووم کە دامەزرام. یەکەمین ئیشم

ئەندیکاتۆرنووسی بوو لە نووسینگەی لقی دووەمی دایەرەی ئازووقەی(میرە) لەشکر، بە زمانی ئەمڕۆ ئەندیکاتۆر نووس بووم. لە کۆتایی جەنگی جیهانیدا، یەکەمین تەرفیعم وەرگرت..

فەرمانبەرە گەنج و شیکەکە گوتی:– ئەو کاتە من هێشتا نەهاتبوومە دنیاوە.

"بابۆ":– بەڵێ... رەنگە بابیشت نەهاتبوو بێتە دنیاوە.

فەخری خانم:–ببورە "بابۆ"، بۆ تا ئیستا خانەنشین نەبووی؟

– یانزە ساڵی خزمەتەکەیان بۆ حەساو نەکردم کیژم... چیرۆکەکەی درێژە، نامەوێ سەرتان بیەشێنم: لەکەین و بەینی نەقڵ بوون لەم وەزارەتخانەوە بۆ ئەو وەزارەتخانە و فەرمی بوون...یازدە ساڵ لە خزمەتەکەم سوتا.

یاریدەدەری بابۆ:–عەمر باقی بێ نۆ ساڵی دیکەش نۆرەی بەندەیە.

–ئیشەڵڵا بە شادی و خۆشی.. گاڵتە نییە ئاغا. سی و نۆ ساڵ!.. عومرێکە..

فەرمانبەرە لاوەکە:–"بابۆ" دەستی راستت بە ژێر سەری برادەرانی دیکە (واتە نوخشەبێ لەوانی دیکەش. وەرگێر)

– ئیشەڵلا...بەنسیبی هەمووتان بێ...ئیدی وەختی ئێمە بەسەر چوو، خراپ یا باش!.. دەمویست ئامۆژگارییەکی باوکانەی برادەران بکەم: نەیەڵن مناڵەکانتان ببنە خزمەتکاری دەوڵەت. چما کار قاتییە برا؟.. کاسبی ئازاد چ عەیبێکی هەیە؟ کاسبی نەبوو شوفێری کاکە.. نەبوو سەرتاشی، نەبوو هەزاران کاری دیکە.

دوو دانە موراجیع وەژوور کەوتن." بابۆ" چونکە تەنیا دوانزە رۆژی مابوو بۆ خانەنشینییەکەی ، دەستی لە هیچەوە نەدەدا. دەمێك بوو کە لەم دۆسیانە، لەم کاغەزانەو لەم ئیمزایانە بێزار بوو و هەمووانی بە ئیشارەی سەر بۆ مێزەکەی بەرانبەر دەنارد.

– دەڵێی ئەم دوانزە رۆژە لە تەواو بوون نایەت!ئەو سی ونۆ ساڵەی کە رۆیی بە لایەك و ئەم دوازدە رۆژەی ماوە بە لایەك!..

ئاغای سەفایی_ فەرمانبەرێکی میانە ساڵ بوو کە کورتە پیشێکی دوو سێ رۆژە بە روویەوە بوو و تا ئەو ساتەش هیچ شتێکی نەگوتبوو، گوتی:–"بابۆ"جەنابت ساڵەهای ساڵە خووت بە کارەوە گرتووە، کاتێ ئیشەڵلا بە سەلامەتی خانەنشین بیت، بێتاقەت دەبیت...

– ئای ئاغای سەفایی، ئەمە چ فەرمایشێکە کە تۆ دەیفەرمووی؟ ئاخر تۆ بیری لێبکەوە: سی ونۆ دانە ساڵ!، بەڵێ.. رێك سی و نۆ دانە ساڵە کە هەموو رۆژێ بەیانی هەستاوم و هاتووم بۆ دایەرە و عەسر بۆ ماڵ گەراومەتەوە. بەخۆت ئاگات لە هەشت ساڵی دوایی هەیە:: ئێستا هەشت ساڵی خشتە کە هەموو رۆژێ، لە پشت هەمان مێزو لەسەر هەمان کورسی تێدەپەڕێ.. سی و نۆ ساڵ کە هەموو رۆژێکی خوا بەیانی بێ، عەسر بگەڕێوە. بەیانی بێ، عەسر بگەڕێوە. بە خۆڕایی نییە کە لەکۆنەوە گوتوویانە" فەرمانبەری دەوڵەت وەکو بەندۆڵی سەعات وایە..."هەر بێ، هەر بڕۆ... هەر بڕۆ و هەر بێ..بەخودای سەعاتیش ناتوانێ سی و نۆ ساڵی خشت بێ وچان کار بکات...، ئاقیبەت لەکار دەوەستێ، بەشەریش شوێنی خۆی هەیە.

– زۆر چاكە "بابۆ" وای دابنێ كە ئیستاكێ حوكمی خانەنشینییەكەیان دایە دەستت.. چ كارێك دەكەی؟

"بابۆ" كە لە خەونی زێڕین دا بوو و دەتگوت تامی شیرینی ئەو كارانەی كە دەبێ بیكات، لە ئیستاوە دەچەشت، لەسەری ڕۆیی:–عەرزی بە حوزورتان بێ كە كار فرەیە.. گرنگ ئەوەیە كە بنیادەم بەخۆی ئەهلی كار بێ. لە خوا بەزیاد بێ ماڵێكم هەیە كە باخچەكەی خراپ نییە، تا رادەیەك گەورەیەو خاكەكەشی باشە.. بەیانی زوو، بەر لە هەتاو كەوتن كە قۆڵت لێ هەڵماڵی و چوویە باخچەكەوە.. ئەو هەوا فێنكە سەحەرییە كە لێی دایت دەبوژێیتەوە.. پێشینان گوتویانە كە" كار كردن لەسەر خاك بنیادەم گەنج دەكاتەوە."گوڵكاری ،زەرعات، باخەوانی، بەڵێ ئاغا.. هەموو ئەمانە كارن. دوو سێ گۆلە تەماتە دەچێنم، یەك دوو گۆلە خەیارو گەنمە شامی، لە لایەك لۆبیا، لە لایەك پاقلە..، سەرم لە گوڵكاریش دەردەچێت، لە یەك دوو شوێنی باغچەكەم گوڵ بەرهەم دێنم... بە تەمام لەبەر ژووری میوانیش حەوزێكی بچووك دروست بكەم، هەڵبەتە بە فوارە.. بەندە لە گەنجیمدا حەزم لە ماسی بوو، ماسییە سورە. هەركاتێ لەم كارانە بێتاقەت بووم ئاشپەزی دەكەم...زۆریش حەزم لە دارتاشییە، شارەزاشم.. بەتەمام هەموو مێزو كورسییەكانی ماڵەوە تازە بكەمەوە..، بە سەلیقەی خۆم..،گرنگ ئەمەیە كە ئەم دوانزە رۆژە تەواو بێ.. ئەم دوانزە رۆژە كە هەر رۆژێكی! حوكمی یەك ساڵی هەیە...

رۆژی دوایی "بابۆ" وەكو هەمیشە لەوەختی خۆیدا وەژوور كەوت و پاش سەلام و رۆژباش لە فەرمانبەرەكان، لە پشت مێزەكەیەوە دانیشت. :– ئێ..بە ئومێدی خوا چیوای نەماوە.. یازدە رۆژی دی.. كارەحیم.. بزانە برادەران حەزیان لە چییە؟

بابۆ بە خۆشحاڵییەكی منالانەوە، رۆژو سەعات و تەنانەت دەقیقەو سانییە ماوەكانی حەساو دەكردو ئەوسا، ئەو ماوەیەی كە بەخەو دەرۆیی لێ دەردەكرد، وباقی رۆژەكانی كەرەتی هەشت دانە سەعاتی كاری رۆژانە دەكرد:– شەست و پێنج سەعات و پەنجاو دو دەقیقەو چواردە سانییە پتر نەماوە..، تا ئەمانەشم گوتووە سێ سانییەی دی رۆیشتووە..، كەواتە یازدە سانییە.. ئیشەڵلا نوخشەبێ لە هەموو برادەران.

رۆژی دوایی هات، ئەو رۆژە "بابۆ"ژوور بە ژووری هەموو دایەرەكە گەڕاو خوا حافیزی و گەردن ئازایی لە هەمووان كرد، باسی كارو بەرنامەكانی ئایندەی خۆی كرد..و لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لە هەر ژوورێك هێڤی ئەم رۆژە خۆشەی بۆ هەمووان خواست:–ئێ دەستی راستم بە ژێر سەری برادەران (واتە نوخشە بێ لە برادەران...وەرگێڕ)ئیشەڵلا بەخۆشی و شادی نۆرەی برادەرانیش دێت.

رۆژی دووشەممە عەسرەكەی هەموو فەرمانبەرانی دایەرە، لەسەرۆك ویاریدەدەرەوە تا پێشخزمەتان بەرێیان كرد. "بابۆ" كاتێ لە قالدرمە مەرمەرییەكانی هۆڵی دایەرەكەوە دادەبەزی وەكو ئەستێرەی فیلمێك كە لەسەر پەیژەی فڕۆكەوە، سڵاو بۆ بەرێكەرانی بكات– دەستی بۆ ئەو دۆستانە هەڵبڕی كە بەرێیان دەكردو دیسان بۆ دواجار تەمەنای ئەم رۆژە خۆشەی بۆ هەموو دۆستەكانی كرد:–ئیشەڵلا نۆرەی ئێوەش دێت... ئیشەڵلا بەخۆشی و شادی..

"بابۆ"ی فەرمانبەری سی و نۆ ساڵەی دەوڵەت خانەنشین بوو،و یەکەمین شەوی رۆژگاری خانەنشینی بەخەونی شیرینی نەخشەو بەرنامەکانییەوە رۆژ کردەوە.. خەونی بینی کە: لە بەشێکی باخچەکەدا، لە کەناری لانەو قەفەزو رەفەکاندا وەستاوە، مریشك و کەڵەشێران جیا دەکاتەوەو دەیان کات بە دەستەی جیاوازو هەر دەستەیەکیان دەکاتە کولانەی تایبەتی خۆیانەوە:"بابۆ حەزی لێبوو کە بەیانیان بە بانگی کەڵەباب لە خەو ڕابێ...وکاتێ بێداربووەوە چیوای بۆ خوێندنی کەڵەبابی بەیانی نەمابوو. هەستی کرد بیست ساڵ، بیست و پێنج ساڵ و تەنانەت سی ساڵ گەنجتر بووەتەوە. هەرکە پێی نایە ناو باخچەکە باوێشکێکی دا، پشتی ترق-ترق تەقی. بەڵێ گاڵتە نییە..،سی ونۆ ساڵ باری خزمەتکاری دەوڵەت بەشان کێشان پشتی بنیادەم دەچەمێنێ.. پشتی بنیادەم قەموور دەکات...،جارێ دەبووا بچێ بە سۆراغی مریشك و کەڵەبابانەوە یا بە سۆراغی بێڵ و قوڵینگەوە؟ نە!...دەبێ هەوەڵجار بچێ بەسەروەختی باخچەکەوە.ژنەکەی بانگ کرد. ژنەکەی لە دەنگی ئەو رابوو، بەبی مەیلی وەڵامی دایەوە:- چ خەبەرە... مەگە شێت بووی خوا نەکەران...هێشتا نیوە شەوە...

- هەستە ژنەکە..، هەستە ئەو قوڵینگەم بۆ بدۆزەوە، بزانە ئەو خرماشەیەش لە کوێیە.
- ئاخر پیاوەکە..، مەگەر ئەقڵت لە دەست داوە، پەنا بەخوا وەکو دەست لێوەشاوان....هێشتا خێرو شەڕ بەش نەکراوە هەستاوەو لە ناوەراستی باخچەکەدا چە قیوە...

"بابۆ" بە تۆبزی پیرەژنی لەناو جێگەکە هێنایە دەرێ. بەهەر زەحمەتێك بوو قوڵینگەکەیان دۆزییەوە بەڵام خرماشەکە و پاچ پەیدا نەبوو. بۆ دۆزینەوەی خرماشەو پاچ دەبوایە کوڕە گەورەکەی بێدار بکاتەوە.. لەم دەنگە دەنگە هەموو بچووکەکان بێدار بوونەوە.

"بابۆ" قۆڵی لێ هەڵماڵی و تا کاتی تێشت دوو سەعاتێ خەریکی باخچەکە بوو..، دوای تێشت دووبارە دەستی دایەوە قوڵینگەکە.. قوڵینگی تاینش کەم قورس نەبوو... ئەندازەی ئەو خاکەی کە تا نیوەڕۆ بێڵتەپی کردبوو،گرت:د رێژییەکەی شەش مەترو پانییەکەیشی تۆزێ لە د وو مەتر زیاتر بوو. دوای نیوەڕۆ ، بۆ ئەوەی هەتاو لەسەری نەدا، کلاوێکی حەسیری لەسەرنا، بەڵام فایدەیەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە باسکەکانی هێزی بەیانیان نەبوو. ئەو خاکەی کە بێڵ تەپی کردبوو، بەخرماشە پاك کردەوە. ئەو شەتڵە تەماتانەی کەپێشتر ئامادەی کردبوون، ناشت.. دوو گۆڵ لۆبیاو گەنمە شامی رووان.

شەو لەسەر شێو، پێڵوەکانی هەڵنەدەهات... و نەیتوانی بەباشی شێو بخوات، دەیگوت:- دەبینن...،خاککاری چ چالاکییەك بە بنیادەم دەدا... هەمووو شەوێ تا دەخەوتم دەبوایە سەد کەڕەت ئەمدیوو وئەو دیو بکەم، لێ ئەمشەو! مەستی خەوم..،هەر سەر بنەمە سەرسەرین خەوم لێکەوتووە..

کاتێ بابۆ هەستاو بۆ ژووری نووستنەکەی رۆیی، ئەوانەی لەسەر سفرەکە دانیشتبوون کەوتنە پێکەنین. رۆژی دوایی کە خەبەری بووەوە نەیتوانی لە جێی خۆی هەستێ، لەگەڵ بچووکترین جوڵەدا کەمەری بە جۆرێ دەیەشا کە زاتی نەدەکرد لە جێگەدا دانیشێت، ئازاری کوترانەوە،

باسك و شانەكانیشی لەكار خستبوو،و دەستی بە" ئای كەمەرم، وای پشتم" كردبوو، كەلەپڕ بێدەنگ بوو، چونكە ئەگەر ناڵەكان گوێیان لە ناڵە ناڵی بوایە دەهاتن ودەستیان دەگرت، ئازای بەدەنی بوو بوو بەبەرد، بەڵام دەبوایە بەهەرشێوەیەك بووە ئابڕوی خۆی بپاراستایە، لەتەختە خەوەكە هاتە خوارێ و وەختێ پانتۆڵەكەی لەبەركرد لە تاو ئازار وەكو مار پێچی دەخوارد، دوای تۆزێك خەڵكی ماڵەكە لە دەنگی بەربوونەوەو غلبونەوەی شتێك بەسەر قاڵد رمەكاندا لە خەو راپەڕین، بابۆ كە لەتاو گیان كوتران و ئازاری ئێسقانەكانی بەزەحمەت رێی دەكرد، لەسەری قاڵدرمەكانەوە كەوت و تا خوارەوە غل بوو بووەوە، ژنەكەی، كوڕەكەی، بووكەكەی ونەوەكانی لە دیار سەری خڕبوونەوە، بابۆ لە رارەوەكەدا درێژاو درێژ لەسەر عاردەكەدا كەوتبوو و هەوڵیدەدا بە دەنگێكی ئاسایی مەسەلەكە بێبایەخ بنوێنێ... دەیگوت:- چ خێرە وا لێرە كۆبوونە تەوە؟ هیچ نەبووە... سوكێ كەوتم!

چ سوكە كەوتنێك! لە تۆ وایە هەستانەوی نابێ، یەك تەختە بە عاردی رارەوەكەوە چەسپی بوو... كورەكەی لە باوەشی كرد كە بۆ ژوورەكەی بباتەوە، لێ بابۆ دەس بەردار نەبوو، دەیگوت:- ئەوە چیتانە؟... هیچ نەبووە!..

وهەوڵیدەدا خۆی بگەیەنێتە باخچەكە... دوا مۆرەغەی بڕبڕەی پشتی، بەجۆرێ بەر تیژی گۆشەی پلە بەردینەكەدا كەوتبوو كە هەر هەنگاوێكی دەنا، هەموو بەدەنی لە ئازارا دەلەرزی...، بەڵام نەدەبوو دەری ببڕێ و بەهەر زەحمەتێك بوو خۆی گەیاندە باخچەكە. نەك هەر باسكەكانی، بێگومان قامكەكانیشی نەدەجولاَن، شانەكانی، پشتی، كەمەری، رانەكانی و لاقەكانی..ئازای بەدەنی بە رادەیەك دەیەشا دەتگوت لە هاوەندا كوتراوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەستی بە كار كرد. دوای چاندنی شەتڵێك ویستی هەستێ،نەیتوانی، وهەر زات وتوانای ئەم كارەی نەبوو. لە خۆی توڕە بوو:- تف.. تف.. تۆش بنیادەمی؟...وناڵەیەكی كرد:-ئاخ...ئاخ مەچەكم.. ئاخ كەمەرم.. ئاخ سەری شانەكانم..

وئەوجا بۆ پاراستنی ئابڕو، وا خۆی نواند كە كار دەكات و پاچ و هەڕەو پاكەتی مێخی لە ژنەكەی داوا كرد. ژنەكەی هاواری بەسەردا كرد كە:- مردم... مردم لە دەست هەڕەو تەشوێی تۆ... ئاخر چ سەگبابێك تۆی خانەنشین كرد... بەیانی دەرۆییشتی و عەسر دەگەڕایتەوەو لە دەستت رەحەت بووین،پەنا بەخوا دوو رۆژە لە ماڵەوەیە هەموومانی گیان بەسەر كردووە...

وكوڕەكەشی لەوەی كە ئارامی و شیرازەی ماڵەكە شێوا بوو، زۆر پەست بوو....

دە دانە رۆژ خۆی گەیاندە باخچەكە.. هەڵبەتە هیچ كارێكی نەدەكرد، تەنیا وای نیشاندەدا كە كار دەكات...

هەفتەی دووەمی خانەنشینییەكەی بوو، بەیانی زوو هەموو خێزانەكە، لە دەنگی ناڵەو هاواری "بابۆ" لەخەو ڕابوون:- ئاااخ...،پەنجەم....

هەموو ڕژانە ناو باخچەكە، بابۆ دوولا نوشتابووەوەو وەكو ماری بریندار پێچی دەخوارد.:- چی بووە؟

-هیچ..

"بابۆ" لە جیاتی ئەوە چەکوشەکە لە بزمارەکە بدات، دابووی بە کەڵەموستی خۆیدا. نینۆکی رەش بوو بووەوە، هەتوانیان لێناو بەستیان.. کە قامکی ئەویان تیمار دەکرد "بابۆ" دڵی ئەوانی دەدایەوە:- هیچ نەبووە.. ئاخ.. چ نییە.. ئاخ..

زۆری نەبرد کە شوێنی ساغ بە سەراپای بابۆوە نەما،وەکو کەسێك لە بوومەلەرزەدا، لە ژێر دارو پەردوودا دەرهێنرابێتەوە، هەموو لەشی داپلۆسرابوو و بریندار بوو..بەلاّم بەم حاڵەشەوە ژمارەیەك مریشکی هێلکەکەری- لە جۆری جیاواز- کڕی و هەندێ شتی لە باخچەکەدا رووان، تا رۆژێك ئیتر نەیتوانی لە جێگە بێتە دەرێ. رۆژی پێشوو ئارەقەی کردبووەوەو سەرمای بوو بوو.. تاو لەرز.. کۆکەش لەولاوە گاڵەی پێدەکرد.. دەواو دکتۆرو شرینقە..و بە هەموو ئەمانەشەوە تا یەك مانگ "بابۆ" بەهۆش نەهاتەوە. دوای مانگێك چاوەکانی هەڵێنان و دوای ئەوەش تا مانگێکی دیکە لە جێگەدا کەوتبوو.. سەرەنجام هەستا.

لەم ماوەیەدا نینۆکەکەی کەڵەموستی کە رەش بوو بووەوە، کەوت و نینۆکێکی تازەی دەردێنایەوە، بەلاّم ئازاری دوامۆرەغەی برِبڕەی پشتی هەر بەردەوام بوو...، سەری شانەکانی، باسکەکانی و لاقەکانیشی هێشتا هەر دەیەشان. کوڕەکەی چوونە باخچەی بە تەواوەتی لێ قەدەغە کردبوو.."بابۆ"ش هەستی کردبوو کە وەزعەکان زۆر گۆڕاون و لە ماڵەوە هیچ حەساوێکی بۆ ناکەن..،هەڵبەتە "بابۆ" وایدەنواند کە زۆر لەم قەدەغەکردنە تورەیە، بەلاّم ئەگەر لە ناخی دڵیت دەپرسی، رەنگە پێی ناخۆش نەبووبێ. بەلاّم خۆکار قاتی نەبوو باخەوانی نا دارتاشی. بەلاّم ئەوەش بێ ئاکام بوو. کە دەستی بەکار دەکرد یا هەڕەکەی لێ وون دەبوو، یا بزماری لێ وون دەبوو، بە دوای شتە گوم بووەکانا هەموو ماڵەکەی پێکدا دەداو هەموو خێزانەکەش بە دوای شتە گومبووەکانا تێك دەڕژان و بەزمێك دروست دەبوو هەر تەمەشای بکەی.. لە لایەکی تریشەوە ئەو کەلو پەلانەی کە گوایە دەیویست نۆژەنیان بکاتەوە، خراپ کردبوو و لە کەڵکی خستبوون و ئاقیبەتش رۆژێك هات کە لەپی دەستی خۆی لە جیاتی تەختە مشار کردو لە خوێنی خۆیدا گەوزا... لە دوای ئەوە دارتاشیشی لێ قەدەغە کرا.. بەلاّم خۆمژولکرن قاتی نەبوو.. ئاشپەزییش یەکێك بوو لە ئارەزووەکانی ئەو. لێ لەو رۆژەوە کە پێی "بابۆ" بۆ ئاشخانەکە کرایەوە ئیسراحەت و ئارامی لە ماڵەکە رۆیی: رێك لەو رۆژەوە کە پێی دەنایە ئاشخانەکە، تا یەك هەفتە لەوەدوا، دەبوایە لە چوار نکالی ماڵەکەدا قاپ و سێ پاو مەنجەڵو پێداویستییەکانی ئاشخانەکە بدۆزنەوە. ژنەکەی بێتاقەت بوو بوو وناڵەو تووکی نەدەبڕایەوە. دەیگوت:-لەو رۆژەوە کە تۆ بە ناخێرت خانەنشین بووی، ئاوی خۆش بە گەرووی کەسدا ناچێتە خوارێ...، خێرو بەرەکەت لە ماڵەکە رۆییوە...بووکەکەشی کەوتبووە بۆڵە بۆڵ، دەیگوت:- ئاخر "بابۆ" پیاو چیداوە لە ئاشپەزی؟

...ورۆژێکیش بیری چوو بوو شێرەی غازەکە بگرێتەوە، وەختێ چووبوون بەسەرا بابۆ لەسەر گازی پشت لە ئاشخانەکەدا بێهۆش کەوتبوو.. سێ رۆژی پێ چوو تا دووبارە کەوتەوە رێ و لەو رۆژەوە کە مەنجەڵێك ئاوی گەرمی بەسەر خۆیدا قلّپ کردەوە، ئاشپەزیشی بە تەواوەتی لێ قەدەغە کرا. لێ بابۆ دەسبەردار نەبوو، دەیگوت:- باشە چی بکەم؟

کوڕەکەی گوتی:- ئەو کارانە بکە کە خانەنشینانی دیکە دەیکەن..، هەستە بڕۆ بۆ چاخانە...شتێ بخۆو تاوڵە بکە..، ڕۆژنامە بخوێنەوە...

وادیار بوو چ چارەیەکی دی نەبوو.. هەموو ئەو شتانەی لە باخچەکەدا ڕواندبوونی وشک بوونەوە. مریشك و کەڵەشێرەکان نەخۆش کەوتن و بڕێکیان مردار بوونەوە.

ڕۆژی دوایی "بابۆ" هەیکەلی بێ توانای خۆی بۆچاخانەی سەرکۆڵانەکە بکێش کرد. هەندێ دۆستی پەیدا کرد. وەکو ئەوان دەستی بە قسان دەربارەی سیاسەت و کاروباری وڵات کرد.. سەبارەت بە ئایندەی وڵات گەشبین نەبوو، لە بێ توانایی بەرپرسانی کاروبارانیش پڕبوو..، چەند ڕۆژێکیش بەمجۆرە بوری، بەڵام ئەم کارەش نەیتوانی "بابۆ" ببەستێتەوە..،لە شەترەنج و تاوڵەش زوو تێر بوو. "بابۆ" دڵتەنگ بوو. وەك ئەوەی لە دنیا و ژیان تۆرابێ، خزییە کونجی ژوورەکەیەوە. لە بەیانییەوە تا شەوێ ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، لەگەڵ کەسدا قسەی نەدەکرد و لەژوورەکەی نەدەچووە دەرێ. یادی ئەو ڕۆژانەی کە دەچووە دایەرەو خۆی لە خۆیدا بێ و بڕۆیەکی هەبوو، بەخێر...کوا ئەو ڕۆژانەی کە فەرمانبەرانی ژێر دەستی خۆی ئامۆژگاری یان سەرزەنشت دەکرد؟.. کوا ئەو ڕۆژانەی کە ئەگەر پەست بووایە تانە تەشەری لە خزمەتگوزارانی دایەرە دەدا؟ ئەگەر موراجیعێك هەڵەیەکی ڕێنووسی یا داڕشتنی لە نامەیەکی کارگێڕیدا هەبووایە سەرزەنشتی دەکرد..، بەراستی ژیانێکی چەند خۆش بوو.. یادی بەخێر.

"بابۆ" بەمجۆرە بیری دەکردەوە، بەڵام زاتی نەدەکرد ئیعتراف بۆ خۆیی بکات. لەبەر خۆیەوە تێفکری کە:- زۆر خراپ بوو!..ئەم هەموو وەختە سەرێکم لە دۆستانی دایەرەم نە دا..،خوایاربێ سبەینێ زوو سەرێك دەدەم و هەواڵێکیان دەپرسم..، ئەمە شەرتی دۆستایەتی نییە..، هەموویان دەڵێن "بابۆ" ڕۆییشت و یادێکی برادەرانی نەکردەوە.

وەختێ بە قاڵدرمە مەڕمەڕییەکانی هۆڵی دایەرەدا دەچووە سەرێ، بەر لە هەمووان کارەحیمی بینی.

- سڵاو بابۆ، خێر هاتی..
- سڵاو کارەحیم ئەحواڵت چۆنە؟

کارەحیم خۆی گەیاندە ژوورەکە و بە شادییەوە مژدەی دانێ کە:- "بابۆ" تەشریفی هێناوە..، وا لە ڕاڕەوەکەدایە.

فەرمانبەرەکان بە خۆشحاڵییەوە چوونە پێشوازی و خێر هاتنیان کرد. ئاغای سامی و یەکێکی دی لە فەرمانبەرەکان دەستی " بابۆ:یان ماچ کردو بۆ ژوورەکەیان برد. "بابۆ" لە کەنار مێزە کۆنەکەی خۆی لەسەر کورسییەك دانیشت، گریان ئەوکی گرتبوو، چیوای نەمابوو لە هۆڕژنی گریان بدات. یاریدەدەرەکەی ئێستا پۆستەکە ئەوی وەرگرتبوو، شوێنەکەی ئاغای سامییش، فەرمانبەرێکی دیکە گرتبووی. "بابۆ" تەمەشایەکی مێزەکەی کرد، چاوانی پڕ بوون و بۆ ئەوەی ئەوانی دی هەستی پێنەکەن کۆکەیەکی کرد.

- ئێ بابۆ..هەواڵی تازەت؟
- دوعای خێرتان بۆ دەکەم، سوپاس بۆ خوا خراپ نیم..

کارەحیم خێرا قاوەی بۆ بابۆ هێنا.

- ئێ "بابۆ".. لە خانەنشینی رازیت ئیشەڵڵا؟

"بابۆ" دڵی گوشرا، بەڵام خۆی لە سالوزی دا.

- بەڵێ... ئیشەڵڵا بە نەسیبی هەمووتان بێ.
- ئێ "بابۆ" کاری مریشك بەخێوکردنەکەت گەییە کوێ؟
- زۆر باشە.. دەبێ رۆژێ تەشریف بێنن و بزانن..
- باشە "بابۆ" کاری باخەوانییەکە گەییە کوێ؟
- ئەویش عالە..، بووە بە باخچەیەك هەر سەیری بکەی..

بابۆ گوڕی بەستبووەوەو هەر هەڵیدەڕشت..،دەیویست دەربارەی دارتاشییەکە دەست پێبکات کە چاوی بە نینۆکی کەڵەموستی کەوت و ناولەپی کە مشاری کردبوو هێشتا هەر دەیەشا..

"بابۆ" سەعاتێك دانیشت، موراجیعەکان زۆر بوو بوون و فەرمانبەرەکان دەبوایە فریای کارەکان بکەون، بابۆ هەستا:

- ئێ... بەیارمەتی برادەران بەندە مەرەخەس دەبم..ونوخشە بێ لە هەمووتان.

برادەران تا بەردەرگا بە رێیان کرد و لە کاتی خواحافیزیدا گوتیان:- بابۆ لە بیرمان مەکە..، هەرکاتێ دەرفەتت بوو سەرێکمان لێبدە.

کاتێ بابۆ لە قاڵدرمە مەرمەرەکانی هۆڵەکەوە دادەگەڕا، وەکو ئەوەبوو کە لە شوێنێك هەڵبکەندرێ. نیوەی دڵی لەوێندەر بەجێ مابوو و بەزەحمەت خۆی گەیاندە دەرێ. ئەو رۆژە تا عەسر لەشە قامەکاندا سورایەوەو کاتێ بۆ ماڵ گەرایەوە هەستی کرد لە رۆژانی دی هێورتر و ئیسراحەت ترە. لەو رۆژەوە کە خانەنشین بوو بوو، هەستی بەم شادی و ئارامییە لە خۆیدا نەکردبوو. رۆژی دواتر هەمان سەرگەردانی رووی تێکردەوە، رۆژی دووەم و سێیەم نارەحەت ترو نارەحەتتر بوو. دەبووا چ بکات؟..بۆ کوێ بڕوات؟.. رۆژی چوارەم رێگەی دایەرەی گرتە بەر، نزیکی دەرگای دایەرەش کەوتەوە بەڵام نەچووە ژوورەوە. لەو دەورو بەرانەدا ماوەیەك سورایەوەو سەعاتێکیش لە کوچەو بازاڕدا گەڕاو بۆ ماڵ گەرایەوە. دەترسا درۆکەی ئاشکرا بێ. ئەگەر بیان زانیبا چیرۆکی باخەوانی و پەلەوەرداریيەکە هەمووی درۆیە چ دەبوو؟... حەیا چوونێکی لەمەش گەورە تر دەهاتە پێشێ.

رۆژی پێنجەمیشی بەزەحمەت قەتاند و رۆژی شەشەم دووبارە رێگەی دایەرەی گرتە بەر. ئەدی برادەران نەیان گوتبوو کە: "هەرکاتێ دەرفەتت بوو سەرێکمان لێدە..."

پێشوازی ئەمجارە، بەئەندازەی کەرەتی پێشوو گەرم نەبوو، بەڵام هیچ شتێك لە رێز حورمەتی کەم نەبوو بووەوە. باسی پەلەوەرداری ئەمجارە تا حەیوانداری رۆیی:-...ئاخیرییەکەی دوێنێ دوو سەر مەڕیشم کڕی..

موراجیعێك هاتە ژوورەوەو قسەکەی بابۆی بڕی. دەبوا دۆسییەکەی بدۆزنەوە، لێ هەرچەند دەگەڕان نەیان دەدۆزییەوە. بابۆ کە تا ئەو کاتە خۆی خواردبووەوەو قسەی نەکردبوو، خۆی

پێنەگیرا:-ئاغای سەفایی.. دۆسییەی ئەم برادەرە دەبێ لەو رەفەیەدا بێ...، چەکمەجەی سێیەم، دەستی راست.. ئا لەوێ لەناو دۆسییەکانی ریزی کاف دایە.. بە بەرواری سەرەتاکانی پاییز.

دۆسییەکە رێك لەو شوێنەدا بوو کە بابۆ دەست نیشانی کرد... ئەو رۆژە بابۆ کەمێك پتر لە چەلی پێشوو لە دایەرە مایەوە. لە کاتی دوعا خوازیشدا دۆستەکانی تا بەر دەرگا بەرێیانکرد... ئەسڵەن هاتنی برادەران تا هۆڵەکە، و لەکاتی د ەوامیشدا بەجێ نەبوو!...

لەو رۆژە بە دوواوە نارەحەتی بابۆ هەمدیس دووقات زیادی کرد، لە جێی خۆی تۆتکەی نەدەگرت. هەموو رۆژێ چەند جارێك تا دایەرە دەرۆی، وەك ئەوەی بۆ زیارەتی ئیمامزادە چووبێ ، تەوافێکی دایەرەی دەکرد و دەگەرایەوە، مەگەر هەر خوا بزانێ کە سێ رۆژی بە چ دژوارییەك قەتاند،و رۆژی چوارەم دووبارە قوت بووبووە. ئەمجارەش بە هەمان گەرمی جاران بە کۆمەڵە رستەیەکی کورت دەربارەی مریشکان و گوڵ و سەوزەکانی قسەی کرد و تەنانەت چیرۆکی شەڕی دوو دانە لە کەڵە شێرەکانیشی شەرح کرد.

ئاغای سامی، بەدوای نامەیەکدا خەریك بوو دۆسییەیەك هەڵبداتەوە. بابۆ هەڵیدایێ:- ئاغای سامی...قوربان ئەو نامەیە دەبێ لە بەشی دۆسییە نەجولاوەکاندا بێ. لە دۆلابی ""ب"" ریزی "جیم"...، ئەها.. لەوێ... چەکمەجەی یەکەم... بۆکس فایلەکەی ژێرەو..

ئەو نامەیەیان کە چەند رۆژ بوو بە دوویا گێژ بوو بوون، لە هەمان شوێندا کە بابۆ دەست نیشانی کرد دۆزییەوە. فەخری خانم مژوڵی تایپکردنی (نامە) نووسراوێك بوو. بابۆ چووە دیار سەری، نیگایەکی نامەکەی کرد و رووی گرژ کرد:- نە کچەکەم... ئەم نامەیە دەبێ لە متابەعەدا بنووسرێت، نەك بۆ لقی یەك، بەڵکو بۆ نووسینگەی لقی دووەم...

فەخری خانم نامەکەی گۆری و بە گوێرەی بۆچوونەکەی بابۆ سەر لە نوێ تایپی کردەوە. بابۆ ئەو رۆژە پتر لە دوو سەعات لە دایەرە مایەوەو سێ قاوەی خواردەوە. کاتێ کە دەرۆیی فەرمانبەرەکان لەسەر کورسییەکانیانەوە ئاخێزێکیان بۆ کرد و خوڵکیان کرد:-بابۆ هەر کاتێ دەرفەتت بوو سەرێکمان لێبدە..خوا حافیز...

رۆژی دوایی دیسان بابۆ پەیدا بووەوە. لە نیوەرۆدا هاتبوو و تا تەواو بوونی دەوام لەوێندەر مابوو. کە دایەرە داخرا لەگەڵ فەرمانبەرەکانی دیکەدا لە دایەرە وەدەرکەوت. برادەران لە ها تنی ئەو خۆشحاڵ بوون. چونکە کاری زۆری ئەنجام دابوو.

رۆژێکی دیکە، دوای نیوەرۆ دووبارە بۆ دایەرە هات. فەرمانبەرەکان بە دوای پێشینەی دۆسییە یەکدا دەگەڕان کە بەڕێوەبەری گشتی بە پەلە داوای کردبوو و لە بەیانییەوە هەموو شوێنێکی بۆ گەرابوون. بابۆ یەکسەر هەڵیدایێ:-بە خۆرایی ئەوێندەر مەگەرێن، پێشینەی ئەم دۆسییەیە لە نووسینگەی ئەرشیفە... لە نووسینگەی ئەرشیف، دۆلابی نمرە سێ دەستی راست. فایلبۆکسی نمرە(١٩٥١) لەسەری نووسراوە (١٩٥١ جیم) لەوێندەرە.

رۆییشتن و رێك بەوجۆرە بوو کە بابۆ ناونیشانەکەی دابوو.لەو رۆژە بەدواوە بابۆ هەموو رۆژێك پاش نیوەرۆ بۆ دایەرە دەهات و لە سوچێکدا رۆدەنیشت و لە نووسینی نامەێن ئیداری دا یارمەتی دۆستەکانی دەداو ئەگەر دۆسییەیەك یان نامەیەك پێویست بوایە یەکسەر دەیدۆزییەوە.

دۆستەکانیشی خوویان بەم وەزعەوە گرتبوو. لە کارەکانیاندا راویژیان پیدەکرد، ئەگەر شتیك پیویست بووایە لای ئەو سۆراغیان دەکرد. :–بابۆ ئاماری کۆتایی ساڵی ١٩٥٠ لە کام رەفەدایە...

....و لەوە دەچوو ئەگەر بابۆ نەبووایە کارەکان بەم ریك و پیکییە بەریوە نەدەچوون. بەرە بەرە بابۆ بەیانیانیش بە بەردەوامی لە دایەرە ئامادە دەبوو و وەکو جاران قاپلەمەی نیوەرۆژەکەشی لەگەڵ خۆدا دینا و جار جاریکیش ، باسی پەلەوەرداری و باخەوانییەکەی دەکردەوە... وزۆری نەبرد کە بابۆ کوپە گەورەشووشە رەنگاورەنگەکەشی بۆ دایەرە هینا. هەمان ئەو کوپە گەورەشووشەیەی کە گوڵ و چەپکە ستیرانی پیوە بوو. ...و لەو رۆژە بەدوواوە کارەحیم قاوەکەی بابۆی وەکو جاران لە کوپی تایبەتیدا بۆ دینا. سەرەنجام کار گەییە ئەوەی کە ئەگەر رۆژیك بابۆ نەهاتبا، کارەکان لەنگ دەبوون و هەمووان تاقیبیان دەکرد. تەنانەت هەندێ جار خودی ئاغای یاریدەدەری دایەرەش دەینارد بە شوینیا ولە هەندێ کاردا سوودی لە بۆچوونی ئەو وەردەگرت و یا ئەنجامدانی کاریکی بەو دەسپارد. بابۆ بە دەماغ بوو. بەپیچەوانەی ماڵەوە، لە دایەرە بۆ خۆی شتیك بوو.. لە یەکیك لەو رۆژانەدا کە بابۆ بۆ دایەرە نەهاتبوو، ئاغای سامی، کە ئیستا سەرۆکی دایەرەکە بوو، گوتی:– برادەرینە..،وادیارە هەموومان کەم وزۆر ئاگامان لە وەزع و حاڵی بابۆیە....

ئاغای سەفایی:–بەڵێ قوربان...ئاگادارین...،نە مریشك لە ئارادایە، نە هیلکە مریشکی دوو زەردینەو نە کەڵەشیر...

ئاغای سامی:– دروستە... بەڵام دەبێ ئەوەمان قەبوڵ بێ کە بابۆ زۆر بە کەڵکی ئیمە دیت...،کارەکانی تەواو سووك کردووین...دەمویست ئەگەر قاییل بن، پیشنیازی ئەوە بکەم کە دیارییەکی بۆ ئامادەبکەین...

هەموویان بە خۆشحاڵیەوە قاییل بوون و لە بەینی خۆیاندا بیست و هەشت لیرەیان کۆکردەوەو خستیانە بەردەستی وئاغای سامی. رۆژی دوایی ئاغای سامی ، لە دەلاڵخانەدا چاوی بە کورسییەکی کۆن بەڵام جوان کەوت..، کورسییەك کە زیاتر لە تەخت دەچوو تا کورسی: کەمیك گەورەترو بەرزتر لە کورسی ئاسایی، پایەکانی کەمیك چەماوەو زەخرەفەکاری کراو و شوینی دانیشتنەکەی و پشتەکەی و دەسکەکانی پەموودۆزی کرابوو و بەریکی مەخمەلی سوری هەبوو. ئەم کورسییە لە پاڵ میزەکەی سەرۆك دا دانراو رۆژی دوایی، کاتێ بابۆ وەژوورکەوت، ئاغای سامی ئەو دیارییەی کە برادەران بۆیان ئامادە کردبوو، پیشکەش کرد:– فەرموو بابۆ ئەمە شوینی تۆیە، بەندە لە لایەن برادەرانەوە راسپیردراوم کە تکات لیبکەم هەموو رۆژێ تەشریف بینی... بوونی تۆ بۆ ئیمە دەسکەوتیکی رەیە...

بابۆ لەسەر کورسییەکە دانیشت و بۆ دەقیقەیەك نە جوڵاو نە قسەی کرد. دوو زەرفی بەدەستەوە بوو یەکیکیان پربوو لە خەیارو ئەوی تریان برێ هیلکە مریشکی ...،

بابۆ هاتە قسە:- برادەران، ئەم خەیارانە خۆم بەدەستی خۆم بەیانی لە باخچەکەم چنی..، تازە تازەیە..، هێشتا گوڵەکانیان نەوەریوە... ئەم هێلکانەش کە هیچ نییە هی ئەم بەیانییەیە بەخۆم لە ژێر مریشکەکان دەرم هێناوە.

هەموو قاقا پێدەکەنین..،بابۆش پێدەکەنی و چەند زەنگوڵە ئارەقەیەك کەوتە سەرگۆنای. هەموو وایانزانی کە فرمێسکی پێکەنین بوو. بابۆ کارەحیمی گاز کرد:- کارەحیم..بێزەحمەت پێنج قاوە.. بپرسە بزانە فەخری خانمش حەزی لە چییە.

- بەسەر چاو بابۆ.

کاتێ کارەحیم بە سینییە قاوەوە وەژوورکەوت، بابۆ رووی گرژ کردبوو و قسەی لەگەڵ ئاغای سەفایی دەکرد:- نە قوربان ئەو نامەیە دەبێ بخرێتە دۆسییەی تایبەت بەخۆیەوە.. دۆسییەی ریزی (کاف) چەند جارم گوت؟

ئاغای سەفایی:- بەسەر چاو بابۆ.

....بابۆ مژێکی لە جگەرەکەی داو فڕێکی لە قاوەکەی خواردەوە.

---

سەرچـــــــــــاوە:

بـــــــــــرەای کــــــــــــه گرگــــــــ شـــــــد

از: عزیز نســــــــــــــــــــــین

ترجمە: تمیــــــــــــــــــــن باغچەبان

چاپ دوم: ١٣٦١

---

# ئەو پاشایەی قەلەڕەش هەڵیدەبژێرن

چیرۆکی: عەزیز نەسین                                         و: حەمەکەریم عارف

هەبوو نەبوو لە رۆژگاری کۆندا، لە ولاتێك لە ولاتاندا، هەژارو بێنەوایەك دەبێ کە نانی شەوی نابێ ، کە تیتۆڵێکی لەبەرکردنی نابێت، بەلام دڵرەش نابێت.. هەموو ئاواتێکی ئەوە دەبێت کە چاکە لەگەڵ خەڵکیدا بکات و کارێکی وەها بکات خێر دەستیان بگرێت.. نیازی چاك دەبێت، بەلام نەیدەزانی چۆن چاکە بکات.. هەمیشە دەیگوت:- ئای ئەگەر دەستم دەرۆیی، ودەمتوانی چاکە لەگەڵ هەموو خەڵکیدا بکەم.

لێیان دەپرسی:- چۆن چاکە دەکەیت؟

- چاکە ئەمما چاکە. دروستی دەکەم.. با تاقە جارێك دەرفەتم بۆ هەڵکەوێت، ئەوسا خۆم دەزانم چۆن دروستی دەکەم.

ئەم کابرایە رۆژێك لەسەر چیایەك دەبێت ولە بن لێوانەوە دەڵێت: خودایە دەستم بدە بۆ خێری تیرەی بەشەر...لەو دەمەدا رێبوارێك لێی نزیك دەبێتەوەو گوێی لە قسەکەی دەبێت و پێی دەڵێت:- سلاوت لێ بێ کورەکەم.

کابرای چاکەخواز کە ئاوڕی دایەوە، پیرەمێردێکی بینی ردێنە چەرمووەکەی تا سەر ناوکی هاتبوو:- سلاو لەتۆ باوکە.

- ئەوە بۆچی خۆت دەدوێنی و لە خودا دەپاڕێیەوە؟

کابرا... بەهەموو توانایەکییەوە کەڵکەڵەی چاکەخوازییەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە.. کابرای ردێن چەرموو کەوتە ئامۆژگاری کردنی:- زۆر کەس ویستویانە وەکو تۆ چاکە بکەن بەرانبەر بە تیرەی بەشەر. ئەگەر بتزانیبا چۆن چاکە دروست دەکرێت، بەمجۆرە ئاواتت پێنەدەخواست.. چاکە کردن لەگەڵ خەڵکیدا لە خراپە قورسترە، لەوەتەی دنیا دنیایە خەڵکانێکی زۆر کەم توانیویانە چاکە بکەن.

لێ کابرا گوێی نەدایێ و گوتی:- من وەکو خەڵکی دی نیم. ئەگەر دەرفەتم بۆ رەخسابا، شەڕم لەسەر زەمین نەدەهێشت... نە برسییەکم دەهێشت نە تینوویەك. نە رووت و رەجاڵێك، نە ئاتاجێك، ئیدی قەرقەشەو کەرب و کین تەواو دەبوو و هەموو کاروبارێك دەهاتەوە تایمی خۆی.

ردێن چەرمووەکە گوتی:- سوری لەسەر ئارەزووەکەت ، بەلام نازانی چۆنی وەدی بێنیت... پێش تۆش زۆر کەس نەیان توانیوە چۆن ویستەکانیان بێننە دی.

گوتی:- جا لەم سەرزەمینە چ شتێك لە چاکەکردن ئاسانترە؟

ردێن چەرمووەکە گوتی:- جا مادامێکی کەڵکەڵەی چاکەت کەوتووەتە سەر، لێرە مەمێنە، رابە بەسەرانسەری ولاّتدا بگەڕێ تا رۆژێ دێ دەگەیە ئەو پایەیەی دەتەوێ.

کابرای خێرخواز تەنیا دوا وشەکانی کابرای ردێن چەرمووی ژنەفت و کەوتە رێ. دەشت و چۆڵەوانی بڕی، سەرانسەری ولاّت و ئاوەدانی دایە ژێر پێوەو رۆژگارو ساڵانی بەرێکرد، دە گەییە هەر شوێنێ باسی ئەو خولیایەی بۆ خەڵکی دەکرد، کە لە دڵیا کڵپەی دەسەند، بەمجۆرە بەدەم گەڕانێکی شەوو رۆژیی بێ وەستانەوە، لەدوورەوەو لە هەتەری چاودا شارێکی بە دی کرد، شەفەقی بەیان لە ئاسۆوە سەرەتاتکێی دەکرد... شار بە شورەی قایم دەورە درابوو. بۆ دەروازەی شار گەڕا... رووی لە ناو شار کرد. هەرکە وەنێو شار کەوت، سەری سوڕما، مەیدانی شار لە خەڵکیدا جمەی دەهات. ئەگەر من بڵێم دووسەد هەزار کەس دەبوو، تۆ بڵێ سێسەد هەزار... ئاپۆرایەکی وەها بوو نە سەری دیار بوو نە بنی. خۆی بە نێو ئاپۆراکەدا کرد، هەمووقسانیان دەکرد. کە گوێی بۆ هەڵخستن، سەیری کرد دەڵێن:- هاوولاّتیان من چاکەو خێری ئێوەم دەوێت. بەقەلەکان بڵێن با بمکەن بە پاشاتان.. دەبا قەلەرەشەکان بمکەن بە پاشا ئەوسا دەبینن چ خێرو فەڕێکتان پێشکەش دەکەم و روباران شەربەتی شیرینیان پێدا دەڕوات، بەردی شۆستەکان دەبن بەزێڕ.. کارێکی وەها دەکەم ئاسمان گولاّوی خۆشتان بەسەدا ببارێنێ.. خێرو خۆشی دنیا دەگرێتەوەو شادی لە دەرکەتان دەدات.. لە خواردنی پاقلاوەو کولیچە بە درێژایی رۆژانی خوا بێزار دەبن... لە ئیسراحەت و ئاسودەیی بێتاقەت دەبن.. گەلۆ بە قەلە رەشەکان بڵێن کە بمکەن بە پاشا..

کابرای رێبوار بەدەم گوێگرتنەوە لەو قسانە، روانییە تەنیشتی خۆی، لەپڕ چاوی بە کابرای ردێن درێژی ردێن چەرموو کەوت کە لە تەنیشتیەوە وەستاوە. گوتی:- سلاّوت لێ بێ بابە.

ردێن چەرمووەکە گوتی:- سلاّو لە تۆ کوڕەکەم.

کابرا لە ردێن چەرمووەکەی پرسی:- نازانم بۆ هەموویان هەمان قسە دەکەن و هاوار دەکەن؟

ردێن چەرمووەکە گوتی:- هەر یەکێکیان وادەزانێ کە هەر خۆی چاکەی پێدەکرێت، بەلاّم نازانێ چۆن چاکە بکات بۆیە..

- باشە ئەو خەڵکە بەردەوام بەو ئاوایە هاوار دەکەن؟
- نەخێر، هەڵبژاردن و هەڵبژاردن ئەمە دەکەن، جا لێرەدا ساڵی جارێك هەڵبژاردن دەکرێت... لەماوەی هەڵبژاردنەکەدا هەرکەسەو دەیەوێ خۆی هەڵبژێرێ...
- بۆچی..
- چونکە هەرکەسەو وادەزانێ تەنیا ئەو دەتوانێ چاکە بکات، هەمووانیش دەیانەوێ چاکە بکەن. کەسێك نییە بییەوێ خراپە بکات.
- باشە لێرە چ هەڵدەبژێرن؟...
- پاشایەك هەڵدەبژێرن.. ئم ولاّتە لە ولاّتانی دی ناچێت، لێرەدا دەسەلاّت وەکو ولاّتانی دی لە بابەوە بۆ کوڕ نامێنێتەوە... هەموو ساڵێك لە نێو گەلدا پاشایەکی تازە هەڵدەبژێردرێت، ئەگە بەڵێنی خۆی بردە سەرو زانی چاکە بۆ گەل بکات ئەوا بە

پاشایەتی دەمێنێتەوە...و ئەگەر چاکەی پێنەکرا ئەوا لە ساڵی ئایندەدا پاشایەکی دی هەڵدەبژێردرێت و تا ئێستاش کەس لە ساڵێك پتر لەسەر حوکم نەماوە.

- ئەدی بۆچی هاوار دەکەن ئەی قەلەرەشەکان.. ئەی قەلەرەشەکان؟...
- چونکە لەم وڵاتەدا قەلان پاشا هەڵدەبژێرن، بۆیە هاواریان بۆ دەبن.

ئەوجا دنیا تاریك بوو، قەلەڕەش وەکو هەور بەری ئاسمانی گرت و هەتاوی شاردەوە. لە کاتێکا قەلەرەشەکان بە قاغ قاغ بەسەر خەڵکەکەدا دەسوڕانەوە.. خەڵکەکەش هاواریان بۆ دەبردن و لێیان دەپارانەوە:- هۆ قەلانی دۆست ..من هەڵبژێرن.

قەلەرەشەکان لە هاوارو فڕینی خۆ بەردەوام بوون، ئەوجا قەلەرەشێکیان لێ تاکەوە کەوت و بەرەو خوارێ داکشا، کەوتە سوڕانەوە بەسەر سەری ئەو کابرایەی کە دەشت و چۆڵەوانیانی دابووە بن پێوە تا چاکە بکات.. ئەوجا قەلەرەشەکە هاواری کرد قاغ و ریقنەیەکی بەسەر سەری کابرای چاکەخوازدا کرد، و ئەوجا بەرەو بەرزی هەڵکشایەوە، خەڵکەکە روویان تێکرد:- سێیەکی پاشایەتییەکەت مسۆگەر کرد، سێیەکی پاشایەتییەکەت مسۆگەر کرد!

کابرا سەری لەو حاڵە سوڕما، لە کابرای ریشنی پرسی:- ئەمە چییە؟

ریشنە گوتی:- هەڵبژاردنی پاشا لێرە بەمجۆرەیە، ئەگەر قەلەرەش سێ جاران ریقنە بەسەر سەری هەرکەسێکدا بکات دەبێت بە پاشای وڵات، بۆیە ئێستا تۆ بووی بە سێیەکە پاشا. دەپاڕێیەوە کە قەلەرەشەکە جاری دووەمیش هەڵتبژێرێ.

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە قەلەکە سوڕایەوەو بۆ جاری دووەم بەسەر سەری کابرادا ریت. ئاپوراکە هاواریان کرد.. دوو سێیەکی پاشایەتیت مسۆگەر کرد!..

بۆ ئەوەی قەلەرەشەکە سێیەمین جاریش ریقنە بەسەر سەری هەمان کابرادا نەکات ئاپورای خەڵکەکە هەموو سەریان هێنایەوە یەك و کەوتنە پاڕانەوە لە قەلەکە:- گەلی قەلان... ئێرە گەلی قەلان ئێرە.

قەلەکە گوێی نەدانێ. بۆ جاری سێیەم سەری هەمان کابرای هەڵبژارد. ئیدی خەڵکەکە هاواریان کرد. ئەوا بووی بەپاشا. ئەوجا خستیانە سەر شان و بۆ کۆشکیان برد. کە کابرا بوو بە پاشا، چاکەی قەلانی لەبیر نەکرد. ئیدی دەستورێکی دەرکرد کە داهۆڵی ناو هەر هەموو کێڵگەو بێستانان لابرێن.. حوکم و سزای هەموو ئەوانەی دا کە بەردیان دەگرتە قەلان. هەر بەوەندەوە نەوەستا، ئەمری کرد کە هەموو ماڵێك رۆژی چنگێك دانەوێڵە بۆ قەلان رۆبکەن. گەل بەرەبەرە وەڕز بوو، بەڵام پاشا تەنیا قەلانی بەلاوە مەبەست و گرینگ بوو. بەو ئاوایە ساڵی یەکەم تێپەڕی و کاتی هەڵبژاردنی تازە هاتەوە. خەڵکی وڵات لە مەیدانی شاردا خڕبوونەوە. هەرکەسەو کەوتە پاڕانەوە لە قەلان کە هەڵیبژێرن. هەریەکێکیان دەیگوت: دەیەوێ چاکە بۆ هەموو خەڵکی بکات.

هەوری قەلان بەری ئاسمانی گرت. دنیا تاریك بوو. قاغە قاغی قەلان دنیای پڕکرد و دەنگی دایەوە. هەموو ساڵێك قەلێك لە قەلەکان پاشای هەڵدەبژارد، ئەمساڵ دە قەل بەسەر سەری پاشای کۆندا کەوتنە سوڕانەوەو لە پاداشتی چاکەی پاریدا سێ جاران بەسەر سەریدا ریتن.. کە هەمان کابرا بووەوە بە پاشا، چاکەی قەلەکانی لە بیر نەکرد، ئەمری بە خەڵکەکە کرد کە هەر

ماڵەو بیست قەل لە ماڵی خۆیدا بەخێو بکات... هێلانەی بۆ دابین کردن تا لە باو سەرما بیان پارێزێ.. قەلەکان بوژانەوەو قەڵەو بوون. هەر قەڵێك بە ئەندازەی قەلەموونێکی لێهات. زۆری نەبرد کاتی هەڵبژاردن هاتەوە، بێزاری گەل لە پاشا گەییە ئەوپەڕی، بەڵام بەچی دەچێت ئەمساڵ لە جیاتی دە ، سەد قەلی قەلەموون ئاسا، سێ جاران سەری پاشای کۆنیان هەڵبژارد. کابرا بۆ جاری سێیەم هەڵبژێردرایەوە، فەرمانێکی دەرکرد: نابێ یەك ئەسپێ بە قەلەکانەوە بێ. دەبێ بڕوانرێن و ئەسپێکانیان لێ بکرێنەوە. دەبێ پێیان بۆیە بکرێ و پاشەڵیان چەور بکرێت. قەلانی نازدارو تێرو پڕ بەقەد بەرخێکیان لێهات، هێندە زۆر بوون شار نەیدەگرتن. ئەوجا کاتی هەڵبژاردنێکی دیکە هات. ئەمجارەیان پێنج سەد قەل هاتن تا سوپاسگوزاری خۆیانی بۆ دەربڕن ودیسان سێ جاران سەریان هەڵبژارد. پاشاش پتر بایەخی پێدان، کار گەییە ئەوەی خەڵکی ناچار بوون ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن وپەنا بەرنە بەر چیاو چۆڵان. قەلەکان هێندە ئەستور بوون بەقەد مانگایەکیان لێهات. ئەوجا هەڵبژاردنێکی دیکە کرا، قەلانی مانگا ئاسا کەوتنە ئاسمان. هاواریان گوێی کەڕ دەکرد... جا بۆ ئەوەی چاکەی پاشا بدەنەوە هەر هەموویان هاتن تا سوپاسگوزاری خۆیان بەسەر سەریدا هەڵڕێژن. کە خەڵکەکە لە پاشای هەڵبژێردراو هاتنە بەرەوە تا بۆ کۆشکی هەڵگرن. چاویان بە گردێکی گەورەی ریقنە قەلان کەوت.. پاشا لە ژێریدا خنکا بوو و پلیشابووەوە، ئیدی خەڵکەکە سەر لەنوێ بە شادییەوە کەوتنە هاوار:

– گەلی قەلان، ئازیزان، دۆستان، من هەڵبژێرن.

گەلی قەلان، ئازیزان، دۆستان، من هەڵبژێرن.

---

سەرچـــــــــــاوە:

مختارات من القصه القصیره، ترجمه ودراسه: اکمل الدین احسان

تقدیم: الدکتور تروت عکاشه. الهیئه العامه للتالیف والنشر، ۱۹۷۰

---

لە ۲۰/۱۱/۲۰۰۷ لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بوومەوە

سلێمانی/ حەمەکەریم عارفــــــــــــــــ